# پاراستنی یەکپارچەیی موسڵ جێگەی یەکپارچەیی عێراقی گرتۆتەوە

لە١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ هەردوو توێژەر (مایکل ئیسکوریسی و پاتریك میلتۆن) توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (رێککەوتنی ئاشتی ویستڤالیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆچی ئەو بەرنامە کۆنە بۆ ئێستا دەشێت؟) وەك پرۆژەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوکردۆتەوەو لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، چۆن شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی هات و بڕایەوە، گرنگە سوود لەو ئەزموونە وەربگیرێت و بەهەمان شێوە شەڕ و ئاژاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێبهێندرێت، هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆژە پێشنیارکراوە ئەکادیمییە کە سەرنج لە کۆبوونەوەی لۆزان دەدرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئێستای سووریا، قسەکردن لەسەر پرۆسەی ئاگربەست و ئایندەی سووریا، کە تیایدا تورکیا و سعودیە و قەتەر بانگهێشت کراون و رووسیاش پێداگیری دەکات کە دەبێت عێراق و میسریش بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە بکرێن، ئەمە مانای ئەوەیە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی نێودەوڵەتی و لە هەمانکاتدا لەسەر ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە بوونەتە قسەوباسی رۆژو چیدیکە مانەوەی شەڕو ئاژاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕستی دواخستنی پێوە نەماوەو چەند ئەم پرسە دوابخرێت ئەوا ئاژاوەو کارەساتی دیکەی بەدوادا دێت و لق و پۆپی دیکەی لێ دەبێتەوە.

جیاوازیی نێوان پرۆژە نێودەوڵەتییەکان و ئەو پرۆژانەی لەناوەندەکانی فیکرو لێکۆڵینەوەوە دەخرێنەڕوو، ئەوەیە پرۆژە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە لەچوارچێوەی سنووره تەقلیدییەکانی سایکس پیکۆ جۆرێك لە داڕشتنەوەی سنووری ئیداریی ناو دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای جیاوازیی دیموگرافیای پێکهاتە جیاوازەکان رێکبخرێتەوە، بەڵام لەنێو پرۆژە ئەکادیمییەکاندا بە بۆچوونێکی کراوەتر و هەڵگرتنی تابو سیاسییەکان چارەسەری گونجاو و شیاو بۆ کێشەکان دیاری دەکرێت. هەر بۆ نموونە لە پرۆژەکەی فۆرین ئەفێرزدا کە داوای دووبارەکردنەوەی رێککەوتنی ئاشتی ویستڤالیا دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر بە راشکاوی ئێران و سعودیە وەك دوو جەمسەری شیعە و سوننە دیاریکراون و داوادەکەن لەهەر چارەسەرێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشان لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەبن بۆ ئەوەی بە راشکاوی رێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەی سەرەکیی شەڕو ئاژاوەی نێوان شیعەو سوننە بدۆزرێتەوە، کە هاوشێوەی شەڕی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتی سەدەی حەڤدەی ئەوروپایە.

لەناو ئەم تێڕوانینە گشتگیرەی لەسەر هەر دوو ئاستی ئەکادیمی و نێودەوڵەتی بۆ کۆی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت، دۆسێی کێشەکانی عێراق جۆرێك لە جیاکردنەوەی لە کێشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرتووە، ئەمەش لەو روانگەیەوە ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییەی پێدراوە، کە بارودۆخی سیاسیی عێراق لە چەند رەهەندێکەوە جۆرێك لە یەکلابوونەوەی بەخۆیەوە بینیوەو دەکرێت پرۆسەی نەشتەرگەری لاشەی عێراق بەراورد بە لاشەی دەوڵەتەکانی دیکە ئاسانتر بێت، ئەوەی وایکردووە دەستبردن بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق ئاسانتر بێت، وەك پسپۆڕان ئاماژەی پێدەکەن ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راستەوخۆ خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە عێراق، هەروەها بەفەرمی ئیدارەی ئەمریکی سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق دیاریکردووە، ئەمەش وایکردووە کەمتر عێراق ببێتە ململانێی نێوان هێزە گەورەکانی دیکە وەك ئەو ململانێیەی ئێستا لە نێوان ئەمریکا و رووسیا لە سووریا بوونی هەیە.

٢. مانەوەی حکومەتی بەغدا بەندە بە ئاستی هاریکاری و پشتگیریی راستەوخۆی واشنتۆنەوە، بۆیە حکومەتی بەغدا ئەگەر بەناچاریش بێت دەبێت پابەندی ئەو رێگەچارانە بێت کە واشنتۆن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەیخاتەڕوو.

٣. کێشەی سەرەکی و گرنگ لە عێراقدا کە کێشەی نێوان کوردستان و بەغدایە، بە ئەمری واقیع

چارەسەربووەو ئێستا هەولێرو بەغدا وەك دوو پایتەختی دراوسێ مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، ئەم شێوازی لێکجودابوونەوەیەی نێوان هەولێر و بەغدا کە ئەمریکا سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنێت، هەروەها واشنتۆن رازییە ئەو جوگرافیایەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دروستیان کردووە، ببێتە دیفاکتۆ بۆ مامەڵەی کوردستان لەگەڵ بەغدا، بۆتە بەرەنجامی ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان هەولێر و بەغدا کە دەیانەوێت رایەڵێکی ئابووری پێکەوە گرێیان بداتەوە.

کەواتە ئەوەی ئێستا لەعێراقدا وەك کێشەیەك بە چارەسەرنەکراوی مابێتەوە، چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی عەرەبی سوننەیە کە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ لە ژێردەستی داعش، دەبێت لەڕووی سیاسییەوە بیر لە چارەسەرێکی ریشەیی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی شێوازێکی تازەی رێکخستنەوەی عێراقدا ئارامی و سەقامگیری فەراهەم بێت و جارێکی دیکە داعشێکی دیکە دروست نەبێتەوە، ئەوا ئەم چارەسەرە پێویستی بە میکانیزمێکی تازەو لەوانەیە پێویستی بە نووسینەوەی دەستووریکی تازەش بۆ عێراقی دوای داعش هەبێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی جارێکی دیکە حوکمڕانیی عێراق بە تەنیا بۆ ئەقڵییەتی حوکمڕانیی عەرەبی شیعە، یان عەرەبی سوننە جێ نەهێڵێت، ئەو نوری مالیکی-یەی کە لە میانەی حوکمڕانیی تاکلایەنەی لەساڵانی ٢٠١١- ٢٠١٤ بووە هۆکاری ئەوەی لە جێگەی ئەلقاعیدەی لقی عێراق، رێکخراوی تیرۆریستی داعش دروست ببێتەوە، هەمان ئەو نوری مالیکی-یەیە کە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١١ توانی لەسایەی بوونی هێزەکانی ئەمریکادا رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق تێکبشکێنێت. ئەمریکا کاتێك لە کۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی کشاندەوە، رێژەی کارە تیرۆریستییەکانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٨ لە ٦٦٦ حاڵەتەوە لە مانگێکدا کەمکردبووەوە بۆ ٣٢ حاڵەت لەمانگێکدا لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١، بەڵام بە رۆیشتنی هێزەکانی ئەمریکا و نەبوونی ئەقڵییەتی حوکمڕانی لەلایەن مالیکییەوە ئەم رێژەیە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ گەیشتەوە بۆ ٢٩٧ حاڵەتی تیرۆریستی لە مانگێکدا، ئەوەشی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم ٢٩٧ کارە تیرۆریستییەی ساڵی ٢٠١٤ سێ تا چوار هێندەی ٦٦٦ کارە تیرۆریستییەکەی ٢٠٠٨ کاریگەری زیاتر بوو، لەبەر ئەوەی داعش داهێنانی لەکارە تیرۆریستییەکاندا کردبوو، هەر کارێکی تیرۆریستیی داعش چەندین هێندەی کارە تیرۆریستییەکانی قاعیدە ترسناکتر و کاریگەرتر بوون.

بۆ ئێستا کە هەموو هەوڵەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ و وەدەرنانی داعشە لە عێراقدا، پرسی دابەشکردنی عێراق وەك پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دابەشکردنە دیفاکتۆیەی لەسەر ئەرزی واقیعی عێراق بوونی هەیە، دەکرێت بڵێین یەکلایی بۆتەوەو هەموو لایەنەکان بەناوخۆیی و دەرەکییەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت ئەو دابەشکردنە بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا بۆتە جێگەی قسەوباسی عێراق و دەوڵەتانی دەرودراوسێ و تا رادەیەکیش دەوڵەتانی دیکە، قسەکردنە لەسەر ئەوەی چۆن یەکپارچەیی خاکی موسڵ (پارێزگای نەینەوا) بپارێزرێت و دەستکاری جوگرافیای ئەو پارێزگایە نەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لەدوای نەمانی داعش، بۆتە جەختکردنەوە لەوەی پشکی (هەرێم، یان دەوڵەتی سوننەی عەرەب لەناو عێراقدا) چەند دەبێت، بەڵام ئەم پرسەش لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە وەك جۆرێك لە تەحەددییەکانی دوای نەمانی داعش بۆ پێوەندی کوردستان لەگەڵ بەشەکەی عەرەبی سوننەی عێراق دەخوێندرێتەوەو لەلایەن بەغداوە وەك کارتی گوشار دژی کوردستان و بەشەکەی عەرەبی سوننە لە ئێستاوە بەکاردەهێندرێت، بەڵام سەرەنجام چۆن چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە رێککەوتنێکی ئاشتی هاوشێوەی ویستڤالیا هەیە، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بە هەمان شێوە کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەواش لەگەڵ کوردستان چارەسەر دەکرێت، بەڵام لەوانەیە بە هاوشێوەی رایەڵەی ئابووریی نێوان بەغداو هەولێر، رایەڵێکی ئابووریی بەهێز لە نێوان هەولێر و موسڵیشدا دروست بکرێت.



## بۆچی لە گرتنەوەی موسڵدا ململانێ هێندە توندە؟

# کوردستان چ دەکات؟



**سەرۆ قادر**

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

«سیاسەتی بارزانی سیاسەتێکی زۆر جددی و واقیعبینانەیە بە هێزێکی عەسکەریی زۆرەوە، بە تەواجودێکی سیاسی و عەسکەری لەسەر ئەرزەوە زۆر بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ هەموویان دەکات. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بارزانی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی و عەسکەری لە کوردستان رووبدات، لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بەهیچ شێوەیەك پێکهاتەی سوننە ستەمی لێ بکرێ، هەروەها بە چاوێکی ستراتیژییەوە دەڕوانێتە دابینکردنی سوننەکانی دوای داعش لە موسڵ و ئەنبار و تکریت، چ وەك هەرێمێك بن، یان دەوڵەتێك، لەگەڵ کوردستان دەبێ هەموو کات بەیەکەوە بن، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لێك نزیکن و دەتوانن دۆستایەتی یەکتری بکەن و دەشتوانن زەرەریش بەیەکتر بگەیەنن.

سەلامەتی و ئیستیقراری پێکهاتەی سوننە لە داهاتوودا، لە روانگەی بارزانی-یەوە بەشێکە لە قووڵایی پاراستنی ستراتیژیی کوردستان و خزمەتی سەلامەتیی کوردستان دەکات. هەروەها بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکەدا و بۆ پاراستنی کوردستان لە هەر هێرشێکی توندڕەوانە، یان سەربازی لە ناوچەکەدا گەر بکرێ.»



زیاتر لە ساڵێکە باس لە مشورخواردن بۆ گرتنەوەی موسڵ دەکرێ و هێزە عەسکەرییە گەورەکانی ناوچەکە بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن و شەرت و مەرج بۆ یەکتری دادەنێن.

جاری یەکەم ئەم باسە لە نێوان کوردستان و ئەمەریکا بوو کە لە یاداشتە سوپاییەکەی نێوان کوردستان و ئەمەریکادا، ئەم بابەتە بە روونی باس کرابوو.

دوای ئەوە لە پرۆسەی خۆ ئامادەکردن و دیقەتدان لە ژیۆپۆلەتیکی ناوچەکە واتە جوگرافیای عەسکەری و سیاسی ناوچەکە دەستی پێکرد. وردە وردە حکومەتی عێراقیش بەپێی ئەولەوییەتی کارەکان هاتە ناو بابەتەکە. عەبادی لەگەڵ ئەمەریکا و پاشان لەگەڵ بارزانی کەوتنە گفتوگۆ و چەندین دانیشتن و رێککەوتنی لەسەر کرا.

هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە کوردستان تێبینی خۆی هەیە، بارزانی بە ئاشکرا رایگەیاند کەوا گرتنەوەی موسڵ تەنیا گرتنەوەیەکی عەسکەری و رزگارکردنەوەی شارێك نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا، وەرچەرخانەکەش بەو ناوەیە کە یەك: داعش بەرەو کۆتایی دەڕوا، دووەم: چارەنووسی عێراق دیاربێ، هەروەها پێکهاتەکانی ناوچەکە پارێزراو بن، سوننەی عەرەب قەتڵوعام نەکرێ، ناوچە کوردییەکانیش دەبێ پێشمەرگە تێیاندا جێگیر بێ و کشانەوەی تێدا نییە و سەرەنجام دەبێ لە رێگای شیاوەوە بگەڕێنەوە سەر کوردستان.

لەسەر ئەم بەندانەی کوردستان نە لەلایەن ئەمەریکاوە و نە لەلایەن عێراقەوە هیچ تێبینییەکی ئەوتۆ نەبووە. لە پرۆسەکەدا وردە وردە ئێران هاتە ناو بابەتەکەو پاشان هەندێ لایەنی عێراقی و بەتایبەتی ئەوانەی کە لاباڵی حەشدی شەعبین، توندڕۆکانی کە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی و عەسایبی ئەهلی حەق دەکەن کە راستەوخۆ تەعبیر لە سەرکردایەتی مەزهەبی ئێران دەکەن، هاتنە ناو مەسەلەکە. وەك بینیمان لە ساڵی رابردوودا چەندین کێشە لەناو دەوڵەتی عێراق نرایەوە، پەرلەمانی عێراق کەوتە بەر پەلامار، وەزیرەکانی عەبادی کەوتنە بەر پەلامار و دەکردن، سەرەنجام خودی عەبادیش ئەگەر ئەمەریکا و کوردستان لە پشتی نەبان، دەردەکرا و دیار نەبوو عێراق لە نێوان دوو رێکار کامیانی دەگرتە بەر؛ حکومەتێکی بێ سەرۆك دەبوو، یان ئەوەتا جارێکی دی مالیکی، یان کەسێکی دیکەی لە شێوەی ئەو دەبوو بە سەرۆك وەزیری عێراق و لە راستیدا عێراقی دەکردە پاشکۆیەکی بێ چەندوچون لە سیاسەتی ئیقلیمیی ئێران.

ئێستا ئێران شەڕ لەسەر ئەوە دەکات کە عێراق بەگشتی بۆخۆی دابین بکات، مەبەستیەتی بیکات بە ئیمتدادی ستراتیژی عەسکەری و مەزهەبیی خۆی. بۆ ئەوەش بیر لە پاکتاوکردنی پێکهاتەی سوننی دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئێران بیر لەوە دەکاتەوە کە گوشار بۆ کوردستان و تورکیا، لەلایەکی دیکەوە بۆ سعودییە بێنێ کە دوای ئەوەی عێراق داگیردەکات، هەندێ مەرجی دیکەی ئێران هەن، ئەوانیش تەسلیمی ببن.

وەکو لە رۆژنامەی ئۆبزێرڤەر و هەندێ لە ناوەندی میدیایی دیکەی رۆژئاواییدا لە هەفتەی رابردوو، زۆر باس دەکرا، ئێران دەیەوێ جارێکی دیکە بیر لەو داڵانە کراوەیە بکات کە بە کوردستان و بە موسڵدا تێبپەڕێ و بە ئاسانی بگاتە ناو سووریا. وەك باسی دەکەن گەر ئێران بتوانێ ئەم رێگا راستەوخۆیە لە ناوخۆیەوە بۆ ناو سووریا دابین بکات، ئەوا زۆر بە ئاسانی ئەو لاسەنگییە عەسکەرییەی شەڕی سووریا و یەمەن و لەناو عێراقیش تووشی بووە، جارێکی دی بەخێرایی بەرزی دەکاتەوە، ئێرانێکی توندڕەو لە رووی عەسکەری و سیاسییەوە جارێکی دیکە لە لوبنان لە سووریا لە بەرانبەر سعودییە و لەناو عێراقیش لە بەرانبەر کورد و تورکیاش راست دەبێتەوە. بەم پێیە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و رۆژئاوا و ناوچەکە دەخاتە بەر گوشارێکی راستەوخۆ.

ئێران بۆ ئەمە حکومەتی عێراقی خستۆتە ژێر گوشار و لاباڵەکانی عێراقیش بەکاردێنێ. پەکەکە لەگەڵ ئێران پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە، ئێرانیش دەیەوێ پەکەکە بخاتە ناو ئەم بەرنامەیە. لە راستیدا نهێنیی پێوەندی نێوان پەکەکە و ئێران تەنیا بۆ ئەوەی ئێستایە. بەکارهێنانی پەیەدە لە کوردستانی رۆژئاوا و بوونیان لە شنگال دیسان پێوەندی بەم پرۆژەیەوە هەیە. ئێستا عێراقی ناچار کردووە پارەیەکی زۆر لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی بدات بە پەیەدە و پەکەکە. هەروەها

**موسڵ لە راستیدا دەرگای کۆتایی عێراقیش دەکاتەوە. دەبێ بزانین لەبەرئەوەیە لە مەسەلەی گرتنەوەی موسڵ ململانێکان هێندە توندن، ئەوەندە بەهێز هەموو لایەنەکان هاتوونەتە مەیدان و جاروبار هەڕەشە لە یەکتریش دەکەن**

**باس لە کۆتایی عێراق دەکرێ. عێراقێک کە ئەمە حاڵیەتی، کوردستان بە پێداگرییەوە لەگەڵی کەوتۆتە گفتوگۆ، هەروەها بارزانی لەگەڵ ئەمەریکاو دۆستەکان و هەموو دنیا باس لە سەربەخۆییەکی هێمنانە دەکات**

**ناوچەی پێکهاتەکان مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە مەسیحی وەک شەبەک و تورکمان و کاکەیی هەرچەند ئەوانە کوردیشن، بەڵام بە پەرش و بڵاوی لە ناوچەکە هەن، کە پێی دەگوترێ دەشتی نەینەوا، کوردستان خۆی پابەند دەزانێ بە پاراستنیان، بۆیە پێشمەرگە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئەم پێکهاتانە لەم ناوچانە جێگیر دەبن**

بوونی پەیەدە واتە پەکەکە، لە ناوچەی شنگال، بۆ ئەم پڕۆژەیەیە. ئێستا حکومەتی عێراق دەیەوێ لە گرتنەوەی موسڵیش بەشداریان بکات، بەم پێیە لەگەڵ شنگال راستەوخۆ یەکبگرنەوە. ئەم هەماهەنگییە کە نەوشیروان و عەلی باپیر و لاباڵی هێرۆ برایم ئەحمەد-یش لەگەڵ پەکەکە هەیانە، ئاسانکارییەکە زۆرتر دەکەن لە سلێمانییەوە، ئەمەش لە ستراتیژی عەسکەری و سیاسیی ئێراندا هەمووی بۆ هەندێیە ئەم هێزانە تێکهەڵکێش بکات و بیانکات بە بەردەباز و پاشەکشێ بە بارزانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بکات. ئینجا راستەوخۆ لەو شوێنەی کە دیاریدەکات بێتە ناو کردستان و لەوسەرەوە لێیدەرچێ و داخڵی سووریا بێت. بەم جۆرە و بە پێی ستراتیژی ئێران، کوردستان دەبێ بکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی و ئەمر و نەهی ئێران، ئەگەرنا ئەم رێگایە دابین ناکرێت. تورکیا و سعودیا دەزانن کە ئێستا زۆرانبازییەکە زۆر توند بووە و ئێران هەڵمەت دێنێ و لە رێگەی عێراقەوە هەوڵ دەدات گرفت بخاتە بەردەمی گرتنەوەی موسڵ. بۆ ئەوەی کاتێك موسڵ بگیرێتەوە کە ئێران و عێراق و پەکەکە و هەموو لایەنگرەکانی دیکەیان بەشداربووبن و هەرچی دەیانەوێت لە ناوچەکە بیکەن. دوای ئەوە بە ئەندازەیەك کوشت و کوشتاری لە ناوچەکەدا روو بدات کە ئیتر کەس نەوێرێ سەر بڵند بکات. بەم پێیە ئەوەی بەسەر هەندێ ناوچەی عەرەبی هێندرا لە جنوب و ناوەڕاستی عێراق، ئەوا بەسەر موسڵ و هەندێ ناوچەی کوردیش بهێندرێ، بۆ ئەوەی لە دواییدا ئەم دالانە عەسکەرییە سیاسییەی ئێرانی دروست ببێت کە لە راستیدا بۆ گەیاندنی پشتیوانی عەسکەریی خۆیەتی بۆ بەرەکانی شەڕ. کەواتە بایەخی موسڵ بۆ هەریەك لەو هێزانەی لە ناوچەکەدان تەعریفی خۆی هەیە.

ئەوەی کە پێوەندی بە عێراقەوە هەبێ، ئەگەر تابعی ئێران نەبێ، بەرژەوەندی لەوەدایە کە لەگەڵ کوردستان و ئەمەریکا هاوکاری بکات، موسڵ بگیرێتەوە و یارمەتی سوننەکان بدات. عەبادی وەك باس دەکات دەیەوێ بەم شێوەیە بکات. بەڵام کاتێك کە ئیرادەی عێراقییەکان لە دەستی خۆیاندا نییە، دەبینین کە کێشەکە بە لایەکی دیکەدا دەشکێتەوە.

کەواتە تورکیا و سعودییە کە هەست بەو ستراتیژییە عەسکەری و سیاسییەی ئێران دەکەن، هاتوون بە قوەتەوە داخڵی ناوچەکە بوون، داخڵ بوونی تورکیا بۆ ناو موسڵ بۆ پێشگرتنە لە ئێران، بۆ دروست نەکردنی ئەم دالانە، یان ئەم کریدۆرەیە کە ئێران دەیەوێ بە هاوکاری پەکەکە و حەشدی شەعبی دروستی بکات. هەم پەکەکە و هەمیش حەشدی شەعبی بۆ تورکیا دوژمنی بابەکوشتەن و سازشیان لەگەڵ ناکات.

سەبارەت بە سعودییە، هێزەکانی لایەنگری ئێرانی سوننی بن، یان شیعە بە دوژمن دادەندرێن. سعودییە زۆر لە خەمی پاراستنی پێکهاتەی سوننەدایە لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە موسڵ. دەیەوێ دوای داعش پێکهاتەی سوننە خۆی حاکم بێ، بۆ ئەوەش ئامادەن دۆستەکانی سوننەی عەرەب دابین بکەن. ئەم دۆستانەش کوردە لەگەڵ تورکیا و ئەمەریکا. کورد و تورك و ئەمەریکا ئەو پێشنیارەی سعودیەیان قبوڵ کردووە. بەرژەوەندیی مرۆیی و سەلامەتی ناوچەکەش لەوەدایە کە پێکهاتەی سوننی تۆڵەی لێ نەکرێتەوە و قەتڵوعام نەکرێ، بەڵکو ئەم تەجرەبە قورسەی کە بەسەریاندا هاتووە لێی رزگار بکرێن و حکومەتێکیان هەبێ، جا ئەو حکومەتە ناوخۆیی (محلی) بێ، یان سەربەخۆ بێ، ئەوا حکومەتێکی ئارام بێ و هێزەکانی میانڕۆ بەڕێوەی بەرن و هاوکاری کورد و ئەمەریکا و عێراق بکات.

ئەمەریکا لەم نێوانەدا هاوپەیمانێتییەکەی بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵ کوردو عێراقدایە. تا پێش ماوەیەك نێوانی لەگەڵ تورکیا زۆر خراپ بوو، پاشان کەمێك لێك نزیك بوونەوە، بۆیە لە دیدارەکانیاندا هەندێ هاوئاهەنگی هەبوو بۆ ئەوەی لە پرۆسەی لێدانی داعش و پاراستنی سەلامەتی ناوچەکەدا هاوکاری یەکتر بکەن. پێدەچێ گوتارە توندەکانی ئەردۆغان ئیستفزازی ئەمەریکاو هێزەکانی دیکە بکات، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بەرژەوەندییەکان نەگۆڕن و من پێموانییە ئەمەریکا لە کۆتاییدا زۆر بە جددی لە دژی تورکیا بوەستێ، چونکە لە دژی تورکیا وەستان، مانای سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئێرانی و سەرکەوتنی پێشنیارەکانیەتی لە ناوچەکەدا.

سیاسەتی بارزانی سیاسەتێکی زۆر جددی و واقیعبینانەیە بە هێزێکی عەسکەریی زۆرەوە، بە

**بەگرتنەوەی موسڵ کۆتایی داعش دەست پێدەکات، واتە گەر داعش لە موسڵ بڕوات، ئەوا لە هەموو عێراق رۆیشتووە. وەک ئەم چەند رۆژە لە زۆربەی رۆژنامەکان بینیمان و پێدەچێ دالانیان (کریدۆر_ممر)بۆ بکەنەوە تا هێزەکانی داعش بە ئاسانی پاشەکشە بکەن و موسڵ بە ئاسانی بگیرێتەوە و وێران نەکرێت**

**تورکیا وجوودی هەیە، بەشدارییەکەشی لە کۆتاییدا تەعریفێکی هەر بۆ دەدۆزرێتەوە. پێموایە رێگە بە پەکەکە و پەیەدە نادرێ، سەرەنجام ئەگەر ئەوانە زیاتر خۆیان تێهەڵقورتێنن لەوانەیە بەرەورووی پێشلێگرتنی عەسکەری ببنەوە**

**حیزبە توندڕەوەکانی سلێمانی ئەگەر گرەویان لەسەر ئەو بابەتە کردبێ، لە کۆتاییدا ئەوانیش دەستیان لە بنی هەمبانە دەردەچێ، چونکە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیەو خزمەتی ستراتیژی هاوپەیمانان لە ناوچەکە و خزمەتی کوردستانیش ناکات**

**بارزانی بە کردەوە ڕێگە نادات هیچ دالانێک بکرێتەوە کە بەسەر پێکهاتەی سوننەدا بڕوات. ئەم کێشەیە بەردەوامەو پێموایە لەکۆتایی و لەکاتی خۆیدا ئەو هێزانەی کە لەسەر ئەرزن دەست بە گرتنەوەی موسڵ دەکەن**

**ئێران دەیەوێ جارێکی دیکە بیر لەو دالانە کراوەیە بکاتەوە کە بە کوردستان و بە موسڵدا تێپەڕێ و بە ئاسانی بگاتە ناو سووریا**

**پێدەچێ گوتارە توندەکانی ئەردۆغان ئیستفزازی ئەمەریکاو هێزەکانی دیکە بکات، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بەرژەوەندییەکان نەگۆڕن و من پێموانییە ئەمەریکا لە کۆتاییدا زۆر بە جددی لە دژی تورکیا بوەستێ، چونکە لە دژی تورکیا وەستان، مانای سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئێرانی و سەرکەوتنی پێشنیارەکانیەتی لە ناوچەکەدا**

تەواجودێکی سیاسی و عەسکەری لەسەر ئەرزەوە زۆر بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ هەموویان دەکات. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بارزانی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی و عەسکەری لە کوردستان روو بدات، لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بەهیچ شێوەیەك پێکهاتەی سوننە ستەمی لێ بکرێ، هەروەها بە چاوێکی ستراتیژییەوە دەڕوانێتە دابینکردنی سوننەکانی دوای داعش لە موسڵ و ئەنبار و تکریت، چ وەك هەرێمێك بن، یان دەوڵەتێك، لەگەڵ کوردستان دەبێ هەموو کات بەیەکەوە بن، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لێك نزیکن و دەتوانن دۆستایەتی یەکتری بکەن و دەشتوانن زەرەریش بەیەکتر بگەیەنن.

سەلامەتی و ئیستیقراری پێکهاتەی سوننە لە داهاتوودا، لە ڕوانگەی بارزانی-یەوە بەشێکە لە قووڵایی پاراستنی ستراتیژی کوردستان و خزمەتی سەلامەتیی کوردستان دەکات. هەروەها بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکەدا و بۆ پاراستنی کوردستان لە هەر هێرشێکی توندڕەوانە، یان سەربازی لە ناوچەکەدا گەر بکرێ.

من پێموایە بارزانی بە کردەوە ڕێگە نادات هیچ دالانێك بکرێتەوە کە بەسەر پێکهاتەی سوننەدا بڕوات. ئەم کێشەیە بەردەوامەو پێموایە لە کۆتایی و لە کاتی خۆیدا ئەو هێزانەی کە لەسەر ئەرزن دەست بە گرتنەوەی موسڵ دەکەن، ئەم هێزانەش کە ئەمەریکاو کوردو بەشێك لە سوپای عێراق و لەوانەیە بەشێك لە حەشدی شەعبی کە گەرەنتی هێمنییان دابین کرابێ و لە ناوچەکەدا لەژێر چاودێرییەوە تەواجودیان هەبێ.

تورکیا وجوودی هەیە، بەشدارییەکەشی لە کۆتاییدا تەعریفێکی هەر بۆ دەدۆزرێتەوە. پێموایە ڕێگە بە پەکەکە و پەیەدە نادرێ، سەرەنجام ئەگەر ئەوانە زیاتر خۆیان تێهەڵقورتێنن لەوانەیە بەرەورووی پێشلێگرتنی عەسکەری ببنەوە.

حیزبە توندڕەوەکانی سلێمانی ئەگەر گرەویان لەسەر ئەو بابەتە کردبێ، لە کۆتاییدا ئەوانیش دەستیان لە بنی هەمبانە دەردەچێ، چونکە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیەو خزمەتی ستراتیژی هاوپەیمانان لە ناوچەکە و خزمەتی کوردستانیش ناکات.

بەم پێیە دەتوانین ئێمە بڵێین گرنگی گرتنەوەی موسڵ و خۆ هەڵکوتانی هەموو دەوڵەتان بۆ ئەوەی کە خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان لەوێ بچەسپێنن و بیپارێزن، دۆستەکانیان بپارێزن لەوەوە دێت:

١. بەگرتنەوەی موسڵ کۆتایی داعش دەست پێدەکات، واتە گەر داعش لە موسڵ بڕوات، ئەوا لە هەموو عێراق ڕۆیشتووە. وەك ئەم چەند ڕۆژە لە زۆربەی ڕۆژنامەکان بینیمان و پێدەچێ دالانیان (کریدۆر_ممر)بۆ بکەنەوە تا هێزەکانی داعش بە ئاسانی پاشەکشە بکەن و موسڵ بە ئاسانی بگیرێتەوە و وێران نەکرێت. چونکە ئەگەر داعش لەوێدا بمێنێتەوەو وەك ئەنبار و شنگال مقاوەمەت بکەن، خەڵکی موسڵ زەرەرێکی زۆر دەبینن و دەکوژرێن. لە هەمان کاتیشدا ئاوارەیەکی زۆر لە موسڵ دروست دەبێت. هەندێ سەرچاوە دەڵێن دالان بۆ داعش دەکەنەوە بۆ ئەوەی کە پاشەکشە بکەن بەرەو ڕەقە، بەم شێوەیە بە ئاسانی لە ناوچەکە دوور بخرێنەوە. چ دالانیان بۆ بکرێتەوە و چ چواردەوریان بگیرێت، داعش لە عێراق کۆتایی دێ، هەروەك داعش لە کوردستان کۆتایی هاتووە، لە عێراقیش کۆتایی دێ.

کۆتایی هاتنی داعش لە عێراق واتە ڕۆیشتنیان بۆناو سووریا، لە ئێستاشەوە سیناریۆی جیا جیا لە ڕووی سەربازییەوە باس لە گەڕانەوەی داعش بۆ ناو سووریا دەکەن. بۆ هەر ناوچەیەك بڕۆن گەر بۆ ناوچەی حەلەب و ڕەققە و ئەو شوێنانە بڕۆن ئەوا قورسایی سەربازی بۆخۆیان لەو ناوچەیە زیاتر دەکەن، ئەوکات کێشە بۆ تورکیا و کێشە بۆ هێزە سوورییەکانی کە لایەنگری تورکیان دەنێنەوە، لە هەمان کاتدا بەرانبەر بە پەیەدە و ئەمەریکا دیسان شەڕ توندتر دەبێ. ئەگەر بەلای ئوردن و ئیسرائیلدا بڕۆن، کێشە بۆ ئەوان دەنێنەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا پاشەکشە پێکردنی داعش وەکو باس دەکرێ کارێکی ئاسان نییە. لە کوێ ئیستقرار دەکەن؟ بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر پرۆسەی پەلاماردانی داعش لە ڕەققە و شوێنەکانی تریش دوایی ئەگەر دەست پێبکات، نابێ لەوەدا دڵنیابین کە داعش کۆتایی دێ، چۆن کۆتایی دێ؟ بەیەکجاری، یان پەرت و بڵاو دەبێ؟ یان شێوازی دیکەی توندڕەوی بەخۆیەوە دەگرێ؟ ئەگەر لێکتێگەیشتنی سیاسیی نێوان دەوڵەتەکان و بەرژەوەندییەکانیان نەبێت، ئەگەر پێکهاتەکان نەپارێزرێن، ئەگەر پێکهاتەی سوننی نەپارێزرێ، ئەوا توندڕەوی بەشێوەی داعش و دوای داعشیش کۆتایی نایە.



**سەرۆك بارزانی لەگەڵ فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەكانی ئەمەریكا**

٢. بایەخی دووەمی گرتنەوەی موسڵ لەوەدایە كە باس لە كۆتایی عێراق دەكرێ. عێراقێك كە ئەمە حاڵیەتی، كوردستان بە پێداگرییەوە لەگەڵی كەوتۆتە گفتوگۆ، هەروەها بارزانی لەگەڵ ئەمەریكاو دۆستەكان و هەموو دونیا باس لە سەربەخۆییەكی هێمنانە دەكات. دوای ئەوەی كورد بەشداری لە گرتنەوەی موسڵ دەكات هەموو ئەو ناوچانەی خۆی دابین دەكات كە سەر بە كوردستانن. لە لێكتێگەیشتنی عەسكەری لەگەڵ ئەمەریكاو لەگەڵ عێراقیش تەقریبەن لەگەل عەبادیش ئەم بابەتانە باسكراون، هەرچەندە جار جار عێراق لە لێدوانی عەسكەریدا بە شێوەی دیكە باسی دەكات، ئەمەریكا لێی بێدەنگ دەبێ. بەڵام لە راستیدا ستراتیژی بارزانی ئەوەیە كە ناوچە كوردیەكان دابین بكات و بیانپارێزێت. ناوچەی پێكهاتەكان مەسیحی و پێكهاتەكانی دیكەی غەیرە مەسیحی كە شەبەك و توركمان و كاكەیی هەرچەند ئەوانە كوردیشن، بەڵام بە پەرش و بڵاوی لە ناوچەكە هەن، كە پێی دەگوترێ دەشتی نەینەوا، كوردستان خۆی پابەند دەزانێ بە پاراستنیان، بۆیە پێشمەرگە لەگەڵ هێزە چەكدارەكانی ئەم پێكهاتانە لەم ناوچانە جێگیر دەبن.

دوای ئەوە باس دەكرێ كە پێكهاتەی سوننی چ دەكات؟ ئەگەر پەلامار بدرێت ئەوا تەدەخولی توركی _سعودی زیاتر دەبێ، ئەمەریكا بێدەنگ نابێ، كوردیش ناتوانێ بێدەنگ بێ. ئایا سوننە بیر لەوە دەكەنەوە دوای ئەوە لە عێراق جیا ببنەوە؟ ئەگەر سوننە بیر لە جیابوونەوە بكەنەوە، یان هەرێمێكی بەهێز دروست بكەن، ئەوا شانسی كوردستان كە لە نێوان كورد و عێراقدا هەرێمێكی دیكە هەیە، بۆ سەربەخۆیی یەكجار زۆرتر دەبێ، یان لەوانەیە ئەم نەرمییەی كە لە روانگەی عێراقییە میانڕەوەكاندا هەیە بۆ مەسەلەی تێگەیشتن لە دابەشكردنی عێراق، بەشێوەی كۆنفیدڕاڵی بێ یان بە شێوەی دەوڵەتی جیابن لە نێوان كورد و عێراق یان لە نێوان شیعە و سوننەی عەرەبی عێراق، هەموو ئەوانە ئێستا لەسەر مێزن.

موسڵ لە راستیدا دەرگای كۆتایی عێراقیش دەكاتەوە. دەبێ بزانین لەبەرئەوەیە لە مەسەلەی گرتنەوەی موسڵ ململانێكان هێندە توندن، ئەوەندە بەهێز هەموو لایەنەكان هاتوونەتە مەیدان و جاروبار هەڕەشە لە یەكتریش دەكەن.

ئەوەی لە كۆتاییدا دەیبینین نەمانی داعشە، هەروەها دەستپێكردنی نەمانی عێراقە بە مانای دابەشبوون.

**بارزانی بە ئاشكرا رایگەیاند كەوا گرتنەوەی موسڵ تەنیا گرتنەوەیەكی عەسكەری و رزگاركردنەوەی شارێك نییە، بەڵكو وەرچەرخانێكی گەورەیە لە ناوچەكەدا، وەرچەرخانەكەش بەو ناوەیە كە یەكەم: داعش بەرەو كۆتایی دەڕوا، دووەم: چارەنووسی عێراق دیاربێ، هەروەها پێكهاتەكانی ناوچەكە پارێزراو بن، سوننەی عەرەب قەتڵوعام نەكرێ، ناوچە كوردییەكانیش دەبێ پێشمەرگە تێیاندا جێگیر بێ و كشانەوەی تێدا نییە و سەرەنجام دەبێ لە رێگای شیاوەوە بگەڕێنەوە سەر كوردستان**



### فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# بەبێ ڕێککەوتنی سیاسی گرفتی گەورە ڕووبەڕووی هەموو پێشکەوتنێکی سەربازی دەبێتەوە

## ئەگەر سوپای عێراق لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە روو لەموسڵ نەکات، زەحمەتە ئەو شارە لە تیرۆریستانی داعش رزگار بکرێت

دوای سەردانەکەی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغداو نزیکبوونەوەی نێوان هەولێرو بەغدا، ئێستا لەهەموو کات زیاتر ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ نزیك بووەتەوە؛ چونکە بەبێ هاوکاری هێزی پێشمەرگە مومکین نییە سوپای عێراق بتوانێت لەم شەڕەدا پێشڕەوی بکات و موسڵ ئازاد بکرێتەوە. ئامادەکارییەکانی پێشمەرگەو چۆنیەتی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو هاوپەیمانەکان و عێراق بۆ دەستپێکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنەو چۆنیەتی خۆپاراستن لەئەگەری کەوتنەوەی شەڕێکی تائیفی و مەسەلەی هاتنی هێزی سوپای تورکیا بۆ بەعشیقە، تەوەرەی سەرەکیی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ن لە دیمانەیەکدا لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سەرۆك ئەرکانی هێزی پێشمەرگە،ئەمەش پوختەی دیمانەکەیە.

*** ئێستا هەولێر بووەتە ناوەندی بڕیار دروستکردن؛ بەتایبەتی بۆ هەر پرۆسەیەکی سیاسی و سەربازی کە لەناوچەکەدا بێتەئاراوە، هەروەها ئەوەی بەدی دەکرێت ئێستا هەماهەنگییەکی سێ قۆڵی لەنێوان پێشمەرگەو هاوپەیمانان و عێراق هەیەو کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەن، ئایا ئەم هەماهەنگییە چۆن دروست بووە؟**

- هاوپەیمانی سێ قۆڵی لە نێوان هاوپەیمانان و ئەمەریکاو عێراق و هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆرباشی ناوەو ڕۆڵی لەبەهێزبوونی هێزەکانی دژی داعش هەیە، سەردانەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و دواتر سەردانەکەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بوونە جێی بایەخی وڵاتانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکاو تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش، ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و سەلماندنی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چارەسەرە لەعێراقدا نەك کێشە. بوونی ئەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەش گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ لەناوبردنی داعش کە دوژمنی هاوبەشی هەمووانە بەتایبەتی دوژمنی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەیەتی، ئێستاکە هەمووان کۆکین لەسەر تێکشکاندنی داعش.

*** باسی ئەو سەردانەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان کرد بۆ بەغدا، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەسەر پرسی سەقامگیری و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق کراوەو ئایا تاچەند ئەم سەردانە بووە هەوێنی ئەو هاوکارییەی کە ئێستا لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق دەیبینین؟**

- خۆی لەخۆیدا سەردانەکە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو بۆ نزیکبوونەوەی نێوان هەولێرو بەغدا، کاتێکیش جەنابی سەرۆك بارزانی ڕەزامەندی دەربڕی بەوەی لەشکری سوپای عێراق سوود لەو میحوەرانە وەربگرێت کە ئێستا لەژێر دەستی پێشمەرگەدایەو لە سەنتەری شاری موسڵەوە نزیکن و بە پێگەی ستراتیژی و گرنگی شەڕ دادەنرێن، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەوێنی ئەو سەردان و لێکنزیکبوونەوەیە دەردەخات، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێکشکاندنی تیرۆرستانی داعش، چونکە ئەگەر سوپای عێراق لەناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەو میحوەرەکانی ڕۆژهەڵات و باکوورو ڕۆژئاوا ڕوو لەموسڵ نەکات، زەحمەتە شاری موسڵ لەدەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکرێت. ئێستاکە شەش ڕێگای سەرەکی و ستراتیژی بۆ سەنتەری شاری موسڵ لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایە بەبێ هێرشکردن بەو ڕێگایانەدا مومکین نییە بتوانرێت شەڕی موسڵ وابەئاسانی یەکلاببێتەوە.

*** ماوەیەك پێش ئێستا لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگەو پێنتاگۆن ئیمزا کرا، هەروەها بڕیاردرا کە بڕێك پارە بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، دیارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاداشتنامەیە لیژنە دروستکراوە، ئایا کاروباری ئەم لیژنانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو لێکتێگەیشتنە گەیشتووەتە کوێ و کەی ئەو پارەیەی ئەمەریکا دەگاتە دەستی پێشمەرگە؟**

- دوای ئەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هێزی پێشمەرگە بۆتە هێزێکی نیزامی و نێودەوڵەتی و بەبێ ئەمان زەحمەتە تیرۆریستانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکبشکێنن، هاوکات بە ڕەچاوکردنی دۆخی سەختی هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلاریان بۆ ١١ مانگ وەکو هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخانکرد، ئەم بڕە هاوکارییەش بۆ یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو بنکەکانی مەشق و ڕاهێنانە بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە، ئێستاکە لای ئەمەریکییەکان دەستکراوە بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەو ئەوەتا لە مانگی ٧ جێبەجێکراوەو بۆ مانگی ٨ لەجێبەجێکردندایە.

*** مسرور بارزانی لەدیمانەیەکدا لەچەند ڕۆژی ڕابردوو جەختی لەسەر گرنگیی ڕێککەوتنی سیاسی کردەوە و هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە ڕێککەوتنی سیاسی لە ڕێککەوتنی سەربازی گرنگترە، ئایا مەبەست لە ڕێککەوتنی سیاسی چییە؟**

- گەرچی ئەم پرسیارەتان زیاتر تێڕوانینی سیاسییانەی هەیە نەك سەربازی، بەڵام بەتەئکید ئەگەر سیاسییەکان لەسەر هەر مەسەلەیەك ڕێککەوتنیان لەنێوانیاندا نەبێت، بەتایبەتی لەسەر پرسی موسڵ ئەوا گرفتی گەورە ڕووبەڕووی هەموو پێشکەوتنێکی سەربازی دەبێتەوە. هەربۆیە بەڕێزیان لەو ڕوانگەیەوە سەرنج و تێبینی تەواویان هەیە، چونکە ئەگەر چارەسەری کێشەی سیاسی پارێزگاکە نەکرێت، زەحمەتە سەرکەوتنی سەربازی ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر چارەسەری هەموو کێشەکان هەبێت. موسڵ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و هەستیاری هەیە لەبەر ئەوە دەبێت لەنێوان هەموو ئەو پێکهاتانە ڕێککەوتنێکی سیاسی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە، باوەڕیش ناکەم ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی نەبێت، ڕێککەوتنی ئەمنی یا پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە موسڵ سەربگرێت.

*** ئێستا ناوچەیەکی زۆری دەشتی نەینەوا لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازاد کراونەتەوە، بەبەردەوامیش پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە بەتایبەتی مەسیحی و کوردی ئێزیدی و شەبەك و تورکمان داوادەکەن هێزی پێشمەرگە پارێزگارییان لێبکات،چونکە ئەوان نایانەوێت جارێکی دی دووچاری کۆمەڵکوژی ببنەوە، ئایا هێزی پێشمەرگە دوای ئازادکردنی موسڵ لەم ناوچە کوردستانییانە دەمێنێتەوە.**

**شەڕی موسڵ ئاسان نییە، بەتایبەتی کە داعش بە پایتەختی خەلافەتیان داناوە، بەڵام ئەگەر داعش لەموسڵ شکا، کۆتایی داعش دەبێت لە سەرانسەری خاکی عێراق، مەگەر بەهاوشێوەی گروپی تیرۆریستی قاعیدە شانەیەکی نوستووی لەناوچەیەک لەناوچەکان لێرەولەوێ بمێنێت**

**بارودۆخی بژێوی ژیانی پێشمەرگەش بەو شێوەیە نییە لەچین و توێژەکانی دیکە جیاواز بێت، بەڵام ڕۆحی گیانفیدایی و دڵسۆزیی سەرکردایەتییەکەی کە جەنابی سەرۆک و فەرماندەییەکانی هەیانە، وای کردووە ڕەچاوی ئەو دۆخە هەستیارەکە بکەن و بە حەماسەت و وەرەبەرزییەوە لەبەرەکانی شەڕ درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن**

**ڕەنگە لەناو ئاوارەکان داعش هەبن و مەترسی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانیش دروست بکەن، هەربۆیە حیسابی ئەوە کراوە ئەو ڕێڕەوانەی بۆ هاتنی ئاوارەکان دادەنرێت، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ئەوەش لەپێناو پاراستنی گیانی خودی ئاوارەکانیشە**

**جەنابی سەرۆک بڕیاری داوە پێشمەرگە نەچێتە ناو سەنتەری شاری موسڵ، نەوەکو خەڵکانێک هەڵە بکەن و شەڕی تائیفی بکەن و بیخەنە ئەستۆی پێشمەرگەو زیان بەناوبانگی بگەیەنن**

**جەنابی سەرۆک بارزانی وەکو فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی شەڕی داعش بەشداری سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکانی کردووەو بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لەشەڕی ئازادکردنەوەی رووبەرێکی فراوانی خاکی کوردستان هەبووە**

**کاتێک جەنابی سەرۆک بارزانی ڕەزامەندی دەربڕی بەوەی لەشکری سوپای عێراق سوود لەو میحوەرانە وەربگرێت کە ئێستا لەژێر دەستی پێشمەرگەدایەو لە سەنتەری شاری موسڵەوە نزیکن و بە پێگەی ستراتیژی و گرنگی شەڕ دادەنرێن، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەوێنی ئەو سەردان و لێکنزیکبوونەوەیە دەردەخات،**

- هەر ناوچەیەك كە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازادكرابێت و قوربانی زۆرمان بۆ دابێت، مومكین نییە پاشەكشەی لێبكرێت، تا ئێستا ئەو ناوچانە بە قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە پارێزراون. ئینشائەڵا ئەو ناوچە كوردستانییانەی دیكەش كە بەم نزیكانە ئازاددەكرێن لەلایەن هێزی پێشمەرگەو خەڵكی ناوچەكەش بەكورد و عەرەب و توركمان و مەسیحیەوە پارێزگاری لێدەكرێت، هەربۆیە ئەو ناوچانەی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت كە ئازادنەكراون خەڵكەكەی زۆر بە پەرۆشییەوە چاوەڕوانی ئازادكردنەوەین لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە.

*** لەو ماوەیەدا باس لەوە دەكرێت كە هێزێكی توركیا هاتووەو بۆ شەڕی موسڵ ئامادە دەبێت. ئایا ئەم هێزە چۆن هاتۆتە نزیك موسڵ؟ هەروەها هەندێك دەڵێن بەئاگاداری بەغدایە، كەچی لە بەغداشەوە داوادەكرێت توركیا بكشێتەوە، ئایا ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

- ئەمە زیاتر كێشەی نێوان عێراق و توركیایە، چونكە حكومەتی عێراق زیاتر بەرپرسە لەمەسەلەی سەروەری، ئەم مەسەلەیە لە ڕاگەیاندنەكان زیاد لەقەبارەی خۆی گەورە كراوەو باسی لێوەدەكرێت، لەكاتێكدا دەكرێت لە ڕێگەی دانیشتنی نێوان خۆیانەوە لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق و توركیا چارەسەری بكەن، كاتێكیش هێزی توركیا هاتنە سەربازگەی بەعشیقە وەزیری بەرگری عێراق سەردانی كردن، واتا هاتنی سوپای توركیا بەبێ ئاگاداری بەغدا نەبووە، تەنانەت بەبەردەوام لایەنی توركیا باس لەوە دەكات كە ئەوان لەهاتنی هێزەكەیان ئاگاداربوون. هەربۆیە ئەم بابەتە زیاتر پێوەندی بەهەردوو وڵاتی عێراق و توركیاوە هەیە.

*** ئایا تا چەند پێشمەرگە لە ڕووی چەك و تەقەمەنی و ڕاهێنانی سەربازییەوە ئامادەیە بۆ بەشداریكردنی شەڕی موسڵ؟ ئایا بۆ ئەم مەبەستە هیچ بنكەیەكی هاوبەشتان لەگەڵ سوپای عێراقدا هەیە؟**

- پێشمەرگە بووەتە خاوەنی ئەزموونێكی زۆر پێشكەوتوو لە تەكتیكی شەڕی تیرۆریستانی داعش، تەنانەت بووەتە جێگای ڕێزو ستایشی سوپا گەورەكانی جیهان، بەڵام شارەزاییش پێویستی بە تەقەمەنی و چەكی پێشكەوتوو، هەروەها مەشقی بەردەوام هەیە، لەبواری مەشق هەنگاوی باشمان ناوە، بەڵام تا ئێستا هیچ سەركردایەتی و بنكەیەكی هاوبەشمان لەگەڵ سوپای عێراقدا نییەو بڕیاری لەو شێوەیەشمان نەداوە، ئێمە وەكو هێزی پێشمەرگە سەركردایەتی خۆمان دەكەین و سوپای عێراقیش سەركردایەتی خۆیان دەكەن، بەڵام لەبارەگای زێرەڤانی لەهەولێر بنكەیەكی هاوبەش لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق و ئەمەریكاو هاوپەیمانەكان هەیەو ساڵێكە بەهاوبەشی كاروباری نێوان هێزەكان ڕێكدەخات، هاوكاتە لەلایەن هێزەكانی ئەمەریكاوە مەشق بە دوو لیوای ١و ٢ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە كراوەو فەوجی سێی لیواكانیش ئەم هەفتەیە تەواو دەبێت و تەنیا بارەگای لیواكان دەمێنێت و لەگەڵ هاوپەیمانەكان بەردەوام دەبین تاوەكو مەشق و ڕاهێنان بەسەرجەم یەكەكانی دیكەش بكرێت. سەبارەت بە تەقەمەنی و چەكی پێشكەوتوو زۆرجار داوامان لە هاوپەیمانەكان كردووە كە ڕاستەوخۆ ئەو هاوكاری و یارمەتییە سەربازییانە بگەیەننە دەستی پێشمەرگە، بەڵام تا ئێستا هیچ هاوكاری و یارمەتییەك بێ ئاگاداری عێراق بۆ ئێمەیان نەهێناوە. بەڵام ئومێدمان زۆرە هەوڵەكانی جەنابی سەرۆك بارزانی لەم ڕووەوە وەكو هەوڵەكانی لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا دەرئەنجامێكی هەبێت.

*** تا چەند میدیا و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن هاوكارتانن و چ ڕەخنەیەكیان لە ڕووماڵەكانیان هەیە؟**

- ئێمە لەوەزارەتی پێشمەرگە بە ڕێزو سوپاسەوە دەڕوانینە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی لەبەرەكانی شەڕو سەنگەرەكانی پێشەوەی پێشمەرگە، بەڵام جاری وا هەبووە پێش ئەوەی ئۆپراسیۆنەكە دەست پێبكات، باسی بەرنامەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكە دەكەن، یا شوێنی ڕووماڵكردنی هەواڵەكە ڕاستەوخۆ لەناو بەرەكانی شەڕەوە دەگوازنەوەو مەترسی بۆ سەر ژیانی پێشمەرگەكانمان دروست دەكات، لەمەشدا هەندێك لەفەرماندەكانمان لەلێدوانەكانیاندا وردەكاری شەڕەكەو پلان و جموجووڵە سەربازییەكانیان باس كردووە. بۆیە لە ئێستادا بۆ كۆنترۆڵكردنەوەی شاری موسڵ شانەیەكی هاوبەشمان بە ڕێككەوتن لەگەڵ سوپای عێراق پێكهێناوە كە پێی دەڵێن (ڕاگەیاندنی شەڕ) كە جگە لە ڕێكخستنی ڕووماڵكردنی شەڕەكە تەنانەت بەیان و ڕاگەیاندنەكانیش ڕێكدەخرێت، نەك هەر لایەنەو بەجیا ئاگاداری و ڕوونكردنەوەو بەیان دەربكات.

*** سەرۆك بارزانی وەكو فەرماندەی گشتی هێزەكانی پاراستنی هەرێم لەشەڕەكانی ئازادكردنەوەی قەزاو ناحیەكان لەدەستی داعش سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی پلان و ئۆپەراسیۆنەكانی دەكرد، ئایا لەئۆپەراسیۆنی ئازادكردنەوەی موسڵدا تاچەند وەكو پێشمەرگەو فەرماندەكانیان ئەو هەماهەنگی و بەشداریكردنەی جەنابیان بۆ ئێوە گرنگە؟**

- بەتەئكید جەنابی سەرۆك بارزانی وەكو فەرماندەی گشتی هێزی چەكداری كوردستان لە ڕۆژی یەكەمی ڕاگەیاندنی شەڕی داعش بەشداری سەرجەم ئۆپەراسیۆنەكانی كردووەو بەشدارییەكی ڕاستەوخۆی لەشەڕی ئازادكردنەوەی ڕووبەرێكی فراوانی خاكی كوردستان هەبووە، ئێستاكەش بەهەمان شێوە بەشداریكردنی بەڕێزیان شتێكی دڵخۆشكەرەو سەركەوتن زامن دەكات، چونكە هەروەكو چۆن بەحیكمەت و شارەزایی جەنابی سەرۆك، هێزی پێشمەرگە ناوبانگی دەركردو دەتوانین بڵێین ئێستاكە پێشمەرگەیەكی نەتەوەییمان هەیە.

*** پێشمەرگە بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە لەشەڕەکاندا پابەندی بنەماو بەها مرۆییەکان بووە، بەڵام ئایا لەگەڵ بەشداربوونی گروپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی، مەترسی ئەوەتان لا دروست نەبووە کە تۆڵەسەندنەوەی تائیفی زیان بە ناوبانگی هێزەکانی پێشمەرگەش بگەیەنێت؟**

- ئەو تۆڵەسەندنەوە تائیفییەی لە رومادی و سەلاحەدین و دیالە رووی دا، کارێکی زۆر خراپ بوو، بەداخیشەوە ئەمە لای زۆر لەگروپە چەکدارەکان بووەتە کەلتوورێك و زیانی بەناوبانگی پرۆسە سەربازییەکان گەیاندووە، لەبەرئەوە سەرۆك بارزانی و هاوپەیمانەکانیش زۆر بەورياييەوە دەڕواننە ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی تائیفی لەشەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ و بەلایەنی عێراقیشمان وتووە کە ئەمە زیان بەسەرجەم ئۆپەراسیۆنەکە دەگەیەنێت. هەر لەبەر ئەمەشە جەنابی سەرۆك بڕیاری داوە پێشمەرگە نەچێتە ناو سەنتەری شاری موسڵ، نەوەکو خەڵکانێك هەڵە بکەن و شەڕی تائیفی بکەن و بیخەنە ئەستۆی پێشمەرگەو زیان بەناوبانگی بگەیەنن.

*** هەموو ئەگەرو پێشبینییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی سڤیل روو لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك بکەن، ئایا ئێوە وەکو پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنەکانتان چۆن خۆتان بۆ ئەم شەپۆلە گەورەیەی ئاوارەی شاری موسڵ ئامادە کردووە؟**

- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە؛ چونکە هەموو ئەگەرو پێشبینییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی خەڵکی موسڵ کە زۆرینەی عەرەبی سوننەن، لەترسی تۆڵەسەندنەوەو شەڕی تائیفی روو لەهەرێمی کوردستان بکەن، هەرێمێك کە خۆی بارقورساییەکی لە رادەبەدەری ئاوارەی لەسەرە و عێراقیش هاوکاریمان ناکات. لەلایەکی دیکەوە رەنگە لەناو ئاوارەکان داعش هەبن و مەترسی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانیش دروست بکەن، هەربۆیە حیسابی ئەوە کراوە ئەو رێڕەوانەی بۆ هاتنی ئاوارەکان دادەنرێت، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ئەوەش لەپێناو پاراستنی گیانی خودی ئاوارەکانیشە.

*** لەماوەی رابردوودا ململانێ و کێشمەکێشی نێوان حزبە سیاسییەکان بەئاقارێکی خراپدا رۆیشت، تەنانەت لەناوخودی حزبە سیاسییەکانیشدا ئەو ململانێیە هەیە، ئایا چۆن توانرا هێزی پێشمەرگە لەو ململانێ و کێشمەکێشە سیاسی و بەرژەوەندییە حزبیانە بەدوور بخرێت؟**

- کاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان خۆی بەپێشمەرگە بزانێت و لەهەموو شەڕو ئۆپەراسیۆنەکاندا بەشدار بێت و نزیك بێت لە ئازارو مەینەتییەکانی پێشمەرگە، ئەمە نەك تەنیا کاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە دەبێت، بەڵکو پێشمەرگە وەکو هێزێکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیش نیشان دەدات. خۆ بارودۆخی بژێوی ژیانی پێشمەرگەش بەو شێوەیە نییە لەچین و توێژەکانی دیکە جیاواز بێت، بەڵام رۆحی گیانفیدایی و دڵسۆزیی سەرکردایەتییەکەی کە جەنابی سەرۆك و فەرماندەییەکانی هەیانە، وای کردووە رەچاوی ئەو دۆخە هەستیارەکە بکەن و بە حەماسەت و ورەبەرزییەوە لەبەرەکانی شەڕ درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن. بەڕێزیان گرنگییەکی لە رادەبەدەری بە پێشمەرگە داوەو دەرئەنجام ئێستاکە بووەتە هێزێکی نێودەوڵەتی و گەورە سوپاکانی جیهان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و وڵاتانی ناوچەکە ناتوانن بەچاوێکی کەمەوە سەیری بکەن، بەپێچەوانەوە ئێستا بەچاوێکی تایبەت دەڕواننە هێزی پێشمەرگەو ئومێدو بڕواشمان زۆرە دەستکەوتی زیاتر لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی دوای شەڕی موسڵ بێتە بەرهەم.

*** هەر سەبارەت بە شەڕی موسڵ، پێشبینیتان بۆ ئەنجامی شەڕەکە و گرفتەکانی چۆنە؟**

- شەڕی موسڵ ئاسان نییە، بەتایبەتی کە داعش بە پایتەختی خەلافەتیان داناوە، بەڵام ئەگەر داعش لەموسڵ شکا، کۆتایی داعش دەبێت لە سەرانسەری خاکی عێراق، مەگەر بەهاوشێوەی گروپی تیرۆرستی قاعیدە شانەیەکی نوستووی لەناوچەیەك لەناوچەکان لێرەولەوێ بمێنێت. لەلایەکی ترەوە ماوەی دوو ساڵە داعش لەو شارەیەو لەم دواییەدا ئامادەکاری زۆری کردووە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت ئەم بەرو ئەو بەری شاری موسڵ بە پێنج پرد بەستراوەتەوە، ئەگەر ئەو پردانە زیانیان بەرکەوێت و داعش بیتەقێنێتەوە ئەوا موسڵ دەبێتە دوو شار و راست و چەپی شارەکە لێکتر جیا دەبێتەوەو دوو میحوەری سەربازی دروست دەبێت، لە رووی تەکتیکی و توانای بۆمبی چێنراو و خۆکوشتنیشەوە هەموو توانای خۆیان بەکار دەهێنن، بەپێی زانیارییەکانمان لەزۆر شوێن بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر تونێلیان دروست کردووەو لەژێر زەوییەوە ناوچەکانیان بەیەکترەوە بەستۆتەوە، لەلایەکی ترەوە موسڵ دووەم شارە لە رووی چڕی دانیشتووانەوە ئەمەش وادەکات شەڕی ناو شار وەکو شەڕی دەرەوەی شارو دەشت و چیا نەبێت، کەس ناتوانێت ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە دیاری بکات، بەڵام بەتەئکید ئۆپەراسیۆنی شەڕی موسڵ شەڕێکی گەورە دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا مادام ئیرادە هەیەو پێشمەرگە سەرکردایەتیەکی وەکو بارزانی هەیە، پشت بەخوا سەرکەوتن مسۆگەرە.

*** ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان داوایان لەهێزی پێشمەرگە کرد بەشداری شەڕی ناو شاری موسڵ بکەن، تاچ رادەیەك پێشمەرگە ئامادەیە بۆ ئەو شەڕە؟**

- ئەو بڕیارە لای جەنابی سەرۆك بارزانی-یە بەشداری هەر هێزێك لە دەرەوەی هەرێم لەئاستی فەوجێکیشدا بێت دەبێت رەزامەندی جەنابیانی لەسەر بێت.

**ئەو تۆڵەسەندنەوە تائیفییەی لە رومادی و سەلاحەدین و دیالە رووی دا، کارێکی زۆر خراپ بوو، بەداخیشەوە ئەمە لای زۆر لەگروپە چەکدارەکان بووەتە کەلتوورێك و زیانی بەناوبانگی پرۆسە سەربازییەکان گەیاندووە**

**کاتێک هێزی تورکیا هاتنە سەربازگەی بەعشیقە وەزیری بەرگری عێراق سەردانی کردن، واتا هاتنی سوپای تورکیا بەبێ ئاگاداری بەغدا نەبووە**

**هەموو ئەگەرو پێشبینییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی خەڵکی موسڵ کە زۆرینەی عەرەبی سوننەن، لەترسی تۆڵەسەندنەوەو شەڕی تائیفی روو لەهەرێمی کوردستان بکەن، هەرێمێك کە خۆی بارقورساییەکی لە رادەبەدەری ئاوارەی لەسەرە و عێراقیش هاوکاریمان ناکات**





### کاتێک سەرۆکی پەرلەمان شایەنی پۆستەکەی خۆی نەبێت

# پەرلەمان دەکاتە ریمۆت کۆنترۆڵ بەدەست حزبەکەیەوە



«وەرچەرخان. واتە ئەوەی بەسەر مرۆڤەکاندا دیت، کاتێک کتوپڕ کۆمەڵگەکانیان دەگۆڕێت بۆ واقیعێکی تازەی پێشبینی نەکراو.»

ئەلفین تۆفلەر
کتێبی وەرچەرخانی دەسەڵات

**• گواستنەوەی ئاژاوە بۆ ناو پەرلەمان بەبڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان**

مەحمود رەزا ئەمین ئامۆزای نەوشیروان مستەفای رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان و پەرلەمانتاری عێراقیی هەمان حزب بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر رێگرتن لە یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان و سەرۆکی ئەو کاتی پەرلەمان، نووسینێکی بەناونیشانی (لە ساڵیادی کودەتاکەی پارتیدا. دوو بیرۆکە و پێشنیارێك مرێنرا)، بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا راشکاوانە دانی بەو راستییەدا ناوە، کە ئەو بێڕێزییەی یوسف محەمەد بەو رێککەوتنەی حزبەکانی کوردستانی کرد، کە دوای ١٩ کاتژمێر لە کۆبوونەوەی بەردەوام لە بەرەبەیانی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ پێی گەیشتن و پاشانیش پێداگیری کرد کە کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ تەواوکردنی کودەتاکەی گۆڕان گرێبدات، بەڵام شکستی هێنا و شکۆی پەرلەمانیشی شکاند، هەر هەمووی بە بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان بووە. واتە یوسف محەمەد وەك هەڵسووڕاوێکی ملکەچی ئەو بزووتنەوەیەیە (نەك سەرۆکی پەرلەمان!!) بڕیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی جێبەجێ کردووە.

لەم پەرەگرافەی نووسینەکەی مەحمود رەزا ئەو راستییانەی سەرەوە بە ئاشکرا دەردەکەون: «جەعفەر ئیمێنکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و جێگری سەرۆکی پەرلەمان راسپێردرابوو دکتۆر یوسف محەمەد ئاگادار بکاتەوە کە نەگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەڵام دکتۆر یوسف محەمەد شەو نەچووبووە ژێر باری ئاگادارکردنەوەکەی جەعفەر ئیمێنکی جێگری، بۆیە سەر لەبەیانی رۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەر کەوتەڕێ بەرەو هەولێر. لە بازگەی ئەو لای (پردێ) وە چەکدارانی پارتی رێگەیان لە دکتۆر یوسف و هاورێکانی بڕی و نەیانهێشت بچنە هەولێرەوە. بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو کودەتایە ئەو رۆژە دوو بیرۆکەم تەرح کرد، یەکەمیان لێدانی خێوەتگە لە بازگەی پردێ. دووەم رێپێوانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەبارەت بە یەکەمیان دکتۆر یوسف پێویستی بە بڕیاری سیاسیی بزووتنەکەی

بوو، ئەو پێشنیارەیان مرد، سەبارەت بە دووهەمیشیان، بیرۆکەم بۆ هاوڕێکەم باسکرد کە لەناو فیدراسیۆنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومەتییەکانە لە سلێمانی، پاش چەند ڕۆژێ بێدەنگی، زەنگم بۆ لێدا و لێم پرسی گەیشتە کوێ ؟ وتی ناکرێت، ئەویش مرد.»

ئەگەر بە وردی سەرنج لە قسەکانی مەحمود ڕەزا بدەین سەبارەت بەوەی کە پێشنیاری کردووە (یوسف محەمەد لە بازگەی پردێ خێوەتگە هەڵبدات) لەوەڵامدا دەڵێت: (یوسف محەمەد بۆ ئەم کارە پێویستی بە بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان بووە، کە ئەو بڕیارە نەبوو، پێشنیارەکەی منیش مرد)، کەواتە ئەم قسەیە کە کەسێکی وەك مەحمود ڕەزا دەیکات کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و بنەماڵەی نەوشیروان مستەفا، ئەوە دەسەلمێنێت کە یوسف محەمەد هەرگیز نەیتوانیوە وەك سەرۆکی پەرلەمان ڕەفتار بکات، بەڵکو ئەو کاتەشی کە سەرۆکی پەرلەمان بووە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی (پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، ئەو تەنیا وەك هەڵسووڕاوێکی ملکەچی ئەو بزووتنەوەیە تەنیا و تەنیا ئەو بڕیارانەی جێبەجێ کردووە کە مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەکە لە گردی زەرگەتەوە فەرمانی پێکراوە، ئەوجا ئەو فەرمانە باش بووبێت، یان خراپ، یوسف محەمەد وەك سەربازێك بێ موناقەشەکردن جێبەجێی کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بدەین، کە تیایدا چەندین ئەندام پەرلەمان وەك نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو ئاژاوەی یوسف محەمەد لە پەرلەمان بەڕێوەی دەبرد، دەستیان لە پەرلەمانتاری کێشایەوە، هەروەها ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی کە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، شیوعی و سۆشیالیست) گرێیان داو ڕاشکاوانە جەختیان لەوە دەکردەوە (ئەم فیتنە و ئاژاوەیە لە پێناوی چی؟ تەنیا چەند کاتژمێرێك پێش ئێستا هەموو حزبەکان بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، ڕێککەوتن ئەو کۆبوونەوەیە نەکرێت.) پرسیارەکە ئەوە بوو ئەم پێداگیرییەی یوسف محەمەدی بەناو سەرۆکی پەرلەمان لەپای چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دوای شکستی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان، ئەبو تارای پەرلەمانتاری حزبی شیوعی بە ڕۆژنامەنووسانی دایەوەو گوتی: «پەرلەمان بە هەرزەکاری سیاسی بەڕێوە ناچێت.» ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە یوسف محەمەد بێجگە لە هەرزەکارێکی سیاسی و بێ ئەزموون و نەشارەزا، شتێکی دیکەو ئەو کەسە نییە بزانێت مانای پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چییە و ڕێزی لێبگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، سەرۆکی پەرلەمان لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهاندا کاری ئەوەیە ڕێز لە ئیرادەی پەرلەمانتارو فراکسیۆنەکان و ڕێککەوتنی حزبە سیاسییەکان بگرێت، نەك پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە ئاستێك بچووك بکاتەوە کە لەبەر خاتری حزبەکەی، ئیرادەی پەرلەمانتار و فراکسیۆنەکان و ڕێککەوتنی حزبەکان ژێر پێ بنێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەوەی ڕێگەی نەداوە ئەم هەڵسووڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان بگەڕێتەوە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی شکۆی پەرلەمانی کوردستان لەوە زیاتر نەشکێت، لە کۆبوونەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، تەنیا دوو پرسیاری لە بزووتنەوەی گۆڕان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە: ئەگەر یوسف محەمەد بەشەخسی بەمجۆرە نابەرپرسیارانەیە مامەڵەی لەگەڵ شکۆی پەرلەمانی کوردستان کردووە، ئایا ئەم کەسە شایستەی ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان بێت؟ دووەمیان ئەوەیە: ئەگەر ئەو ڕەفتارە نابەرپرسیارانەی یوسف محەمەد بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕانەو ئەو جێبەجێی کردووە، ئایا پارتی دەتوانێت لەگەڵ حزبێك کە ئامانجی ئەوە بێت پەرلەمان بکاتە شوێنی ئاژاوەگێڕی و تێکدانی کوردستان، مامەڵە بکات؟

لەبەرامبەر ئەم پرسیارانەی پارتی، بزووتنەوەی گۆڕان عینادیی هەڵبژاردووەو داوادەکات، بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، ئەمەش بەو مانایەی جارێکی دیکە لەسەر هەمان تاس و حەمام، ئاژاوە لە کوردستان دروست بکرێتەوە، ئامێری سەرەکیش بۆ ئەو ئاژاوەو ناسەقامگیرییە

**پێداگیری بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی کە داوادەکەن بارودۆخەکە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەر بگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی زمنی ئەو وەڵامەمان پێدەڵێ، کە یوسف محەمەد بێجگە لە سەربازێک بۆ جێبەجیکردنی بڕیارەکانی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان هیچ شتێکی دیکەی نەکردووە و ئەو ڕەفتارەی کردوویەتی بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان بووە**

**شێوازی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان بووەو یوسف محەمەد جێبەجێی دەکرد، حزبە سیاسییەکانی کوردستانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی بە ڕاشکاوی بڵێن: کاری پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەرزەکاری سیاسی بەڕێوە ناچێت. ئەمەش واتە بەدیویکی دیکەدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نابێ بدرێتە حزبێکی سیاسی کە بەشێوەیەکی هەرزەکارانەو بۆ مەبەستی تەسکی حزبایەتی شکۆی ئەم دەزگا شەرعییە ژێر پێ بنێت و یاری بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پرسی تێکەڵکردنی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ پۆستی سەرۆکی هەرێم) لەیەکتری جیابکاتەوە، بە دوومانگ بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی ویلایەتەکەی، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، ئامادەباشی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت و لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت**

**نەوشیروان مستەفا بۆ سەرخستنی ئەم پیلانەی پەنای بۆ زۆرینەو کەمینەی پەرلەمانی برد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەسەڵاتی خۆیدا بوو، رۆژێک بۆ ریفراندۆم لەسەر رەشنووسی پەسندکراوی دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکات، کە لە کۆی ٩٧ پەرلەمانتار ٩٦ پەرلەمانتار دەنگی لەسەر دابوو، بەڵام بۆ ئەوەی کۆدەنگیی نێوماڵی کوردستان تێکنەچێت، پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر رازی بوو ئەو دەستوورە بگەڕێتەوە، بەڵکو رازی بوو لیژنەیەکی تازەش بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی تازە دابمەزرێت**

پەرلەمانی کوردستان بێت. ئەمەش نەک تەنیا لای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی قبوڵکردن نییە، بەڵکو لای بەشی زۆری حزبەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جیگەی قبوڵکردن نییە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی پارتی لە ١٢ی ئۆکتۆبەر بۆ هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان داویەتی، رێگرتن بووە لە ئاژاوەگێڕی و سووتاندنی کوردستان و بەهێزکردنی بەرەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش بۆتە جێگەی رەزامەندی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەفەرمی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، رۆژ لەدوای رۆژیش زیاتر دەستخۆشی لەو سەرکردایەتییە سیاسییە دەکەن کە سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیانی لە کوردستاندا پاراستووە.

### ● شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و گوتاری شەڕانگێزی گۆڕان

زمانی ئەو گوتارەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەی مانگی حوزەیران تا ئابی ٢٠١٥ بانگەشەی پێدەکرد، راستیی وجودی ئەو بزووتنەوەیەی راڤە دەکرد، بۆیە ئەوانەی بە وشە ئەو گوتارە ترسناکەیان دادەڕشت، خۆیان ببوونە پاسەوان و سەربازی ئەو بزووتنەوەیە بۆ دروستکردنی مەترسییەکی گەورە لە میانەی پیادەکردنی ئەو گوتارەوە.

میشێل فۆکۆ سەبارەت بە مەترسیی گوتار دەڵێت: «ئەو کاتە گوتار دەبێتە جێگەی مەترسی کە شێتی تێکەڵی گوتار دەکرێت.» سەبارەت بەم تێکەڵکردنە فۆکۆ لە ساڵی ١٩٦٣ کتێبێکی لەسەر شێتبوونی رەیمون رۆسیل-ی نووسەر و شاعیر و شانۆنووسی فەرەنسی نووسیوە، لەم کتێبەدا ئەوەی لای فۆکۆ گرنگ نییە، شێتبوونی رۆسێلە، ئەمەش لەبەر ئەوەی چارەسەری شێتی وەك نەخۆشی لای پزیشکی دەروونی دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسییە ئەوەیە رۆسێل (شێتی و گوتار، یان نووسینی) تێکەڵی یەکتری کردووە، ئەمەش وایکردووە کە رۆسێل وەك تاك جێگەی مەترسی نەبێت، بەڵکو مەترسی ئەوەیە کاتێك رۆسێل وشەکان دەکاتە ئامێرێك بۆ شەڕ و شەڕی پیدەکات، ئەو گوتارە، یان ئەو دەقەی رۆسیل بەرهەمی دەهێنێت، تەنیا وڕێنەکردن نییە، بەڵکو دەقێکی ترسناکە.

ئەگەر لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی (شێتێتی و گوتار) لە بیرکردنەوەی فۆکۆدا، بەمیتۆدی دریدا گوتارەکەی گۆڕان لەبەریەك هەڵبوەشێنین، ئەوا وەك دریدا لە کتێبی (کاریگەری یان هێما (المهماز) وەك شێوازی نیچە)، ئاماژەی پێکردووە، ئەوا هەقیقەتی هیچ گوتارێك دەرناکەوێت، ئەگەر ئەو پەردەیەی ئەو گوتارەی شاردۆتەوە، هەڵنەماڵدرێت. دیارە هەڵماڵینی ئەو پەرەدەیەشی کە گوتارە ترسناکەکەی بزووتنەوەی گۆڕانی شاردۆتەوە، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتنی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە کردووە بۆ بەشداریکردنی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دیارە گرنگترین بنەماکان بریتین لە:

١. پارتی و گۆڕان لە ١٧ی نیسانی ٢٠١٤ لەسەر بنەمای چوار ساڵی ئارامی بۆ کوردستان رێککەوتنیان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ئیمزا کرد، ئەمەش واتە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان و کوردستان لەگەڵ بەغدا بە زمانی دیالۆگ و لێکگەیشن و سازانی نیشتمانی لەنێوان حزبەکان بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری کوردستان بپارێزرێت.

٢. پێکەوە کارکردنی گۆڕان و پارتی و حزبەکانی دیکە وەك یەك تیم لەناو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی چالاك و حکومەتێکی کارامان هەبێت، سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا دیسان لایەنی کوردستانی وەك یەك تیم مامەڵە لەگەڵ بەغدا، یان بەشداری لە حکومەتی بەغدا بکەن.

ئەگەر سەرنج لەبەرواری رێککەوتنی نێوان گۆڕان و پارتی بدەین و بەراوردی بکەین بە کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەوا یەکەمین دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە

ی٤ی ئایاری ٢٠١٤ بووە، متمانەدانی پەرلەمان بە کابینەی هەشتەم ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە، دوای تێپەڕبوونی ٨ ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، هێشتا کابینەی هەشتەم دەستبەکار نەبووە، هەربۆیە کابینەی هەشتەم ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ وەرچەرخانێك کرد کە واقیعێکی تازەی چاوەڕواننەکراوی هێنابووە پێشەوە، کە دەبوو بەناچاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەمەش ئەو بەرنامەیەی کە بە دیفاکتۆ بووە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بەرنامەیە نەبوو کە کابینەکەی لەسەر پێکهێنرابوو، بەڵکو بووە بەرنامەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە. کە ئەویش واقیعی شەڕێکی سەپێنرابوو لەبەرامبەر دەوڵەتێکی تیرۆریستیدا. هەروەها مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە لەموسڵ و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو. هەتا داعش لە٢ی ئابی ٢٠١٤ هێرشی کردەسەر ناوچە کوردستانییەکانی نەینەواو شنگال و چەندین شوێنی داگیرکردو کوردستان کەوتە بەردەم مەترسییەکی گەورەو ترسناك، بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی بەناچاری بڕیاری (شەڕی مان و نەمانی)داو خۆی ڕاستەوخۆ چووە بەرەکانی شەڕ.

دیارە دوای ئەوەی بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دا، قارەمانیەتی پێشمەرگە جیهانی سەرسام کرد، هەروەها ئەمریکاش بڕیاری دا کە لە ئاسمانەوە هێرش بکاتە سەر داعش و هاوکاری پێشمەرگە بکات، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش کە چەند مانگێك بوو هەڵبژاردن ئەنجامدرابوو، هێشتا حکومەتی تازە پێکنەهێنرابوو، ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگری لە نوری مالیکی بکەن و خۆی کاندید نەکاتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەبری ئەو حەیدەر عەبادی ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی کابینەیەکی تازە پێکبهێنێت. لەم کاتە هەستیار و ناسکەدا کە سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ بوو، کۆبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان بۆ بەشداریکردنی لایەنی کوردستانی لە حکومەتەکەی عەبادی برایە مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە لە سلێمانی و لەوێوە بە ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، لایەنە کوردستانییەکان بڕیاریان دا، بەشداری لە حکومەتەکەی عەبادی بکەن، لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی کوردستانیش لە بەغدا، پارتی زۆر نەرمیی نواند و پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە بەرکەوتەی هەڵبژاردنی پارتی بوو، درایە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی لایەنە کوردستانییەکان هەموو پێکەوە وەك تیم کاربکەن.

ئەمەش مانای ئەوەیە بارودۆخی کوردستان لەماوەی حوزەیرانی ٢٠١٤ هەتا کۆتایی مانگی کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٥، تەنیا بریتی بووە لە بەرگریکردن لەکوردستان و ڕەواندنەوەی مەترسیی داعش لەسەر کوردستان و دابینکردنی چەك و پێداویستی بۆ پێشمەرگە، لەمەش زیاتر لە ئابی ٢٠١٤ـەوە تا مانگی شوباتی ٢٠١٥ واتە دوای ڕزگارکردنەوەی شنگال و کۆبانێ، بۆیە سەرۆك بارزانی بێجگە لە سەرقاڵبوونی بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی شەڕی دژی داعش (لە کۆبانێ تا جەلاولا) نەیتوانیوە هیچ کارێك لەسەر پرسی ناوخۆی کوردستان بکات، یان ڕاشکاوانەتر ئەم پرسەی بۆ حکومەت و حزبەکان جێهێشتبوو، هەر بۆیە کاتێك لە شوباتی ٢٠١٥ بە داوەتی فەرمی بانگهێشتی کۆنگرەی میوشن بۆ ئاسایشی جیهان کرا، کە ئەمە یەکەمین جار بوو کەسایەتییەك بانگهێشت بکرێت و سەرۆکی دەوڵەت نەبێت، دیسان بارزانی لە کۆنگرەی میونشن سەرقاڵی پێداویستی و چەکی پێشمەرگە و پشتگیری بۆ کوردستان بوو، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرۆك بارزانی نەپەرژابووە سەر ئەوەی لەگەڵ حزبەکانی کوردستانیش کۆبوونەوە بکات و تەنانەت پێش ئەوەی ئەم فیتنەو ئاژاوەیە دروست بێت، سکرتێر و سەرۆکی حزبەکانی کوردستان دەچوونە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی سەردانی بارزانی بکەن، یان کۆبوونەوەی لەگەڵدا بکەن.

لەدوای مانگی مارتی ٢٠١٥، بارودۆخی کوردستان لەمیانەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وەرچەرخانێکی ئەوتۆ گەورەی لەسەر ئاستی

**راستە بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٧ی نیسانی ٢٠١٤ ڕێککەوتنیان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم گرێداوە، بەڵام تەمەنی بەشداری پارتی و گۆڕان پێکەوە بە شێوەیەکی کرداری لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا تەنیا یەک دوو مانگ بووە**

**لەدوای مانگی مارتی ٢٠١٥، بارودۆخی کوردستان لەمیانەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وەرچەرخانێکی ئەوتۆ گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە بینیبوو، کە گەیشتبووە ئەو ئاستەی پێش ئەوەی خۆمان باسی ئەوە بکەین کە کوردستان شایستەی ئەوەیە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، زۆر لەدەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ ڕاشکاوانە بە شاندەکانی کوردستانیان ڕادەگەیاند کوردستان شایستەی سەربەخۆییەو ئەگەر خۆتان دەوڵەت ڕابگەیێنن، ئەوا ئێمە ئامادەین پشتگیریتان بکەین**

**لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی کوردستانیش لە بەغدا، پارتی زۆر نەرمیی نواند و پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە بەرکەوتەی هەڵبژاردنی پارتی بوو، درایە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی لایەنە کوردستانییەکان هەموو پێکەوە وەک تیم کاربکەن**



**هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەفەرمی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر دەستخۆشی لەو سەرکردایەتییە سیاسییە دەکەن کە سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیانی لە کوردستاندا پاراستووە**

نێودەوڵەتی بەخۆیەوە بینیبوو، کە گەیشتبووە ئەو ئاستەی پێش ئەوەی خۆمان باسی ئەوە بکەین کە کوردستان شایستەی ئەوەیە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، زۆر لەدەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ ڕاشکاوانە بە شاندەکانی کوردستانیان ڕادەگەیاند کوردستان شایستەی سەربەخۆییەو ئەگەر خۆتان دەوڵەت ڕابگەیەنن، ئەوا ئێمە ئامادەین پشتگیریتان بکەین، لەناو ئەم بارودۆخە گەشبینییەدا، کوردستان خۆی بۆ سەردانی ئەمریکا ئامادەدەکرد کە پێشتر بە فەرمی لەلایەن کۆشکی سپییەوە سەرۆکی کوردستان بانگهێشت کرابوو، بۆ ئەم سەردانەش سەرۆك بارزانی هەوڵیدا ئەم سەردانانە بکاتە هۆکارێکی دیکە بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوماڵی کوردستان و لەسەر ئەم بنەمایەش بەسەرۆکایەتی شاندێکی هاوبەش چووە کۆشکی سپی و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما، لەدوای ئەم سەردانەوە کوردستان دەرگایەکی دیکەی گەشبینی بە ڕوودا کرایەوە، بەڵام مخابن بزووتنەوەی گۆڕان لەبری ئەوەی فاکتەرێکی سەرەکی بێت بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتە گەورانە بقۆزرێتەوە، کەوتە داڕشتنی گوتارێك کە ئەو دەرفەتەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە، نەتوانرێت سوودی لێوەربگیردرێت، فۆکۆ گوتەنی مەترسییەکە لەوەدا نەبوو کە یوسف محەمەد پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی ژێرپێ نابوو، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدا بوو، حزبایەتی وەك شێتی تێکەڵی گوتاری دامەزراوەیەکی شەرعی وەك پەرلەمانی کوردستان کردبوو.

### ● ئایا بزووتنەوەی گۆڕان لەناو پرۆسەی سیاسیدا هەڵدەکات؟

ڕاستە بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٧ی نیسانی ٢٠١٤ ڕێککەوتنیان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم گرێداوە، بەڵام تەمەنی بەشداری پارتی و گۆڕان پێکەوە بە شێوەیەکی کرداری لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا تەنیا یەك دوو مانگ بووە،



ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە ٤ی ئایاری ٢٠١٤ دەستی پێکردبێت، ئەوا پێش ئەوەی کابینەی هەشتەم متمانە لە پەرلەمان وەربگرێت، شەڕی دژی داعش دەستی پێکردووە، هەرێمی کوردستان لەماوەی حوزەیرانی ٢٠١٤ هەتا ئایاری ٢٠١٥ کە بەتەواوەتی مەترسیی داعش لەسەر کوردستان بوونی نەما، لە بارودۆخێکی ئاڵۆزو شەڕدا بووە، پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا تەنیا سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و بەرەکانی شەڕ و پێداویستیی زیاتر لە یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار ئاوارە بووە کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

بۆیە کاری پێکەوەیی نێوان حزبە سیاسییەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ناوخۆی کوردستان لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ دەست پێدەکات، یەکێك لەو پرسانەی کە گرنگ بوو بە شێوەیەکی لۆژیکانەو لەچوارچێوەی سازانی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پرسی وادەی کۆتاییهاتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، ئەمەش بەو مانایەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پۆستە هەستیارە دەکرێت لەم بارودۆخە ئاڵۆز و هەستیارە تازەی بە هۆی شەڕی دژی داعشەوە لە کوردستان و ناوچەکە هاتۆتەئاراوە.

کەواتە پرسەکە بریتی بوو لەوەی حزبە سیاسییەکان چۆن لەسەر ویلایەتی سەرۆك بارزانی قسە دەکەن؟ ئایا دەیانەوێت ئەو لە ویلایەتەکەی بمێنێتەوە، یان کەسێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکەن؟ لەسەر ئەم پرسە سەرۆك بارزانی تەواوی کاری یەکلاکردنەوەی ئەم پرسەی دابووە دەست حزبە سیاسییەکان، وەك خۆی راشکاوانە رایگەیاندبوو، حزبەکان گەیشتنە چ رێککەوتنێك، هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات.

رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان کە بە پیلان داڕێژەری ئەو ئاژاوەگێڕییە دادەنرێت کە لەماوەی ساڵی رابردوو لەکوردستاندا روویدا،

**بزووتنەوەی گۆڕان عینادیی هەڵبژاردووەو داوادەکات، بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، ئەمەش بەو مانایەی جارێکی دیکە لەسەر هەمان تاس و حەمام، ئاژاوە لە کوردستان دروست بکرێتەوە، ئامێری سەرەکیش بۆ ئەو ئاژاوەو ناسەقامگیرییە پەرلەمانی کوردستان بێت. ئەمەش نەک تەنیا لای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی قبوڵکردن نییە، بەڵکو لای بەشی زۆری حزبەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جێگەی قبووڵکردن نییە**

ئەم پرسەی هەڵگێڕایەوە، لەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی تازەی پێکهێنابوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەستووری کوردستان بنووسنەوەو لەناو دەستووردا پرسی سیستمی سیاسی لەکوردستاندا چارەسەر بکرێت، هات پرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی دروستکرد، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان سەریان لێ بشێوێت، یان بە تێگەیشتنی نەوشیروان مستەفا، لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی زۆر مەبەستێتی لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، ئەوا ئەم فێڵە سیاسییە بەسەر پارتی و سەرۆك بارزانی-دا تێدەپەڕێنێت.

بەڵام وەك بیرمەندی ئەمریکی ئۆسن رەنی لە کتێبی (سیاسەتی حوکمڕانی) ئاماژەی پێکردووە: «دەوڵەتمەدار سەیری نەوەکانی داهاتوو دەکات و سیاسەتمەدار سەیری سندوقی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات.» سەرۆك بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی بەئەزموون سەیری ئایندەی کوردستانی کرد، ئەو لای گرنگ نەبوو، ئێستاش لای گرنگ نییە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە، چەندین جاریش داوای لە حزبە سیاسییەکان کردووە کە کەسێکی دیکە دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی دەورو تەسلیمی لەگەڵ بکات، بەڵام ئایندەی سیستمی سیاسیی کوردستانی لا گرنگ بوو، کە بەجۆرێك بێت ئاشتی و سەقامگیری نەکەوێتە مەترسییەوە.

نەوشیروان مستەفا بۆ سەرخستنی ئەم پیلانەی پەنای بۆ زۆرینەو کەمینەی پەرلەمانی برد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەسەڵاتی خۆیدا بوو، رۆژێك بۆ ریفراندۆم لەسەر رەشنووسی پەسندکراوی دەستوور لە لایەن پەرلەمانەوە دیاری بکات، کە لە کۆی ٩٧ پەرلەمانتار ٩٦ پەرلەمانتار دەنگی لەسەر دابوو، بەڵام بۆ ئەوەی کۆدەنگیی نێوماڵی کوردستان تێکنەچێت، پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر رازی بوو ئەو دەستوورە بگەڕێتەوە، بەڵکو رازی بوو لیژنەیەکی تازەش بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی تازە دابمەزرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پرسی تێکەڵکردنی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ پۆستی سەرۆکی هەرێم) لەیەکتری جیابکاتەوە، بە دوومانگ بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی ویلایەتەکەی، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، ئامادەباشی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت و لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان لە رێگەی هەڵسووڕاوەکەیەوە کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کارتەکان بەتەواوی تێکەڵ و بکات و لێکجیاکردنەوەی ئاسان نەبێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و چەندین حزبی سیاسیی دیکە کە بۆچوونیان لەگەڵ پرۆژەکەی گۆڕان جیاواز بوو، بەرامبەر ئەم پیلانەی نەوشیروان مستەفا راوەستانەوە، ئەوە بوو لە رۆژی ١٩ی ئاب بە زۆرینەی پەرلەمانی پرۆژەکەی نەوشیروان مستەفا شکستی هێنا. دوای ئەم شکستە ئیدی پەرلەمانی کوردستان بووە کارتێکی سووتاو و هیچ رۆڵێکی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان نەما، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی دیکە هەوڵیدا پرۆسە سیاسیەکە بخاتەوەگەڕ و کێشەکان لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا بە سازان چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمجارەشیان بزووتنەوەی گۆڕان لە مانگێك زیاتر بەرگەی نەگرت و هەوڵیدا ئاژاوە و فیتنەیەکی ئەوتۆ دروست بکات کە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت، بۆیە لە ئەمجارەیان پارتی ناچار بوو لای خۆیەوە گۆڕان لە پرۆسەی سیاسی بکاتە دەرەوە.

## ● دوای بەخۆداچوونەوەی گۆڕان پەرلەمان کارا دەکرێتەوە

شێوازی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان بووەو یوسف محەمەد جێبەجێی دەکرد، حزبە سیاسییەکانی کوردستانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی بە راشکاوی بڵێن: کاری پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەرزەکاری سیاسی بەڕێوە ناچێت. ئەمەش واتە بەدیوێکی دیکەدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نابێ بدرێتە حزبێکی سیاسی کە بەشێوەیەکی هەرزەکارانەو

**باروودۆخی کوردستان لەماوەی حوزەیرانی ٢٠١٤ هەتا کۆتایی مانگی کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٥، تەنیا بریتی بووە لە بەرگریکردن لەکوردستان و رەواندنەوەی مەترسیی داعش لەسەر کوردستان و دابینکردنی چەک و پێداویستی بۆ پێشمەرگە، لەمەش زیاتر لە ئابی ٢٠١٤ـەوە تا مانگی شوباتی ٢٠١٥ واتە دوای رزگارکردنەوەی شنگال و کۆبانێ، بۆیە سەرۆک بارزانی بێجگە لە سەرقاڵبوونی بە سەرپەرشتیی راستەخۆی شەڕی دژی داعش (لە کۆبانێ تا جەلاولا) نەیتوانیوە هیچ کارێک لەسەر پرسی ناوخۆی کوردستان بکات، یان راشکاوانەتر ئەم پرسەی بۆ حکومەت و حزبەکان جێهێشتبوو**

**دوای تێپەڕبوونی ٨ رۆژ بەسەر راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، هێشتا کابینەی هەشتەم دەستبەکار نەبووە، هەربۆیە کابینەی هەشتەم راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ وەرچەرخانێک کرد کە واقیعێکی تازەی چاوەڕواننەکراوی هێنابووە پێشەوە، کە دەبوو بەناچاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

بۆ مەبەستی تەسکی حزبایەتی شکۆی ئەم دەزگا شەرعییە ژێر پێ بنێت و یاری بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات.

لێرەوە کێشە و ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم کارابوونەوەی پەرلەمان ئەو خاڵە گرنگەیە کە حزبەکانی کوردستان دەستنیشانیان کردووە، ئەویش ئەوەیە ئایا پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکەش بکرێتەوە بە گەمەی بەردەستی هەرزەکارە سیاسییەکان؟ یان دووبارە بکرێتەوە بە ئامێرێك بۆ ئامانجی حزبێکی سیاسی کە دەیەوێت شکۆی پەرلەمانی کوردستان بشکێنێت؟

قسەکردن لەسەر ئایندەی پەرلەمانی کوردستان پێویستی بەوردبینی و لۆژیکێکی واقیعییانە هەیە. پرسەکە ئەوە نییە لایەك دەیەوێت پەرلەمان کارا بکرێتەوەو لایەکەی دیکە ڕێگر بێت. نەخێر، پرسەکە ئەوەیە پەرلەمان چۆن کارابکرێتەوە و چۆن هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبنەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە هەموو لایەنە سیاسییەکان بێجگە لە گۆڕان هەر یەکەیان جۆرێك لە تێگەیشتن و وەڵامی لۆژیکانەی خۆیان هەیە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفای ڕێکخەری، هەتا ئێستاش لەسەر عینادیی خۆیان سوورن و دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئەبوجاسمانە رای خۆیان بەسەر هەموو خەڵکی کورستاندا فەرزبکەن، یان درێژە بەو بارە نائارامە بدەن، بۆ ئەوەی هەمیشە ژینگەی ئاژاوە دروستکردن لە کوردستاندا لەبار بێت.

لەبەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، لەو ماوەیەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لای گۆڕان بووەو یوسف محەمەد وەك هەڵسووڕاوی ئەو بزووتنەوەیە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، ئایا ئەو شێوازەی یوسف محەمەد پیادەی کردووە، رەفتاری کەسی ئەوە، یان ئەو سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕانی جێبەجێ کردووە؟ دیارە هەتا ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەشی خۆیان لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدزنەوەو نایانەوێت ئەم دوو حاڵەتە بۆ خەڵکی کوردستان روون بکەنەوە، بەڵام پێداگیری بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی کە داوادەکەن بارودۆخەکە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەر بگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی زمنی ئەو وەڵامەمان پێدەڵێ، کە یوسف محەمەد بێجگە لە سەربازێك بۆ جێبەجیکردنی بڕیارەکانی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان هیچ شتێکی دیکەی نەکردووە و ئەو رەفتارەی کردوویەتی بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان بووە، وەك مەحمود رەزا-ش لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، یوسف محەمەد بۆیە خیمەی بۆ مانگرتن هەڵنەدا، لەبەر ئەوەبوو پێویستی بە بڕیاری سیاسیی گۆڕان هەبوو، ئەوانیش ئەو بڕیارەیان بۆ دەرنەکرد.

دیارە بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی زۆر بە راشکاوی قسەی خۆیان کردووە، بەوەی دەبێت بگەڕێنەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەست لە گەڕانەوە بۆ پێش ١٢ی ئۆکتۆبەر چییە؟ ئەگەر مەبەست لە پێش ١٢ی ئۆکتۆبەر رۆژانی ١٠ و ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥یە کە بارەگاکانی پارتی دەسووتێندران، ئەوا هیچ کەسێك ئەوە قبوڵ ناکات، ئەگەر مەبەستیش ١٩ی ئابە کە تیایدا یوسف محەمەد ڕێککەوتنی هەموو حزبە سیاسییەکانی ژێرپێ ناو کارتی پەرلەمانی سووتاند، ئەوا هەموو خەڵکی کوردستان و حزبە سیاسییەکانیش ئەوە قبوڵ ناکەن، ئەگەر مەبەستیش ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ یە، کە سازانی نیشتمانی ژێرپێ نراو مەترسیی فیتنەیەکی گەورەی لە کوردستان دروست کرد، ئەمیشیان کەس قبوڵی ناکات، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئایاری ٢٠١٥ کە خۆئامادەدەکرا بۆ ئەوەی ژووری عەمەلیات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دەست بەکاربێت و لەبری ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پیلانێکی ترسناکی دارشت، ئەوا بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و سەقامگیری و تەناهی کوردستان ئەو گەڕانەوەیە قبوڵ ناکات.

**لە هەموو پەرلەمانەکانی جیهاندا کاری ئەوەیە رێز لە ئیرادەی پەرلەمانتارو فراکسیۆنەکان و ڕێککەوتنی حزبە سیاسییەکان بگرێت، نەک پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە ئاستێک بچووک بکاتەوە کە لەبەر خاتری حزبەکەی، ئیرادەی پەرلەمانتار و فراکسیۆنەکان و ڕێککەوتنی حزبەکان ژێر پێ بنێت**

**هەموو حزبە سیاسییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە یوسف محەمەد بێجگە لە هەرزەکارێکی سیاسی و بێ ئەزموون و نەشارەزا، شتێکی دیکەو ئەو کەسە نییە بزانێت مانای پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چییە و ڕێزی لێبگرێت**

**ئەم پێداگیرییەی یوسف محەمەدی بەناو سەرۆکی پەرلەمان لەپای چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دوای شکستی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان، ئەبو تارای پەرلەمانتاری حزبی شیوعی بە رۆژنامەنووسانی دایەوەو گوتی: «پەرلەمان بە هەرزەکاری سیاسی بەڕێوە ناچێت.»**



### یانیس ستیڤاچتیس پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:

# ئەمریکا و رووسیا هێندە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە ناتوانن بیر لەشەڕی یەکتری بکەنەوە

یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆ و پەیمانگای پۆلەتەکنیکی ویلایەتی ڤێرجینیا، بڕوانامەی دکتۆرای لە سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لانکاستەر بەدەست هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك سیستمی نێودەوڵەتی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەوروپا، وانەبێژی بوارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و دیراساتی ئەمنییە. بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی هەڵکشاوی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان و پرسی دەوڵەتە لەبەریەك هەڵوەشاوە شکستخواردووەکانی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرهاویشتەی تازەی لێدەکەوێتەوە، خەریکە لە شەڕی داعشەوە دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا لە سووریادا، ئایا ئەو دەرهاویشتانە نایێتە هۆکاری ئەوەی شەڕی دژی تیرۆریستان زیاتر قووڵ ببێتەوەو کۆتایی نەیەت؟**

- من پێشبینی ئەوە دەکەم ڕووسیا و ئەمەریکا تا ڕاددەیەك دان بە خۆیاندا بگرن، لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زۆر مەترسیدارەو ئێمە خوازیاری ئەوە نین شەڕ لە نێوان هێزە گەورەکاندا هەڵگیرسێت. لەبەر ئەوە من پێشبینی دەکەم جۆرێك لە چارەسەری دیپلۆماسی بێتەئاراوە بۆ ئەوەی بتوانن دۆخەکە سەقامگیرو ئارام بکەنەوە. من لەوە تێدەگەم کە ناکۆکی ناڕاستەخۆیان لەنێواندایە، بەڵام پێموایە ئەم دوو هێزە گەورەیە ئەوەندە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە کە ببێتە هۆی ئەوەی پەنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ببەن.

*** کەواتە پێتوانییە شەڕێکی دیکەی جیهانی بەڕێوەیە؟**

- پێموانییە بگاتە ئەو ڕاددەیە، بە تێڕوانینی من هەردوو هێزە گەورەکە لە مەترسیی بارودۆخەکە تێدەگەن و نابێت سیاسەتی هەڵکشاندن و بەرەو هەڵدێربردن هێزەکان ئاڕاستە بکات و پێویستە چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە بگیرێتەبەر.

*** ئایا پێتوایە ئەم بارگرژییەی نێوان هێزە گەورەکان دەبێتەهۆی ئەوەی تەرکیزێکی کەمتر لەسەر شەڕی داعش و تیرۆریستان بکرێت؟**

- من پێشتر ئاماژەم بە پێویستی گەیشتن بە چارەسەرێکی دیپلۆماسی کرد، ئەویش لەبەر ئەوەی بتوانرێت تەرکیز لەسەر شەڕی داعش بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو بارگرژییەی نێوان ئەو دوو هێزە گەورەیە بەردەوام بێت، ئەوا ناتوانن چارەسەری مەترسیی داعش، یان گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە بکەن، بەڵکو ئەو کاتە تەرکیزەکە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەو دوو هێزە گەورە جیهانییە دەبێت، ئەمەش نە لە بەرژەوەندی ئەمەریکا دەبێت و نە بە قازانجی ڕووسیاش دەشکێتەوە، هەروەها لە بەرژەوەندی هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نابێت.

*** کەواتە دەبوو، یان دەکرا چ شتێك بکرایە بۆ ئەوەی سووریا نەگەیشتایەتە ئەم دۆخەی ئێستا و ئایا دەکرێت لە ئێستادا چی بکرێت بۆ هێورکردنەوە و ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە؟**

- ئەگەر لە دۆخی شارێکی وەك حەلەب بڕوانین، ئەوا ڕەنگە کەس نەتوانێت پێشبینی بکات کە چی ڕوودەدات، ئەمەش لە بەرژەوەندی کەسدا نییە، تەنانەت لە بەرژەوەندی ڕژێمەکەی ئەسەدیشدا نییە. لەبەر ئەوە من باوەڕم بە هێزی دیپلۆماسی هەیە، بە هەموو ئامرازەکانی پەیوەست بە دیپلۆماسیەتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە بگیرێت و بەر بە بارودۆخە مەترسیدارەکە بگیرێت. پێموایە دەکرێت ئەمە ئەنجام بدرێت، بەڵام پێویستە هەموو لایەنەکان دان بەخۆیاندا بگرن.

*** لە ئێستادا هەست دەکرێت ئەجێندای هێزە ئیقلیمییەکان وەك ئێران و تورکیا لەگەڵ ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش یەك ناگرێتەوە، هێزە ئیقلیمییەکان ستراتیژیەتێکی جیاوازیان بۆ خۆیان دیاریکردووەو لە ناو شەڕی دژی داعشیشدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە، هەر بۆ نموونە تورکیا کە ئێستا چووەتە ناو خاکی سووریا شێوەیەکی سەربازی خۆی هەیە، ئێران هەوڵی مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد دەدات، ئایا ئەم دەستێوەردانە ئیقلیمییانە نایێتە هۆکاری ئەوەی شەڕی دژی داعش ببێتە شەڕێکی لاوەکی؟**

- هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، هەروەها من پێموایە نەك هەر ئێستا بەڵکو ساڵێك پێش ئێستا و بگرە زیاتریش هەندێ دەوڵەتی ئیقلیمی هەبوون کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی داعشیان دەکرد، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەبێت سەرجەم دەوڵەتە ئیقلیمییەکان هاوشان بە هێزە گەورەکان پێکەوە کۆببنەوەو بەرژەوەندییەکانی ناوچەکەو چارەسەرکردنی دۆخەکە بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە. ئەگەرنا هەموو لایەنەکان بە دۆڕاوی لەم دۆخە دەردەچن. هەروەها هێزە گەورەکان، لەبەر ئەوەی خاوەنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی زیاترن، بەرپرسیاریێتی گەورەتریان دەکەوێتەسەرشان بۆ ئەوەی بە چەشنێك هەڵسوکەوت بکەن کە ڕەفتاری وڵاتانی ناوچەکە سنووردار بکەن، بۆ نموونە لە پێوەندی بە ئەمەریکا و تورکیاوە. کەواتە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە ئەوە بەدی بکەن کە هێزە گەورەکان هاوکاری یەکترن بۆ ئەوەی ڕێگریان لێبکەن لە پشتیوانیکردنی داعش، بەڵام ئەگەر ڕووسیا و ئەمەریکا ئەم وڵاتانە بۆ دژایەتیکردنی یەکتر بەکار بهێنن، ئەوا ئەم وڵاتانەش دەرفەتێك بەدی دەکەن بۆ ئەوەی پەرە بە سیاسەتی تایبەت بە خۆیان بدەن.

*** سەبارەت بە ئەمەریکا وەك لایەنی سەرەکی لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، وەك دەبینین ئێستا ئەمەریکا خۆی ئامادە دەکات بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق شەڕی موسڵ لە**

**ئومێدی من ئەوەیە هێزە گەورەکان بەتایبەتی ڕووسیا کارێك بکەن بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە و ڕێگەخۆش بکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکانی ناوچەکە لە گرنگیی حوکمڕانیی باش تێبگەن**

**کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەزانم و پێموایە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشدار بێت لە چارەسەرکردنیدا**

**پێش ئەوەی پرسی دروستکردنی دەوڵەتی نوێ و سنووری نوێ بهێنرێتەبەرباس، دەبێت بەلای کەمەوە ناوچەکە سەقامگیر بکرێت**

**ژێر دەستی داعش ڕزگار بکات، بەڵام ئەم هەوڵانەی ئەمەریکا لە سووریا بەو ئاستە بوونی نییە، ئایا تێکشکاندنی داعش لەعێراق و مانەوەی لە سووریا مانای ئەوە نییە ئەمەریکا لە سووریا شەڕەکەی دۆڕاندووە؟**

- بەڵێ، ئەمە حاڵەتەکەیە، بەڵام خۆ هەر دەبێت لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەست پێبکەیت، ڕاستە شەڕی موسڵ ساتەوەختێکی گرنگە لە شەڕی دژ بە داعشدا، بەڵام من دڵنیانیم کە ئەم شەڕە چەند بە خێرایی ئەنجام دەردێت. هیلاری کلینتۆن باسی لەوەکرد کە ڕەنگە بتوانێت لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا ئەم شارە بگەڕێنێتەوە، بەڵام من نازانم پلانە سەربازییەکان چین. ڕاستە ئەگەر داعش تێکبشکێندرێت لەم شارەدا، ئەوا بایەخێکی ڕەمزی و گەورەی دەبێت، بەڵام بە بۆچوونی من داعش بەرەو شارێکی دیکە و بەرە ناوچەیەکی دیکە هەڵدێت و هەوڵ دەدات جارێکی دیکە درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆی بدات، کەواتە ئەمە تەنیا ئەڵقەیەکە لە زنجیرە هەوڵەکانی تێکشکاندنی داعش.

*** لایەنێکی دیکەی وەرچەرخان کە لە هەفتەی ڕابردوودا بینیمان، هێرشی فڕۆکەکانی سعودیە بوو بۆ سەر بۆنەیەکی ئایینی شیعەکان لە یەمەن، بەمەش زیاتر لە ١٤٠ مەدەنی کوژران، ئایا ئەم هێرشەی سعودیە بۆ سەر شیعەکانی یەمەن، مانای شەڕێکی ناڕاستەوخۆ نییە دژی ئێران و شیعە بەگشتی لە ناوچەکەدا؟**

- بەڵێ، دەکرێت بەم شێوەیە وەسفی بکەین، بەڵام من دەڵێم لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا، ئەگەر هێزە گەورەکانی وەك ڕووسیا و ئەمەریکا هاوکاری یەکتر نەکەن و هەر یەکەیان سیاسەتی تایبەت بەخۆی بگرێتەبەر، ئەوا ڕووداوی لەم چەشنە ڕوودەدات کە ببێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە. لەبەر ئەوە دەبێت ئاستێکی بەرزی هاوکاری هەبێت لەنێوان هێزە گەورەکاندا. واتە دەبێت هێزە گەورەکان بە بەرەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو لەبەرامبەر هێزە ئیقلیمییەکاندا بوەستن، چونکە ئەگەر هێزە گەورەکان تەنیا سەرقاڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بن، ئەوا هێزە ئیقلیمییەکانیش بە هەمان شێوە بەردەوام دەبن لەسەر ئەم گەمەیە، ئەویش لەسەر حیسابی سەقامگیریی ناوچەکە دەبێت.

*** لە نێو ئەو وەرچەرخانەی ئەم ئاڵۆزییانەی ناوچەکە بە خۆیەوە دەیبینێت، زۆر لە چاودێران پێیانوایە تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە جارێکی دیکە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکێشرێنەوە، ئایا تاچەند دووبارە کێشانەوە سنوورەکان دەبێتە ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو شەڕە ئاڵۆزەی ئێستا لە ناوچەکە بەڕێوەدەچێت؟**

- من پێموانییە هێشتا دۆخەکە بەو ئاستە گەیشتبێت کە پەنا بۆ ئەم چارەسەرە ببەین، لەبەر ئەوەی دروستکردنی دەوڵەتی نوێ و خاك و سنووری نوێ بە شەو و ڕۆژێك نایەتەدی. ڕەنگە پێ بەپێی پەرەسەندنەکان بیر لە چارەسەرێکی لەم چەشنە بکەینەوە، بەڵام نەك لەم ساتەوەختەدا، چونکە ڕەنگە کێشەوگرفتی دیکە هەبن کە پێویست بکات بکرێنە ئەولەوییەت لەم کاتەدا. بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا ئەم ئەگەرەمان لەبەرچاو گرت، ئەوا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزە ئیقلیمییەکان بەشدار بن لەم پرۆسەیەدا. واتە نابێت ڕێگە بدەین کە تەنیا دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، یان چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو بڕیاری ئەوە بدەن کە دەبێت چی بکرێت. چونکە مەسەلەی شەرعییەت لەم پرسەدا زۆر گرنگەو ئەمەش ناوچەیەکی تەواو هەستیارە.

*** واتە مەبەستتان ئەوەیە دۆخی ناوچەکە بە ڕادەیەك ئاڵۆزە کە چارەسەرێکی ئاسان لەئارادا نییە؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، چونکە لە یەك کاتدا چەندین ناکۆکی لەئارادان، کەواتە پێش ئەوەی پرسی دروستکردنی دەوڵەتی نوێ و سنووری نوێ بهێنرێتەبەرباس، دەبێت بەلای کەمەوە ناوچەکە سەقامگیر بکرێت. دووبارەی دەکەمەوە دەبێت ئەمە هەوڵێکی بەرفراوان بێت و ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە لەخۆبگرێت، چونکە مەسەلەی گۆڕینی سنوورەکان مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو نابێت بڕیارەکە بۆ چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو جێ بهێڵدرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمە مەحاڵیش نەبێت، ئەوا زۆر زەحمەتە لە سایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا. کەواتە ئەگەر پرسی سنوور لە دەوڵەتێکدا بکەیتەوە، ئەوا ئەمە دەوڵەتانی دیکەش دەگرێتەوە، بۆ نموونە، ئەگەر باسی کێشەی کورد بکەیت، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکەیت، چۆن مامەڵە لەگەڵ تورکیادا دەکەیت — لە پێوەندی بە کێشەی کوردەوە-، هەروەها ئەگەر کێشەی کوردیش بورووژێنرێت، ئەوا چەندین کێشەی دیکەش دێتەبەرباس.

*** باشە ئەگەر گۆڕینی سنوورەکان مەحاڵ بێت، یان زۆر قورس بێت، ئەی ئایا جارێکی دیکە دەکرێت حکومەتێکی کارا و بەرپرسیار لە ناو ئەم سنوورانەدا دابمەزرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو خەڵکەی ئێستا لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتانی ئێستادا

**پێویستە وڵاتانی ناوچەکە ئەوە بەدی بکەن کە هێزە گەورەکان هاوکاری یەکترن بۆ ئەوەی ڕێگریان لێبکەن لە پشتیوانیکردنی داعش، بەڵام ئەگەر ڕووسیا و ئەمەریکا ئەم وڵاتانە بۆ دژایەتیکردنی یەکتر بەکار بهێنن، ئەوا ئەم وڵاتانەش دەرفەتێک بەدی دەکەن بۆ ئەوەی پەرە بە سیاسەتی تایبەت بە خۆیان بدەن**

**ئەگەر لە دۆخی شارێکی وەک حەلەب بڕوانین، ئەوا ڕەنگە کەس نەتوانێت پێشبینی بکات کە چی ڕوودەدات، ئەمەش لە بەرژەوەندی کەسدا نییە، تەنانەت لە بەرژەوەندی ڕژێمەکەی ئەسەدیشدا نییە**

بمێننەوە، ئەوا دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە کە حکومەت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، مەبەستم ئەوەیە پرسی حوکمڕانیی باش مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە. بەڵام حکومەتەکانی ناوچەکە لە پێگەیەکدا نین کە بتوانن، یان بیانەوێت کارێکی زۆر ئەنجام بدەن کاتێك دەبینن هێزە گەورەکان، بەتایبەتی هەردوو هێزە گەورەکەی جیهان لە ناکۆکیدان، چونکە ڕێگایەك دەدۆزنەوە بۆ کەڵکوەرگرتن لەم ناکۆکی و جیاوازییە. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە من خوازیاری ئەوەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان وەك پێویست دەوڵەتی بەهێز بن، مەبەستم لە بەهێزی ئەوەیە کە شەرعیەتیان هەبێت لە تێڕوانینی هاووڵاتیەکانیانەوە.

*** ئەوەی لەم هاوکێشە ئاڵۆزەی شەڕی داعش، دوور لە ئامانجی تایفەگەری شەڕ دژی تیرۆریستان داعش دەکات، کوردە، هەروەها لە کوردستانی عێراقدا کە کورد خۆی بەڕێوەی دەبات، ژینگەیەکی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی هاتۆتەئاراوە، ئایا تا چەند گرنگە جیهان پشتگیری کوردستان بکات، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- ئێوە باس لە کوردی عێراق دەکەن کە قورس نییە کورد لەم بەشەدا مومارەسەی خۆبەڕێوەبەری بکات، بەڵام ئەگەر باس لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بکرێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە بەشێکی گەورەی کورد لە سنووری تورکیادا دەژین. کەواتە ناکرێت لە قۆناخی خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی عێراقدا هەنگاو بەرەو دەوڵەت هەڵبگرن، بێ ئەوەی کێشە لەگەڵ تورکیادا دروست بکەن. بەو پێیە دەکرێت یەکێك لە ڕێگاکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکانی ناوچەکەدا دروستکردنی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری بێت. بەڵام ئاسان نییە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری هەنگاو بەرەو جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی مەترسیەکی زۆر لە ئارادایە، کەواتە ئەوەی لە عێراقدا -لە پێوەندی بە کوردەوە- ڕوودەدات، واقیعێکە کە مەرج نییە بتوانرێت لە شوێنی دیکە دووبارە بکرێتەوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە ئاسان نییە هەرێمی کوردستان — کە هەرێمێکە خۆی کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات و بۆتە ئەمری واقیع-، هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری هەڵبگرێت، بەهۆی فاکتەری تورکیاوە، چونکە کوردێکی زۆر لە تورکیادا دەژین.

*** بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین کە کوردستان یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئایا پشتیوانی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- من ناڵێم پشتیوانی بەدەست ناهێنێت، چونکە هەرچۆنێك بێت ڕاددەیەك لە پشتیوانی مسۆگەر دەکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەو پشتیوانییە چەندە. بەڵام دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی دانپێداناندا بکەین، چونکە نامانەوێت قەوارە نوێیەکە دووچاری مەترسی بکەینەوە، چونکە ئێمە ناخوازین لە میانەی دانپێداناندا یان لە پرۆسەی دانپێداناندا کارێك بکەین کە تورکیا کاردانەوەی هەبێت و بگاتە ڕاددەی داگیرکردنی دەوڵەتە نوێیەکە —ئەویش وەك هەنگاوێك بۆ لەباربردنی پێشوەختە-. کەواتە دەبێت وریا بین، چونکە ڕەنگە لە پرۆسی هاوکاریکردن و شەرعییەت پێبەخشیندا ڕەنگە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئەم قەوارە نوێیە دروست بکەین.

*** با دوایین پرسیارمان ئەوە بێت کە ئایا تا چەند دەتوانرێت لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا جۆرێك لە گەشبینی بۆ ئایندەی ئەم ناوچە گرنگەی جیهان ببینرێت؟**

- دەبێت گەشبین بین، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت، چونکە دەتوانیت لە ماوەیەکی کورتدا کێشە دروست بکەیت، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکان کاتێکی زۆریان دەوێت. هەروەها ئێمە زۆر کارا نین لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە یەك کاتدا. لەبەر ئەوە من کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەزانم و پێموایە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشدار بێت لە چارەسەرکردنیدا، واتە ئەمە تەنیا کێشەی نێوان دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی ناوچەکە نییە و ئەمە کێشەی نێوان تەنیا دوو هێزی گەورەی وەك ڕووسیا و ئەمەریکا نییە، ئەمە کێشەی سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، چونکە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، پەلدەکێشێت بۆ شوێنەکانی دیکەی جیهان، کەواتە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چالاکانە بەشدار بێت و بەرەیەکی یەکگرتو دروست بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە هێزە گەورەکان بەتایبەتی ڕووسیا کارێك بکەن بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە و ڕێگەخۆش بکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکانی ناوچەکە لە گرنگیی حوکمڕانیی باش تێبگەن، هەروەها لە گرنگیی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیەکانیان تێبگەن. ئەمەش پرۆسەیەکە کاتی دەوێت، چونکە چەندین تەنگژە و قەیران لەئارادان، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە من لەگەڵ ڕێگاچارەی دیپلۆماسی و بەرەیەکی یەکگرتووی نێودەوڵەتیدام.

**هەندێ دەوڵەتی ئیقلیمی هەبوون کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی داعشیان دەکرد، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەبێت سەرجەم دەوڵەتە ئیقلیمییەکان هاوشان بە هێزە گەورەکان پێکەوە کۆببنەوەو بەرژەوەندییەکانی ناوچەکەو چارەسەرکردنی دۆخەکە بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە. ئەگەرنا هەموو لایەنەکان بە دۆڕاوی لەم دۆخە دەردەچن**

**پێشبینی ئەوە دەکەم ڕووسیا و ئەمەریکا تا ڕاددەیەک دان بە خۆیاندا بگرن، لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زۆر مەترسیدارەو ئێمە خوازیاری ئەوە نین شەڕ لە نێوان هێزە گەورەکاندا هەڵگیرسێت**

# پەکەکە، وەک مەترسییەکی ستراتیژی لەسەر ئێستێ و داهاتووی خاک و خەڵکی کوردستان



عەبدولڕەزاق عەلی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پەکەکە چی دەکات لە شنگال؟ پرسیارێکی بە ڕووالەت سادە، بە ناوەڕۆك ئاڵۆز و مەترسیدار. هەلومەرجی هاتنی پەکەکە بۆ شنگال، لای هەمووان ئاشکرایە. ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕاستیی ڕووداو و مەرامەکان و بانگەشەکانی پەکەکە و پڕوپاگەندەی فەرماندەکانی لە بارەی چۆنێتی هاتن و هۆکارەکانی مانەوەیان لە چیای شنگالدا هەیە. ئێستێ چی؟ پاش دوو ساڵ و دوو مانگ زیاتر لە هاتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ چیای شنگال، سەرانی پەکەکە، ڕازی نین چیای ستراتیژیی شنگال چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە ئەو جێیانەی لێوەی هاتوون. کاتێکیش، لە هەر بەرپرسێکی پەکەکە دەپرسی بۆچی چۆڵی ناکەن؟ دەمودەست، کۆمەڵێك ئیدیعا و هۆکار ڕیز دەکات کە فڕیان بە ڕاستیی و مەرامە شاراوەکانی سەرانی قەندیلەوە نییە. ڕاستینەکانی سەر ئەرز و ڕەفتاری چەکدارانی پەکەکە و هەڵوێستە سیاسییەکانی سەرانی پەکەکە، نەك لە شنگال، بگرە لە سەرلەبەری کوردستاندا دەیسەلمێنن؛ حاڵیحازر، پەکەکە، جا خۆی ئیدیعای هەرچییەك دەکات با بیکات، بەڵام هێزێکی داگیرکەرەو بوونی چەکدارانی پەکەکە لە چیای شنگال، بووەتە مەترسییەکی گەورە لەسەر کوردبوونی ئێزیدییان و کوردستانیبوونی شنگال. بۆ ئەوەی لە ناڕاستیی هەموو ئیدیعاکانی پەکەکە لەبارەی هاتنیان بۆ شنگال و مانەوەیان لەوێ تێبگەین، هێندە بەسە کە دیقەتێك لە هاتن و مانەوەی پەکەکە لە دەڤەری قەندیل و خێروبێری پەکەکە بۆ ناوچە سنوورییە دوورەدەستەکانی کوردستان بگرین. واتە؛ مایەی مانەوەی چەندین ساڵەی چەکداران و بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە قەندیل و ئەو ناوچە سنوورییانە، چی و چۆن بووە، بۆ شنگالیش، ئەگەر خراپتر نەبێت بە تەئکید چاکتر نابێت. ڕاستیی ڕووداوەکان و مێژوو پێماندەڵێن، ئەو دەمەی لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێك چەکداران و فەرماندەکانی پەکەکە هاتنە قەندیل و دەڤەری خواکوڕك و سێگۆشەی سنووریی کوردستان لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیا، وەك پەنابەر هاتن و پەنایان بۆ شوێنە ئازادکراوەکانی پێشمەرگەی کوردستان هێنا. لە ترسی خۆیان لە کوردستانی باکوور هەڵاتن و پەنایان بۆ پێشمەرگە هێنا، نەك وەك ئێستێ ئیدیعای ئەوە دەکەن گوایە ئەوان فریادڕەسن و هاتوون هاوکاریی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە بکەن. ئەڵبەت ئەو درۆ باوەی پەکەکە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاوی کردووەتەوە، لەمەدا حزبگەلێکی کوردستان بۆ مەرامی خۆیان و میدیای دژەکوردستانی، هاوکاریی پەکەکەن لە بازاڕگەرمی بۆ ئەو درۆیە کە گوایە؛ پەکەکە بۆ هاوکاریی شنگالییان و کوردانی ئێزیدیی هاتوونەتە شنگال، ئەم درۆیە، کتومت وەك درۆکەی هاتنیان بۆ قەندیل و خواکوڕك وایە. بۆیە؛ وەك چۆن چاوپۆشین لە مانەوەی پەکەکە لە قەندیل و خواکوڕك و ناوچە سنوورییەکان، بە تێپەڕینی ڕۆژگار و پێشڤەچوونی ڕووداوەکانی ناوچەکە، دەرکەوت کە هەڵەیەکی گەورە بوو، زۆر جاران خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە باجی گەورەیان داوە، ئاوهاش، مانەوەی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال و بواردان و داکۆکیلێکردنیان تا بمێننەوە و جێگیر بن، هەڵەیەکی نەك گەورەتر، بگرە هەڵەیەکی ستراتیژییە. بۆیە تا ڕۆژێك زووتر


ئەو چەکدارانە لە چیای شنگال نەمێنن، زیان و باجەکانی مانەوەیان، مەترسیی لەسەر دەڤەری شنگال و داهاتووی خەڵکەکەی کەمتر دەبێتەوە. کاتێك دەڵێین، مانەوەی پەکەکە، لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بووەتە مەترسییەکی ستراتیژی بۆ سەر ئێستێ و داهاتووی ئەم هەرێمە، پشت بە چەند پێدراوێکی بەرجەستەو ڕوون دەبەستین. با لە شنگالەوە دەست پێ بکەین. لە شنگال، هەرچی هێزێکی داگیرکەری بێ پەروا دەیکات، پەکەکە ئەوە دەکات. پەکەکە بێ ئەوەی کەمترین ڕۆڵی لە ڕزگارکردنی تەنانەت گوندێکی شنگالدا بینیبێت، هیچ ئیعتیرافێك بە هێزەکانی پێشمەرگە ناکات، بگرە زۆرجاران کێشە بۆ جموجۆڵی پێشمەرگە و ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی سەر بە شنگال دەخوڵقێنێت. پەکەکە، هیچ ئیعتیبارێك بۆ ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات و بگرە کێشەی زۆری ناوەتەوەو تەنانەت تا ئەمڕۆ، کۆمەڵێك بینایەی حکومەتیی داگیرکردووە و چۆڵی ناکات. بوونی هێزێکی چەکداری وەك پەکەکە لە شنگال، دەسەڵاتی ئەمنیی دەڤەرەکەی شێواندووە و دوانموونەش، تەنیا لە ماوەی دە پازدە ڕۆژی ڕابردوودا، هەشت هاووڵاتی مەدەنی لە شنگال و دەوروبەری کوژراون و تا ئەم چرکەیە کەس نازانێت تاوانباران کێن. پەکەکە بووەتە هۆکاری سەرەکیی دابەشبوونی خوشك و برایانی کوردانی ئێزیدیی کە قوربانی یەکەم و هەرەگەورەی دەستی تیرۆریستانی داعشن. کوردانی ئێزیدیی کارەساتێکی زۆر گەورەیان بەسەردا هاتووە، لە هەموو ڕۆژگارێك زیاتر پێویستییان بە یەکڕیزیی و پشتیوانی یەکتری هەیە، ئەوە پەکەکەیە بۆ مەرامی سیاسیی خۆی، تاقم تاقمێنە دەکات و ناهێڵێت یەك بن. پەکەکە لە شنگال دژی خەڵکی کارەساتباری شنگال و پێشمەرگەیەو هاوپەیمان و هاوسەنگەری ئەو دەستەو تاقمانەیە کە مووچە لە عیبادی و حکومەتی عێراق وەردەگرن و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئێزیدییان کورد نین، شنگالیش کوردستان نییە. پەکەکە، وردە وردە زۆنی تایبەت بە خۆی و چەکدارانی لە شنگال دروست دەکات، دایدەبڕێت و خەندەقی بەدەوردا لێدەدات، ئێستێ، پەکەکە، کۆمەڵگەی خانەسووری لە باقی شنگال دابڕیوە، خەندەقی بەدەوردا لێداوە، ئیدیعای ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەی خانەسوور سەر بە خۆسەریی دیموکراتی ڕۆژئاوایە. باشە ئەوە داگیرکاریی نەبێت، ئەی چییە؟!

پەکەکە منداڵان و کچە ڕوواڵەکانی شنگالیی بێ پرسی دایك و باوك و خانەوادەکانیان دەڕفێنێت و داخڵی سەربازگەکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان دەکات و کەس نایانبینێتەوە. لەم بەشەدا بەئازارترین ڕاستینە ئەوەیە، ئەو منداڵ و کچانەی تیرۆریستانی داعش ڕفاندوویانن، بەهیممەتی خێزانەکانیان و هاوکاریی خێرخوازان، وا بەرودوا یەك یەك ڕزگار دەکرێن و دێنەوە، بەڵام تەنانەت یەك منداڵ، یەك کچ، لەوانەی کە پەکەکە ڕفاندوونی، یان خەڵەتاندوونی، تا ئێستێ نەگەڕاونەتەوە و ئەسڵەن خێزانەکانیان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ژیان و چارەنووسیانەوە دەست نەکەوتووە، مەگەر ئەو کچ و منداڵانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕایانکردبێت و خۆیان لە دەستی پەکەکە ڕزگار کردبێت. ئەمانە جیا لەو مەترسییە گشتییانەی کە بوونی هێزی چەکداری پەکەکە لەسەر شنگال و شنگالییان دروستی دەکات، بەو پێیەی پەکەکە هێزێکی غەوارەیەو خەڵکی ئەم هەرێمە نین و بیانووی حازربەدەست دەداتە دەست تورکان کە هەزارویەك گەڕ بە باشووری کوردستان بکەن. ئەم مەترسییەی دواییان لەسەر شنگال، بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش ڕاستە. هەروەها جیا لەوەی هەموو زانیارییەکانی بەردەست دەیسەلمێنن کە ئێستێ، پەکەکە و سەرکردایەتی قەندیل، بوونەتە بەشێك لە ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان. هەواڵەکانی بەردەست ڕادەگەیەنن کە پەکەکە، حاڵیحازر، نەك گەمەیەکی خەتەرناك لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دەکات، بگرە دەستیوەرداوەتە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێوخۆی هێزە بەحسێب دۆستەکانیشی. دواترین نموونە، جێگیرکردنی بەشێك لە هێزەکانێتی لە نێوخۆی سلێمانی و دەوروبەری وەك پشتیوانی لەم باڵ لە دژی ئەو باڵی دی. ئەوەش کە زۆر مەترسیدارە لەم ڕووەوە، زانیارییەکان دەڵێن، پەکەکە، بەرانبەر ملیۆنان دۆلاری خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵەی دەگێڕێت. سەرباری ئەو ڕاستییە ئاشکرا و ڕوونەی کە سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل کە دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی و چەمك و مافی دەوڵەتی نەتەوەیی ناشارێتەوە، خۆی داوەتە پاڵ لایەکی ئەو شەڕە ئیقلیمییەی لە ناوچەکەدا بەرپا بووە. شەڕێك کە کوردستان تەرەف نییە تێیدا و هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە. خۆ ئەگەر پیلانەکەی پەکەکە سەربگرێت و کوردستان بکاتە بەشێك لەو شەڕە، کارەساتی زۆر گەورە بەسەر خاك و خەڵکی کوردستاندا دێنێت. سەرەنجام دەگەینە ئەو ڕاستییەیەی؛ پەکەکە نەك هێزێکی کوردستانی نییە، بەڵکو هێزێکی داگیرکەرەو مەترسیشی لەسەر ئێستێ و داهاتووی کوردستان بە دەڤەری شنگالیشەوە، ئەگەر لە داعش و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

**پەکەکە لە شنگال دژی خەڵکی کارەساتباری شنگال و پێشمەرگەیەو هاوپەیمان و هاوسەنگەری ئەو دەستەو تاقمانەیە کە مووچە لە عیبادی و حکومەتی عێراق وەردەگرن و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئێزیدییان کورد نین، شنگالیش کوردستان نییە**

**پەکەکە بێ ئەوەی کەمترین ڕۆڵی لە ڕزگارکردنی تەنانەت گوندێکی شنگالدا بینیبێت، هیچ ئیعتیرافێك بە هێزەکانی پێشمەرگە ناکات، بگرە زۆرجاران کێشە بۆ جموجۆڵی پێشمەرگە و ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی سەر بە شنگال دەخوڵقێنێت**

**سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل کە دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی و چەمك و مافی دەوڵەتی نەتەوەیی ناشارێتەوە، خۆی داوەتە پاڵ لایەکی ئەو شەڕە ئیقلیمییەی لە ناوچەکەدا بەرپا بووە. شەڕێك کە کوردستان تەرەف نییە تێیدا و هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە**



ڕۆبی بارێت خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا کە لە زانکۆی تەکساس بەدەستی هێناوە، شارەزای پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش و تیرۆر، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ناوچەکەو بزوتنەوە سیاسییەکانە. بۆ لێکدانەوەی دۆخی ئاڵۆزی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شرۆڤەکردنی پرسی کۆتاییهاتنی هەردووو دەوڵەتی عێراق و سووریا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کردو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.

## ڕۆبی بارێت شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# عێراق و سوریا کۆتاییان هاتووەو دەبێت دان بەمەدا بنرێت

*** چۆن بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بارودۆخەکە پڕ لە پشێوییە، هەموو کەس دەزانێت کە کێشەی گەورە هەیە. ئەگەر باسی دەوڵەتێکی وەك عێراقیش بکەین، ئەوا چیتر عێراق بوونی نەماوە، چونکە بەشە شیعەکەی هاوپەیمانێتی هەیە لەگەڵ ئێراندا، کوردستانیش وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێهاتووە، ئەوەی پێوەندی بە ناوچە سوننەنشینەکەوە هەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی داعش. کەواتە لە سووریا و عێراقدا پشێوی هەیەو هەردوو وڵاتەکە داڕووخاون. لەبەر ئەوە گرنگ نییە چی لە حەلەب، یان موسڵ ڕوودەدات، چونکە ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە بونیادی ئەم دوو دەوڵەتە لە بنەڕەتدا داڕووخاوە.

*** واتە پێتوایە گرتنەوەی موسڵ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت لە عێراقدا؟**

- بە باوەڕی من ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێت موسڵ بگرێتەوە، ئەوا هیچ جیاوازییەك لە دۆخەکەدا دروست نابێت، ڕاستە هەموو کەس بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەڵام ئەمە هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەو کاتەش سوننە بە ڕقەوە لە حکومەتی بەغدا دەڕوانن، ئەو کاتەش دەبێت چاوەڕێ بکەین کە بزووتنەوەیەکی موقاوەمەی دیکە دروست بێت. کەواتە گرتنەوەی موسڵ هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات، واتە ڕاستە دەبێتەهۆی لاوازکردنی داعش، بەڵام هیچ شتێك لە جێیدا بنیاد نانرێتەوە.

*** کەواتە ئێوە دەڵێن دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشاون؟**

- من دەڵێم ئەو دەوڵەتانەی لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دروست کران، چیتر وجوودیان نەماوەو تەنیا پێکهاتەکانیان ماوە، وەك کوردستان، هەروەها ئەگەر لە ناوچەی شیعەنشینیش بڕوانین، ئەوا لە ڕووی مێژووییەوە لە ژێر هەژمونی ئێران، یان باڵادەستیی ئێراندا بووە. هەروەها ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق و سووریاش لە ئێستادا کەم تا زۆر یەکگرتوون. کە هیچ یەکێکیان نایانەوێت لەلایەن بەغدا، یان دیمەشقەوە حوکمڕانی بکرێن. لە سووریادا تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەت –جگە لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکە کە لە ژێر کۆنترۆڵی عەلەوییەکاندایە- داڕووخاون. تاکە شتێك

کە ئەسەدی هێشتۆتەوە بریتییە لە پشتیوانی ئێران و پاڵپشتیی ڕووسیا، واتە بە بێ ئەو پشتیوانییە ئەسەد لەناودەچێت. کەواتە لەتەواوی ناوچەکەدا لە بەیروتەوە بۆ بەسرا بونیادی دەوڵەتە کۆنەکە وجوودی نەماوە، تاکە دەوڵەتێکی هەڵسوڕاو لەوێدا ڕەنگە کوردستان بێت.

*** ئایا پێتوایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستانی سەربەخۆ بێتەئاراوە؟**

- من پێشبینی ئەوە ناکەم جارێکی دیکە کوردستان بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی بەغداو ڕازی بێت سیاسەتێکی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنێت، هەروەها پێموایە سوننەکانیش ڕازی نابن بەوەی لەلایەن شیعەکانی بەغداوە حوکمڕانی بکرێن، یا لەلایەن عەلەوییەکانی دیمەشقەوە –ئەوەی پێوەندی بە سوننەی سووریاوە هەبێت-. بەکورتی عێراق و سووریا کۆتاییان هاتووەو کاتی ئەوە هاتووە بیر لە تەرتیباتێکی نوێ بکرێتەوە. واتە وا دێتەبەرچاو کە پارێزگاکانی شیعە لەعێراقدا هەبێت و دەوڵەتێك لە بەشی ڕۆژئاوای سووریا هەبێت – بە بێ ئەسەد- و لەو نێوەندەدا سوننەستان دروست بێت، هاوشان بە بوونی کوردستان. ئەمە تەرتیباتێکی نوێیە. هەروەها دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە، واتە دەبێت لەسەر ئاستی مەحەلی پرسی دەستەبەرکردنی ئاسایش بەهێز بکەین، ئەویش لە پێوەندی بە کوردستان و سوننەستان و ناوچەی شیعە لە عێراق و ناوچەی ڕۆژئاوا لە سووریا، کە پێموایە تاوەکو ئەسەد و ڕووسیاش لەوێدا بن، ئەمە ڕوونادات. ئەوان دەتوانن چۆنیان بوێت بەو شێوەیە بۆردومانی حەلەب بکەن و بانگەشەی ئەوە بکەن بەدەستی دەهێننەوە، بەڵام ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی میلی کاتژمێر بگەڕێننەوە بۆ دواوە.

*** بەڵام بۆچی سەرەڕای ئەوەش هێشتا ئیدارەی ئەمەریکا سیاسەتی عێراقی یەکپارچە پیادە دەکات؟**

- لەبەر ئەوەی ئۆباما و کەسانی دەوروبەری تەنیا کەسانێکن باوەڕیان بەوە ماوە کە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لەئارادا ماوە، واتە هێشتا ئیدارەی ئۆباما دەستی بەو دەوڵەتانەی ناوچەکانەوە گرتووە کە لەلایەن بەریتانییەکانەوە دروست کران و نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا بگونجێنێت.

*** ئایا پێتوایە لە ئەنجامی پەرەسەندنی بارگرژییەکانی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا بەهۆی شەڕی سووریاوە ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان ئەو دوو هێزەدا دروست بێت؟**

- لە ڕاستیدا من هۆکاری ئەم دۆخە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئیدارەی ئۆباما لە سەرەتاوە هیچ کارێکی ئەنجام نەدا، ئەمەش لە هەندێ ڕووەوە قابیلی تێگەیشتنە، لەبەر ئەوەی دەیانوت هیچ چارەسەرێك نییە بۆ کێشەکەو ئەمەش ڕاست بوو، بەڵام سەرەڕای نەبوونی چارەسەریش ناکرێت تۆ پشت لە بارودۆخە بکەیت، تەنیا لەبەر ئەوەش پشێوی باڵی کێشاوە بەسەر بارودۆخەکەدا.

کەواتە ئەگەر ئێمە لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەو کارەمان بکردایە کە ئێستا لە عێراق و سووریادا دەیکەین، ئەوا دووچاری ئەو پشێوییەی ئێستا نەدەبووینەوە.

*** بەڵام تا چەند ئەم بارگرژییانە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی شەڕی دژ بە داعش؟**

- لە ڕاستیدا بەلای منەوە گرنگ نییە تۆ پێی دەڵێیت داعش، یان ئەلقاعیدە، یان هەر نازناوێکی دیکە، چونکە جۆرێك لە ڕەوتی ڕادیکاڵی سیاسی لە ناوچەی –ئەوەی من پێی دەڵێم- سوننەستان دروست دەبێت، لە ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریا، چونکە سوننە جارێکی دیکە ئامادە نابن لە سایەی باڵادەستیی عەلەوی و شیعەکاندا بژین، کەواتە بێ دەستەبەرکردنی خۆبەڕێوەبەری بۆ سوننەکان ئاشتی بەرقەرار نابێت.

*** خوێندنەوەت چییە بۆ هەڵوێستی ئیسرائیل لە ئاست کێشەکانی ناوچەکەدا؟**

- ئیسرائیل بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات و ئەجێندای خۆی جێبەجێ دەکات، خۆی خەریك ناکات بەوەی ئەمەریکا چی دەکات یان هەر کەسێکی دیکە چی دەکات. ڕاستە ئەگەر من لە جێی ئیسرائیلییەکان بم و ئەو هەموو ئاژاوەیە لە دەروبەرمدا بگوزەرێت، ئەوا بێئەندازە نیگەران دەبم. کەواتە ئیسرائیل خۆی لە دۆخەکە دەڕوانێت و خۆی بڕیار دەدات کە چی بکات. لە ئیسرائیلیشدا گروپی سیاسیی جیاواز هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڕەشەی دەرەکییان لەسەرە، ئەوا یەکگرتوون.

*** چۆن لە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕوانیت؟**

- ئێران گەمە لەگەڵ هەموو لایەکدا دەکات، ئێرانییەکانی باوەڕیان وایە کە ئەوان سەفەوییەتی نوێن، کەواتە –شا- خامنەیی هەمان گەمەی محەمەدڕەزا شا دەکاتەوە.

*** لەسەر ڕکابەری نێوان سعودیە و ئێران ڕات چییە؟**

- ئەوان هەمیشە وابوون و بە چاوی خۆشویستەوە لەیەکتریان نەڕوانیوە. لەلایەکی دیکەوە من پێموایە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا پتر لەگەڵ عەرەبدایە، نەك لەگەڵ ئێرانییەکان.

*** ئایا دەکرێت پێشبینی باشتربوونی بارودۆخەکە بکەین، ئەگەرچی ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەك ئەگەرێکی دوور دەردەکەوێت؟**

- هەموو کەسێك وا لێکدانەوەی بۆ دەکات کە چارەسەرەکە نزیك بێت، بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە، لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاژاوەدا دەبێت، هەروەها ئەم ئاژاوەیە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەو هەقیقەتە لەبەرچاو دەگیرێت کە سووریا و عێراق لە ئارادا نەماون و میزۆپۆتامیای شیعە و سوننەستان و کوردستان لە عێراقدا دروست بووە، هەمان شت بۆ سووریاش ڕاستە.

**سوننە جارێکی دیکە ئامادە نابن لە سایەی باڵادەستیی عەلەوی و شیعەکاندا بژین، کەواتە بێ دەستەبەرکردنی خۆبەڕێوەبەری بۆ سوننەکان ئاشتی بەرقەرار نابێت**

**پێشبینی ئەوە ناکەم جارێکی دیکە کوردستان بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی بەغداو ڕازی بێت سیاسەتێکی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنێت، هەروەها پێموایە سوننەکانیش ڕازی نابن بەوەی لەلایەن شیعەکانی بەغداوە حوکمڕانی بکرێن**

**لە ئیسرائیلیشدا گروپی سیاسیی جیاواز هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڕەشەی دەرەکییان لەسەرە، ئەوا یەکگرتوون**

**هێشتا ئیدارەی ئۆباما دەستی بەو دەوڵەتانەی ناوچەکانەوە گرتووە کە لەلایەن بەریتانییەکانەوە دروست کران و نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا بگونجێنێت**

# ئایندەی سووریا و کوردی ڕۆژئاوا بەرەو کوێ؟

لە بەهاری ساڵی ٢٠١١ ڕاپەڕینی گەلی سووریا وەك بەشێك لە شۆڕشە میللییەکانی بەهاری عەرەبی کە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتەوە، دەستی پێکرد، ئەم شۆڕشانە بە دروشمی ئازادی و کەرامەت و دژی ستەمکاری هاتنەئاراوە، گەنجانیش وەك بنەمایەك بۆ ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیانە لەپێشەوە بوون کە تا ڕادەیەك هەندێ ئامانجیان لە چەند وڵاتێکی وەك تونس و بە ڕێژەیەکی کەمیش میسر پێکا، بەڵام هەندێکیان ڕووبەڕووی تەگەرەو ئاستەنگ و قەیرانی سەخت و دژوار بوونەوە کە تا ئێستاش لە لیبیا و یەمەن و سووریا پێوەی دەتلێنەوە. هەندێ شتی هاوبەشی سەرەکی لەنێوان شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا هەن وەك ئەو گەنجانەی کە سەرکردایەتیی شۆڕشەکانیان کرد کە لە سەرەتادا هەر ئەوان بوون دروشم و ئامانجی ئازادی و کەرامەتیان بەرزکردبووەوە، دواتر دروشمەکان گۆڕان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرو سەرکووتکەرەکان، ئەم بزاوتە پەلی کێشا بۆ هەندێ حزبی نەریتی و نەتەوەیی و چەپ و ئیسسلامی، لە هەندێ وڵاتی وەك میسر و تونس دامەزراوەی سوپا بێلایەن بوون، بەڵام لە سووریا بەشێکی زۆری سوپا پشتیوانیی لە ڕژێم کرد و دژی گەل وەستایەوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری تایفەگەری و بەرژەوەندخوازی و بیروباوەڕ.


**● قەیرانی شۆڕشی سووریا**

گەل و وڵاتی سووریا بە مەترسیدارترین قۆناغی مێژووییدا گوزەردەکەن، ڕژێمی ستەمکاری ئەسەد لەوەتەی پێنج ساڵە گەلەکەی خۆی قڕدەکات، لە دوا ئاماردا ژمارەی قوربانییەکان نزیکەی یەك ملیۆن هاووڵاتییە، وێڕای زیندانیکراو و بریندارو کەمئەندامان، هەروەها زیاتر لە نیوەی گەلی سووریا ئاوارەو دەربەدەربوون، ڕژێمی سووریاش لە ساڵی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا گوێی نەدا بە ئیرادەی ئاشتییانەی گەلەکەی لە پێناو چاکسازی و پەرەپێدان، ئەو کاتەی کە لە شێوەی خۆپیشاندانی ئاشتییانەدا بوو، بۆیە ڕژێمی سووریا پەنای بردەبەر هێنانی سوپای ئێران و ڕووسیاو میلیشیا مەزهەبییەکان بۆ پشتگیریکردنی، بەمەش سەرپێچی کرد لە سەروەریی نیشتمانی و سەربەخۆیی وڵات، بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو بەشداریکرد لە پێگەیاندنی گرووپە تیرۆریستە چەکدارییەکان، ڕژێمی سووریاو حکومەتی عێراق سەرکردەو بەرپرسە تیرۆیستییە زیندانیکراوەکانیان لە بەندیخانەکانی بەغداو دیمەشق ئازادکرد، لەوانەش ڕێکخراوەکانی ئەلقاعیدەو داعش، هەروەها ئێرانیش کۆمەڵێك تیرۆریستی ڕەوانەی سووریا کرد بۆ ئەوەی پیشانی جیهانی بدات کە شۆڕشێکی نیشتمانی و دیموکراسییە و ڕژێمیش پارێزەری عەلمانییەتە.

**● داگیرکاریی ڕووسیا**

تاقمی حوکمڕان لە ڕووسیا(کە بریتین لە هاوپەیمانییەکی پاشماوەی دامەزراوە ئەمنییەکان و بەڕێوەبەرانی پیشەسازییەکانی جەنگ و تۆڕگەلێکی مافیای سنووربەزێن) بۆتە دوژمنی سەرەکیی گەلی سووریا و شۆڕشەکەی، دوای ئەوەی وەك دەوڵەتێکی داگیرکار بنکەی دەریایی و وشکانی لەنێو خاکی سووریا دامەزراند، هەروەها بە هەزاران سەربازو ئەفسەرو سەدان فڕۆکەی تازەی نارد بۆ ئەوەی گیانی هەزاران کەسی سڤیل لە شارەکانی حەلەب و حەماو حمس بکەنە قوربانی و بە ئاشکرا بۆتە پارێزەری سەربازی و سیاسیی ڕژێمی سووریا، جگە لەمە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی سووریا بە هاوکاریی ڕووسیا لە حەمیمیم و دیمەشقەوە بە فەرمانی ئەو دەوڵەتە دەستیان کرد بە هەڵوەشاندنەوەی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و لەباوەشگرتنی ئەو تاقم و گرووپانەی کە سەر بە ڕژێمن و دواتر وەك نوێنەرانی شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن بە دەرەوەیان ناساندن. فاکتەروهۆکارگەلێکی زۆرهەن کە ڕۆڵیان بینیوە لە تەگەرەخستنەبەر کاروانی شۆڕشی سووریا، هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێکیش نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، دیارترینیان:

یەکەم: پێویستە ڕۆڵی سەرەکیی ئەو لایەنانە لەبەرچاو بگرین کە بریتین لە ڕژێمی ئەسەد و تاران و مۆسکۆو میلیشیا مەزهەبییەکان ئەوانەی کە ڕێگەگرن لە سەرکەوتنەکانی شۆڕش و دواتر درێژەدان بە شەڕ و پەرتکردنی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان پێکهاتەکان، هاوکات ڕۆڵی شەرمەزاری و گوێ پێنەدانی ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا و هەندێ ڕژێمی دیکەی عەرەبی.



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دووەم: هەندێ لەناو حزبە نەریتی و ئیسلامی و قەومچییەکان خزانە نێو شۆڕشەوەو هەوڵیان دا بە لاڕێیدا بەرن و دواتر توانیان دەست بگرن بەسەر هەندێ شوێنی هەستیاردا، ئیخوان موسلمین لە سووریا ڕۆڵی زۆر خراپی گێڕا لە جیاکردنەوەی پێکهاتەو پۆستەکانیی سوپای ئازادو پەرتکردنی ریزەکانی، بە پاساوی ئایدیۆلۆجی و حزبی و بە سوودوەرگرتن لە جوگرافیای تورکیا و پارەو سامانی کەنداو، سەرباری ئەمەش کۆمەڵگەی سووریا کە فرەئایین و مەزهەب و نەتەوەیە، بوونی ئیسلامی سیاسیی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی پێ قبووڵ نییە.

سێیەم: کاتێ ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا سەری هەڵدا دوای ساڵێك لە تەمەنی شۆڕش و دواتر بوو بە ئیئتلاف، دوای ئەوەی بە خێرایی نادیموکراسیی ئەو ئەنجومەنە ئاشکرابوو، دەرکەوت کە زۆربەی نوێنەرانی پێکهاتە سورییەکان و نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرانی هەماهەنگییەکانی لاوان و بێلایەنەکان و سوپای ئازادو هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی لێ دوورخرانەوە، هەندێ هەلپەرستانیان بە ناوی رەوتە سیاسییەکان و بزووتنەوەی کوردی هێناو خستیاننە نێو ئەو ئەنجومەنەوە، لە ئەنجامدا دووچاری شکست بوو و زیانێکی زۆری بە کێشەی سووریا گەیاند.

**● دۆخی کوردی سووریا**

دۆخی کورد بەشێکە لە کێشەی گشتیی سووریا، ئەگەر هەندێ تایبەتمەندیی ئەو دۆخە رەچاوبکەین هەر لە سەرەتای راپەڕینەوە، دەبینین کە شارو شارۆچکەو ناوچە کوردییەکان هاوکات لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی سووریا خۆپیشاندانی نارەزایی تێدا بەرپابوو، لاوانی کورد پێشەنگی ئەو خۆپیشاندانانە بوون بە هاوکاریی براڤی لاوانی عەرەبی چالاکییەکانیان پتەوتر دەکرد، بەڵام حزبە کوردییە نەریتییەکان خۆیان لەم براڤە بەدوور گرتبوو، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی) لە کەشوهەوایەکی پابەند بە هەڵوێستی بێلایەنی لە نێوان شۆڕش و رژێم دامەزرا، لەجیاتی ئەوەی بچێتە ریز شۆڕشەوە رۆڵی هەلپەرستی و رارایی بینی و رووبەڕووی هەموو چالاکییەکانی لاوان بووەوەو رژێم ئاسا مەبەستیان دامرکاندنەوەی ئەو چالاکییانە بوو.

لەبەر ئەم هەڵوێستە بوو کە ئەنجومەنەکە نەیتوانی پرۆژە نەتەوەییەکەی کورد گەڵاڵەبکات و داکۆکی لێبکات و گفتوگۆ لەگەڵ شەریکەکان بکات لە عەرەبە شۆڕشگێڕەکان بۆ ئەوەی دەربارەی ئەو پرۆژەیە لێکتێگەیشتنێك دروست بکات، ئەم لاوازییە بووە هۆی ئەوەی کە گرووپەکانی پەکەکە لەودیو سنوورەوە بێن و دەست بەسەر رەوشەکەدا بگرن بە پاڵپشتی راستەوخۆی ئەسەدو دواتر دامەزراندنی دامەزراوگەلی ئەمنی و سەربازی و داگیرکردنی ناوچەو بازگە سنوورییەکان.

دەسەڵاتی – ئەمری واقیع- ی سەر بە تاکە حزب (پەیەدە) وەك لقێکی پەکەکەی تورکیا، هەمان رێچکەو میتۆدی حزبی بەعس بەکاردێنێت لە سەپاندنی حوکمڕانیی تاکە حزب و کپکردنەوەی دەنگ و رەتکردنەوەی راوبۆچوونی جیاوازو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان بە راوەدوونانی لاوان و سەپاندنی سەرانەو دەرکردنی یاساگەلێك کە دژ بە هەموو داب و نەریتی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، لە پێناو بەرژەوەندیی حزبەکەی هەموو رێچکەیەکی گرتۆتەبەر و گەنج و لاوانی کردۆتە قوربانی لە ململانێیە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکاندا.

لە گەرمەی ململانێی حزبە کوردییەکان و ترازانی ریزی کوردی و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریی لە ناوچە کوردییەکاندا و شکستی حزبەکانی هەردوو ئەنجومەن لە بەرجەستەکردنی پرۆژەی نەتەوەیی و دابڕان لە براڤی دیموکراسیی سووریا وشۆڕش، هەروەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند هەڵسوکەوتە هەڵەکانی حزبە کوردییەکان بووە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی و گومڕاکردنی گەلی کورد لە سووریا لەنێوان شایستەبوونی کە لەگەڵ شۆڕش بێت یان لەگەڵ رژێم، لەبەردەم ئەمانە هەموویان پێویستە کوردی سووریا و بزووتنەوەکەی لەم بەلاڕێدابردنە رزگاربکرێن.

شایانی باسە لەوەتەی چەند ساڵێکە هەوڵی تاکلایەنەو بە کۆمەڵ لەنێو کوردی سووریا لەئارادایە بۆ رزگاربوون و گۆڕینی ئەو دۆخە نیگەرانییە، ئەوە بوو لەم دواییەدا پرۆژەیەکی جیددی بە ناوی – BI-ZAV – گەڵاڵەکرا مەبەستی بنیاتنانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی سووریا بوو بە رێگەی گرێدانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردی لەو کوتلە مێژووییە زۆرینەیەی لە گۆڕەپانی نیشتمانیی کوردیدا هەیە( بێ لایەن و براوتی لاوان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو خەباتگێڕە دێرینەکام و هەندێ لە جەماوەری حزبەکان، سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە هەوڵیان دا رێچکەکەی دابەش بکەن بۆ چەند قۆناغێك کە بە هەنگاوی خوێندنەوەی راوبۆچوونی جەماوەر دەست پێبکات لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دواترهەردوو پرۆژەی بەرنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی بخەنە بەر لێدوان و گفتوگۆکردن بە رێگەی چەند لیژنەیەکی بەدواداچوون لە ناوەوە دەرەوەدا، ئینجا کۆبوونەوەگەلێکی لاوەکی و فراوانی بەدوادابێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ لیژنەی ئامادەکاریی رێکخستنی کۆنگرەکە، هەروەها دانانی نوێنەر بۆ کۆنگرەی گشتی لەپێناو بنیاتنانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی سووریا، ئەم پرۆژەیەش دوا هەوڵە بۆ رزگارکردن کە پێویستی بە پشتگیریی و هاریکاریی برایان و برادەران هەیە.

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند هەڵسوکەوتە هەڵەکانی حزبە کوردییەکان بووە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی و گومڕاکردنی گەلی کورد لە سووریا لەنێوان شایستەبوونی کە لەگەڵ شۆڕش بێت، یان لەگەڵ رژێم**

**رژێمی سووریاو حکومەتی عێراق سەرکردەو بەرپرسە تیرۆریستییە زیندانیکراوەکانیان لە بەندیخانەکانی بەغداو دیمەشق ئازادکرد، لەوانەش رێکخراوەکانی ئەلقاعیدەو داعش، هەروەها ئێرانیش کۆمەڵێک تیرۆریستی رەوانەی سووریا کرد**

**دوای تێپەڕبوونی ساڵێک (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی) لە کەشوهەوایەکی پابەند بە هەڵوێستی بێلایەنی لە نێوان شۆڕش و رژێم دامەزرا، لەجیاتی ئەوەی بچێتە ریز شۆڕشەوە، رووبەڕووی هەموو چالاکییەکانی لاوان بووەوەو رژێم ئاسا مەبەستیان دامرکاندنەوەی ئەو چالاکییانە بوو**

### لۆرێنس ڕوبین پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کورد فاکتەری سەقامگیری بووە لە ناوچەکەدا



**لۆرێنس ڕوبین پرۆفیسۆر لە سکوڵی سام نون لە پەیمانگای تەکنیکی جۆرجیا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات و تەرکیزی تایبەتی دەکاتەسەر پرسەکانی پەیوەست بە ئیسلام و سیاسەت، سیاسەتە دەرەکییەکانی عەرەب و پرسی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، پێشتریش لە سەنتەری کراون بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست —سەر بە زانکۆی براندیس- وانەبێژ بووە، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری بەلفێر بۆ زانست و کاروبارە نێودەوڵەتییەکان- سەر بە زانکۆی هارڤارد-. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخ و پەرەسەندنە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوانین لە ئایندەی ئەم ناوچەیەو ئەگەری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی هەڵکشانی بارودۆخەکە لە وڵاتی سووریادا کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بارگرژیی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا ببێتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر کێشە سەرەکییە نەکرێت کە بریتییە لە شەڕی دژ بە تیرۆر؟**

- بەڵێ، من پێموایە ئەم بارگرژییانە دەبێتەهۆی ئاڵۆزکردنی هەوڵەکانی هاوکاری کە ڕووسیا و ئەمەریکا کار بۆ ئەوە دەکەن لە نێوان خۆیاندا بەدی بهێنن.

*** ئایا ئەگەری ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوە دەکرێت لەنێوان ئەمەریکاو ڕووسیادا؟**

- ئەم ئەگەرە لەئارادایە، بەڵام پێموایە سەرەڕای لێدوانەکانیان ئەوا هەردوولا هەوڵدەدەن خۆیان بە دووربگرن لە هاتنەئارای سیناریۆیەکی لەم چەشنە، چونکە ئەم سیناریۆیە هەڵگری مەترسییە بۆ هەردوولایان، لەبەر ئەوە دەبێت لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکرێت و ئیدارە بدرێت.

*** ئایا پێتوایە هێشتا توانای ئەوە ماوە ئیدارەی ئەم قەیرانە بکرێت، یاخود پێتوایە بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووە؟**

- نا، من پێموایە دەکرێت ئیدارە بدرێت، لەبەر ئەوەی هەردوولا خوازیاری ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە نین، وەك ئاماژەم پێکرد، سەرەڕای لێدوانەکانیان ئەوا هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە بتوانن بگەنە دەرئەنجامێك، بەڵام بە هیچ شێوەیەکی ناتوانین لە مەترسیداریی بارودۆخەکە کەم بکەینەوە، چونکە ئەمە دۆخێکی پڕ لە بارگرژییە.

*** بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، نەك بارودۆخی سووریا چارەسەر نەکراوە، بگرە نەتوانراوە ئاکام و دەرهاویشتەکانیشی ئیحتیوا بکرێن، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە قەیرانی سووریا ئیحتیوا نەکراوەو لەو باوەڕەشدا نیم بۆ چەندین ساڵی دیکە بتوانرێت ئیحتیوا بکرێت، نازانم بۆ چەند ساڵی دیکە، بەڵام بێگومان ئەمە لە ئایندەی نزیکدا ڕوونادات.

*** هەر لە پێوەندی بە شەڕی دژ بە داعشەوە دەبینین زۆربەی هەوڵەکان لە عێراقدا چڕبوونەتەوە بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە، بەتایبەتی کە ئێستا بە ڕەوتێکی خێرا ئامادەکاری دەکرێت بۆ گرتنەوەی شاری موسڵ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویست ناکات هەوڵێکی هاوشێوە لە سووریاشدا هەبێت بۆ ئەوەی داعش دووچاری تێکشکانی یەکجارەکی بێت؟**

- بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەوە ڕوویدات، بەڵام باوەڕم وایە ئەمە هەنگاوێکە بەو ئاڕاستەیەدا کە ئەرکەکە ئاسان دەکات بۆ ئەوەی دواتر داعش تێکبشکێندرێت، یاخود پەرت و بڵاو بکرێتەوە، من دەڵێم پەرت و بڵاوکردنەوە، نەك تێکشکاندن، چونکە ئێمە نازانین دواتر چی ڕوودەدات.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ قسەی ئەو ڕەخنەگرانەی دەڵێن ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش پتر لەلایەنە سەربازییەکەدا چڕبۆتەوەو کەمتر بایەخ بە سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە دراوە لە دوای داعشەوە؟**

- ئەمە پرسێکە کە لە ئەمەریکا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هەمیشە کارێکی قورس بووە کە داڕێژەرانی سیاسەت بتوانن ستراتیژیەتی مامناوەندو دوورمەودا جێبەجێ بکەن، کە ئاشکرایە ستراتیژیەتی سەربازی زاڵ بووە بەسەر ئەم هەوڵانەدا.

*** ئاشکرایە کە هەندێ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی شکستخواردووی لەبەریەك هەڵوەشاون، واتە دەوڵەتگەلێکی ناکاران و بەدەست دابەشبوونی قووڵەوە دەناڵێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چارەسەری ئەم دۆخە خۆی لە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکاندا دەبینێتەوە؟**

- کێشەکە لەوەدایە کێ هەڵدەستێت بە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان، لەبەر ئەوە من ئەمە بە چارەسەر نازانم، چونکە زەحمەتە وێنای ئەوە بکەیت کە کۆمەڵێك دەوڵەت بێن و ڕێککەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن. خۆ ڕەنگە بەهۆی شەڕەوە گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا ڕوویدات، بەڵام ئەو کاتە تەحەددی ئەوە دروست دەبێت، ئایا ئیعتیراف بە دەوڵەتە نوێیەکە دەکرێت کاتێك سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، کەواتە ئەمە تەحەددییەکەیەو ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە لەم ناوچەیەدا ئاسایی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر سکەی سروشتی خۆی؟**

- ڕەنگە چارەسەرەکە لە درێژەدان بە گفتوگۆکانی نێوان لایەنە پێوەندیدارەکان بێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئایا بەرژەوەندییە هاوبەشەکان چین و ئایا مەترسییەکان چین. بەڵام پێموانییە کارێکی زۆر بکرێت تاوەکو دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا و دوای ئەوەی ڕوون دەبێتەوە کە کێ براوەیەو دەردەکەوێت ڕۆئیای ئەمەریکا چییە، چونکە ئەمەریکا گەمەکارێکی سەرەکییە لەم ناوچەیەدا.

*** ئەگەر لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بڕوانین، ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لە نێو کەشی پڕ لە نالێبووردەیی و یەکترقبوڵنەکردندا کە بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵە، ئەوا ئەم هەرێمە توانیویەتی بە ئاست و ئەندازەیەکی بەرچاو دۆخی پێکەوەژیان و لێبووردەیی ئایینی و ئیتنی دەستەبەر بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری و پشتیوانی پێویست بۆ ئەم هەرێمە دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە فاکتەری سەقامگیری لەم ناوچەیەدا؟**

- پێموایە گرنگە کورد پشتیوانی نێودەوڵەتییان هەبێت، چونکە پێویستیانە، بەڵام دەبێت ئەو پشتیوانییەش هەستیارییەکانی گەمەکارە مەحەلییەکانیش لەبەرچاو بگرێت کە بۆی هەیە بنەهۆکاری ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان، بەڵام کورد فاکتەری سەقامگیری بووە لە ناوچەکەدا.

*** ئایا پێتوایە لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا، کوردستان دەتوانێت پشتیوانی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت؟**

- ئەوە ئەگەرێکە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەدەستی بهێنن، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت، هەروەها هەنگاوهەڵگرتن بۆ قۆناخی دوای خۆبەڕێوەبەری تا ڕاددەیەکی زۆر بەندە بەوەی لە عێراق و سووریادا ڕوودەدات، بەتایبەتی ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات.

*** ئایا واقیعییە پێشبینی باشتربوون و سەقامگیربونی بارودۆخەکە بکەین، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە ئەمە ئەگەرێکی دوور بێت لە ئایندەیەکی نزیکدا؟**

- بەداخەوە من پێشبینی ناکەم بە ڕاددەیەکی گەورە باشتر بێت، بەڵام ڕەنگە بتوانین ئومێدی دروستبوونی گۆڕانکاری بخوازین لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، کە ئەو کاتە دەرفەت دروست بێت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی جیاواز بێتەئاراوە، یاخود هەندێ لە کاراکتەرەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە دۆخەکە بڕوانن.

*** واتە ئێوە بە جۆرێك لە جۆرەکان گەشبینن بەرامبەر بە ئایندەی ئەم ناوچەیە؟**

- بەڵێ، بەڵام ڕەنگە ئەمە لە مەودای دووردا بێت، چونکە بەداخەوە ڕەنگە کەسانێکی زۆر گیانیان لەدەست بدەن، پێش ئەوەی دۆخەکە سەقامگیر بێت.

**گرنگە کورد پشتیوانی نێودەوڵەتییان هەبێت، چونکە پێویستیانە، بەڵام دەبێت ئەو پشتیوانییەش هەستیارییەکانی گەمەکارە مەحەلییەکانیش لەبەرچاو بگرێت کە بۆی هەیە بنەهۆکاری ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان**

**پێموانییە کارێکی زۆر بکرێت تاوەکو دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا و دوای ئەوەی ڕوون دەبێتەوە کە کێ براوەیەو دەردەکەوێت ڕۆئیای ئەمەریکا چییە، چونکە ئەمەریکا گەمەکارێکی سەرەکییە لەم ناوچەیەدا**

**ڕەنگە بەهۆی شەڕەوە گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا ڕوویدات، بەڵام ئەو کاتە تەحەددی ئەوە دروست دەبێت، ئایا ئیعتیراف بە دەوڵەتە نوێیەکە دەکرێت کاتێك سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، کەواتە ئەمە تەحەددییەکەیەو ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە**

# دیپلۆماسییەتی سەرکردە



سەردارشەریف سندی *

لە ڕێگای ماڵپەڕی گوگڵەوە هەوڵی ئەوەم دا بە دوای دەستەواژەی «Independent Kurdistan» بە زمانە جیاوازەکان بگەڕێم و بزانم چ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم بەدواداچوونەوە تەنیا دەستەواژەی لە سەرەوە ئاماژە پێکراو بە زمانە دەستنیشانکراوەکان گەڕانی بۆ کراوە لە بەرواری ٢٠٠٢/٨/١ –٢٠١٦/٨/١، ئەویش وەکو هەوڵدانێك بە باشترین ماوە دێتە هەژماردن بو ئەوەی بتوانرێت خوێندنەوەیەك بو پشتگیری لە مافێکی زەوتکراوی نەتەوەی کورد هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەتایبەتی مافی سەروەریی نەتەوەیی.

| کردستان مستقله | کردستان مستقل | Bağımsız Kürdistan | Independent Kurdistan | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٩٧ | ٤,٣٥٠ | ١١٨٠ | ٢,٤٥٠ | ٢٠٠٤/٨/١/-٢٠٠٢/٨/١ |
| ١,٤٩٠ | ١٠,٣٠٠ | ٣٢١٠ | ٤,٥٠٠ | ٢٠٠٦/٨/١/-٢٠٠٤/٨/١ |
| ٢,٧٤٠ | ٢٣,٣٠٠ | ٧٤١٠ | ٨,٢٢٠ | ٢٠٠٨/٨/١/-٢٠٠٦/٨/١ |
| ٤,٥٦٠ | ٣٣,٩٠٠ | ١٣,٠٠٠ | ١٢,٤٠٠ | ٢٠١٠/٨/١/-٢٠٠٨/٨/١ |
| ١٠,٢٠٠ | ٧٦,٥٠٠ | ٢٦,٣٠٠ | ٢٦,٣٠٠ | ٢٠١٢/٨/١/-٢٠١٠/٨/١ |
| ٢٩,٩٠٠ | ١٦٠,٠٠٠ | ٥٥,٨٠٠ | ٤٧,٣٠٠ | ٢٠١٤/٨/١/-٢٠١٢/٨/١ |
| ١١٦,٠٠٠ | ٢٦١,٠٠٠ | ١٣٣,٠٠٠ | ١٢٠,٠٠٠ | ٢٠١٦/٨/١/-٢٠١٤/٨/١ |
| ١٥٩,٠٠٠ | ٩٦٣,٠٠٠ | ٢٣٥,٥٠٠ | ٢١٣,٠٠٠ | ٢٠١٦/٨/١-٢٠٠٢/٨/١ لە سەر یەك لێکۆڵینەوەی کۆمپیوتەر |
| ١٦٥,٤٨٧ | ٥٦٩,٣٥٠ | ٢٣٩,٩٠٠ | ٢٨٠,٤٧٠ | پێکەوە کۆکراوەی ساڵەکان هەموی پێکەوە |

ئەوەی بابەتی سەرەوە بۆ من روونەکاتەوە، ئاماژەیەکە بە کۆمەڵێك فاکتەر کە پێکەوە هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە دوای هێرشی داعش بووە بە یەکێك لە پایتەختەکانی سیاسی و ستراتیژێکی سەرەکیی شەڕی دژی تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە شێوەیەك کە ترافیکی سیاسیی دیپلۆماسی و لەشکەریی هەولێر لەم ماوەیە بە لە بەر چاوگرتنی پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، ئاماژەیەکە بەوەی دەوڵەتە دیفاکتۆیەکان لە ژێر ناوی ئەکتەری دەوڵەتی هەرێمایەتی لە رووی جیو-پۆلەتیکی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، جێگای بایەخ و پێگەی تایبەتن، هەرێمی کوردستانیش وێنەی هەرە بەرچاوە لەم بوارەوە. سەرباری ئەوەی بووەتە شوێنی حەوانەی ملیۆنان ئاوارەی عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دەوڵەتانی عێراق و سووریا، هەرێمی کوردستان بە گرتنەبەری سیاسەتێکی سەردەمییانەو لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان موسڵمانن، بەڵام جیاوازی ئایینی نەبووەتە هۆی پێکدادان و پەروەردەی فاکتەری پاڵنەر بو بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەم رووەوە. بەپێچەوانەوە نەتەوەی موسڵمانی کورد بێ گوێدانە پشتێنەی ئایینی، ژیانێکی بێ هاوتای ئاشتیخوازو سەقامگیری پێکەوەژیانی لەگەڵ هاووڵاتییانی خاوەن بیروباوەڕی ئایینی جیاواز هەڵبژاردووە. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی بوونی خواستێکی بەربڵاو بە شێوەیەکی ئاشکرا، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان خوازیاری بونیادنانی پێوەندیی تایبەتە لەگەڵ کۆمەڵگەی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا. هەر ئەم تایبەتمەندییانەشی یەکێکە لە هۆکارەکانی پاڵنەر بو دروستبوونی پاڵپشتی لەسەر ئاستی جیهان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەم ماوەیەی کە شەڕی داعش یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بەرەوە پێشڤەچوونی پشتگیری بێوێنە لە هاندان بۆ دروستبوون و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە ئێستا دەنگێکە لە هەموو کاتێك بەرزتر، شەفافتر و بەهێزترە. فاکتەرێکی دیکەی بەهێز کە گرینگە بۆ کۆمەڵگەی کوردی ئاماژەی پێبکرێت، ئەویش دیدوبۆچوونی بەرپرسانی ئیدارەکانی پێشووی ئەم دەوڵەتانەیە کە جێگای خوێندنەوەی قووڵە، بەتایبەتی ئەمریکا، بریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل و بگرە هەنگاریا، واتە لە وتارە جیاوازەکانیان ئاماژەیان بە پێویستی و پشتگیریی لە کورد لە پێناو راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کردووە.

بۆیە، کاتێك بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە جیهانی پێشکەوتوو تاوتوێ و گەڵاڵە دەکرێت و بابەتەکە بوەتە مژار و ئەجێندای راگەیاندنەکانی ئەم کۆمەڵگەیەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. لێرە مەبەست راگەیاندنی کۆمەڵگەکانی تورکی، فارسی وعەرەبییە، دەکرێت وەکو کوردێك ساکارانە بپرسین: بۆچی ئەم بابەتە بەم شێوەیە بووەتە مژاری راگەیاندن؟ لە خوێندنەوەیەکی ساکارانە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، یەکەم: لە ئێستادا دیوارەکانی شەرمی سایکۆلۆژیی سیاسیی سەبارەت بە مافی رەوای نەتەوەی کوردو بوونی بە خاوەن کیانی سەربەخۆ، بە شێوەیەکی جددی لەلایەن زۆرێك لە دەوڵەتانی هەرێمی رۆژهەڵات و تەنانەت رۆژئاواوە رووخێندراون، دووەم: خۆگونجاندنێکی بێ وێنە لەئارادایە بو ئەو رۆژەی دەوڵەتی کوردی دێتە راگەیاندن لەسەر ئاستی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی.

لەم پەراوێزە، جێگای خۆیەتی ئاماژە بە سەردانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ شاندێکی گەورەی سەرکردایەتیی کوردی بۆ بەغدا بکرێت. هەر چەندە کۆمەڵێك دەزگای راگەیاندن هەوڵی ئەوەیان دا کە لە بایەخی سەردانەکە کەم بکەنەوە، بەڵام ئەمەیان بۆ نەچووە سەر، چونکە هەم بەڕێز سەلاحەدین بەهادین و هەمیش بەڕێز حەمەی حاجی مەحمود راستییەکانیان درکاند، کە ئەویش ئەوە بوو: بەڵێ لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی دانوستاندن کراوە و میکانیزمیش بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کراون، کە پێکهێنانی لیژنەی دوولایەنەیە لەناوبەینی هەولێر-بەغدا بۆ ئەم مەبەستە. ئەوەی لایەنە دژبەرەکانی بارزانی بۆیان گرینگ بوو، پێوەندی بە کەشوهەوای سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەویش تاوانبارکردنی پارتی وەکو لایەنی سەرەکی لە پەیدابوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری. ئەمەش دوورە لە هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و سیاسی. بەڵام پارتی چی دەکات لە وەڵامی ئەم هەڵسوکەوتە؟ سەرکردایەتی پارتی بە دانپێدانان بە کەموکوڕیی حوکمداری، لە بەرپرسیارییەتی هەڵنەهاتووەو مەیدانی بۆ موزایەدەچییەکانی سیاسی چۆڵ نەکردووە، چونکە لە تەرمینۆلۆژیای سیاسیی پارتیدا، چارەنووسی نەتەوەیەك نادرێت بە دەست

**سەرۆک بارزانی دەیەوێت بەشێوەیەک سەربەخۆیی کوردستان بێتە راگەیاندن، کە نموونەی بەرزی رەوشتپاکی بێت بۆ پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیە، ئەمەش هەمان خاڵی جەوهەرییە لە تەرمینۆلۆژیای سیاسیی پارتی کە واقیعگەرانەتر خواستەکانی بەرزدەکاتەوە کە شیاوی جێبەجێکردن بن**

**ناکرێت لەم ناوچەیە مافی نەتەوەو جوگرافیای کەلتووری-نەتەوەیی کورد کە بەشێکی سەرەکیی پێکهێنراوەی جوگرافیا و سنووری کۆمەڵێک دەوڵەتە پشتگوێ بخرێت**

**پارتی بە دانپێدانان بە کەموکوڕیی حوکمداری، لە بەرپرسیارییەتی هەڵنەهاتووەو مەیدانی بۆ موزایەدەچییەکانی سیاسی چۆڵ نەکردووە، چونکە لە تەرمینۆلۆژیای سیاسیی پارتیدا، چارەنووسی نەتەوەیەک نادرێت بە دەست کۆمەڵێک (هەرزەکاری) سیاسییەوە**

**لە ئێستادا دیوارەکانی شەرمی سایکۆلۆژیی سیاسیی سەبارەت بە مافی ڕەوای نەتەوەی کوردو بوونی بە خاوەن کیانی سەربەخۆ، بە شێوەیەکی جددی لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانی هەرێمی ڕۆژهەڵات و تەنانەت ڕۆژئاواوە رووخێندراون**

**دیدوبۆچوونی بەرپرسانی ئیدارەکانی پێشووی ئەم دەوڵەتانەیە کە جێگای خوێندنەوەی قووڵە، بەتایبەتی ئەمریکا، بریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل و بگرە هەنگاریا، واتە لە وتارە جیاوازەکانیان ئاماژەیان بە پێویستی و پشتگیریی لە کورد لە پێناو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کردووە**

**لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان موسڵمانن، بەڵام جیاوازی ئایینی نەبووەتە هۆی پێکدادان و پەروەردەی فاکتەری پاڵنەر بو بەرهەمهێنانی توندوتیژی**

کۆمەڵێك (هەرزەکاری) سیاسییەوە. هەروەها پارتی بە خەریکبوون بە پرۆژەیەکی گەورەتر لە ئیستفزازات و موزایداتی ڕاگەیاندنی لایەنەکان، هەولێری کردووە بە پایتەختی هاوتەریب لەگەڵ بەغدا کە ڕێگا و دەروازەی پردی پێوەندیی دیپلۆماسیی کوردییە لە ناو بەینی کۆشکەکانی سپی، ئەلیزە و پایتەختەکانی ئەنقەرە، تاران و بەغدا. لەم ڕووەوە سەرۆك بارزانی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە لە پێناو پاراستنی سەقامگیری و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بە گرێدانی ئاسایشی پایتەختە ناوبراوەکان بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەشی بە گوێیاندا داوە، جا لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکان بێت، یان لە ڕێگای دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن بێت، کە بێ دەوڵەتی کوردی و دانپێدانان بە مافە ڕەواکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەقامگیری دەبێتە دەستەواژەیەکی بێ واتا کە باسی بکرێت. بۆیە لە نەخشەی ژیوپۆلەتیکیی ناوچەکە، لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتیش ئەم بیرۆکەیە دروست بووە کە دروستبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەبێتە ئامرازێکی بووژێنەر بۆ سەقامگیریی ئاسایش و هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە. ڕەنگە دەوڵەتی کوردی لە کورتخایەندا لە بەرژەوەندییان نەبێت، بەڵام لە درێژخایەن ئەوان پێویستییان بە دەوڵەتی کوردی هەیە. بۆیە ناکرێت لەم ناوچەیە مافی نەتەوەو جوگرافیای کەلتووری- نەتەوەیی کورد کە بەشێکی سەرەکیی پێکهێنراوەی جوگرافیا و سنووری کۆمەڵێك دەوڵەتە پشتگوێ بخرێت.

بۆیە، بانگەشەی سەرۆك بارزانی «سەربەخۆییمان دەوێت، نەك جیابوونەوە» بە نیسبەت سەرکردایەتی کورد ئەم بابەتە کوتایی پێهاتووە، ئەم دەربڕینەش هەڵقولاوی سیاسەتی سەرۆك بارزانی-یە کە دەیەوێت بەشێوەیەك سەربەخۆیی کوردستان بێتە ڕاگەیاندن، کە نموونەی بەرزی ڕەوشتپاکی بێت بۆ پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیە. ئەمەش دیسانەوە هەمان خاڵی جەوهەرییە لە تەرمینۆلۆژیای سیاسیی پارتی کە واقیعگەرانەتر خواستەکانی بەرزدەکاتەوە کە شیاوی جێبەجێکردن بن. بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فرە هەرێمی و نیمچە سەربەخۆی سیاسی، ئابووری و لەشکری لەژێر هەر چەترێك، باشترین بژاردەیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانی عێراق. لە لایەکی دیکەوە سەرۆك بارزانی جیابوونەوەی خستووەتە ناو کەوانەی چەند فورمۆلێکی سیاسی و یاسایی، کە ئەویش پێکهاتووە لەم چەند هەنگاوە:

یەکەم پێنگاف: هاوشانکردنی «سەروەریی نەتەوەیی» پێکهاتەکانی عێراقە لەگەڵ یەکتر کە بریتییە لە کوردو عەرەب. ئەمەش بە واتایەکی دیکە ڕەفزی «سەروەریی نەتەوەی عەرەبی»یە بە سەر «سەروەریی نەتەوەیی کوردی» کە بنەمایەکی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ـە کە ئاماژە بە پێکهاتنی عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەکات.

بۆیە بەر لە جیابوونەوە لە عێراق بە شێوەیەکی کۆتایی، ئەم قوناغە پێویستی بە گۆڕانکاریکردن لە ستراکتۆری نەخشەی سیاسیی عێراق، واتە تەوافوقی سیاسی هەیە، هاوشێوەی هەمان میکانیزمی پەیڕەوکراو لە داڕشتنی دەستووری عێراقیی پەسەندکراو لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥. بۆیە لە دوای شەڕی ڕزگارکردنی موسڵ کورد چیدیکە بەوە ڕازی نابێت بگەڕێتەوە خاڵی سفری ساڵی ٢٠٠٣. واتە بە نیسبەت کورد و سەرۆك بارزانی دەرفەتی دیکەی لەبار نەماوە بۆ دووبارە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی عێراق کە تۆمەتبارە بە پێشێلکردنی بەرپرسیاریەتی یاسایی و سیاسی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد. بژاردەکان دیار و ڕوونن. وەکو کۆکەرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، سەربەخۆیی کوردستان فاکتەری بەهێز دەبێت بۆ پێگەی بەغدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێچەوانەشی ڕاستە، ئەگەر ڕێگری لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن. دەبێت شیعە لە عێراق گرینگی بە سەربەخۆیی خۆیان بدەن لە پێناوی نەبوون بە پاشکۆ بۆ هێزێکی تایبەت و جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی تایبەت بۆ پەرەپێدان بە بیروبۆچوونی شیعەگەرایی بۆ حوکمداری کە بریتییە لە پاوانخوازیی ئایینی و سەپاندنی هزرێکی ئایدیۆلۆژیی وەها لەسەر کۆی جومگەکانی دەوڵەتداری و کۆمەڵگەو لەلایەکی دیکەوە پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەو کەمایەتییەکانی دیکە لە عێراق. لە لایەکی دیکەوە بەپێی داتای وێنەکراو ئەوەمان بو دەردەکەوێت کە پشتگیری لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و بوونی ئەم دەستەواژەیە بە تەوەرەی بابەتی دانوستاندنی لایەنە سیاسی، شرۆڤەکاران و بڕیاردەران، گەیشتووەتە ئاستێك کە ناتوانرێت خۆیانی لێبدزنەوە، کاتێك باسی نەخشەی ڕۆژهەڵات و گۆڕانکارییەکانی پێویست دەکرێ کە بە سەر ئەم نەخشەیەدا بێتەکردن.

***توێژەری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی دهۆك**

# کورد ٨٧ ساڵە داوای یارمەتی لە ئەمریکا دەکات

گەلی کوردستان لەمێژە ئومێدی گەورەی بەزلهێزانی دنیاوە گرێداوە، هەمیشە لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووە کە ئاورێکی خێری لێبدەنەوەو بەزۆرێك لەمافە ڕەواکانی بگەیەنن. ئەم ئومێدو هیوایەش لەزۆرێك لەقۆناغە جیاجیاکانی گۆڕانکارییە مەزن و گەورەکاندا سەری هەڵداوەتەوەو جارێکی دیکەش بووژاوەتەوە. بۆیە ئەگەر بڕوانینە قۆناغی سەرکەوتنی ئینگلیزەکان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا، دەبینین کورد لەکوردستانی باشووردا ئومێدی زۆری بەو گۆڕانکارییە سیاسییە هەبووە، هەموو بۆنەو بینینی کەسایەتییەکان و سەردان و پێشوازییەکانی بە هەل و دەرفەتێك زانیوە بۆ خستنەڕووی کێشەکانی و گەیاندنی داخوازییە بچووك و گەورەکانی.

بەم پێشەکییە دەچینە لای چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ژیان لەساڵی ١٩٢٩ واتە ٨٧ ساڵ لەمەوبەر کە تیایدا دەبینین کەسێکی ئەمریکی بە ناوی دکتۆر ستاوت (ئەو سەردەمە دەنووسرا دۆقتۆر نەك دکتۆر) لەگەڵ هاوسەری خۆیدا لە بەغداوە بە گەشتێك بۆ سلێمانی و دەوروبەریدا، دێتە کوردستان و پاشان یادەوەرییەکانی ئەم گەشتەی لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکاندا بڵاودەکاتەوە، ڕۆژنامەی ژیانیش دەیکات بەکوردی و لەچەند ژمارەیەکیدا بڵاوی دەکاتەوە، منیش حەزمکرد خوێنەران لەکورتەی ئەو یادەوەرییانە ئاگادار بکەمەوە.

سەرەتا لە ژمارەی ١٨٤ بەرواری ٨/٧/ ١٩٢٩، ئەم ناونیشانە نووسراوە:

بابەتێکی دۆقتۆر ستاوت، کە تیایدا هاتووە دکتۆر ستاوت:

(مدیر مەکتەبەکانی ئەمریقایە لە بەغداد کە پار لە ئۆگۆستۆسدا لەگەڵ میسز ستاوت بۆ سیاحەت و تەماشاکردنی وەزعییەتی کوردستان تەشریفیان هێنابووە سلێمانی ... ئەم مەقالەیە لە مەجموعەیەکی ئەمریقادا نەشر کراوە، لەبەر ئەوەی سەراپا بەحسی ئەخلاق و جیبللیەتی کوردەکان دەکات، ویستمان بە تەرجەمەکراوی نەشری بکەین).

ئنجا مستەر ستاوت دەڵێت:

«لەگەڵ میسز ستاوت-دا بۆ مانگێك چووینە کوردستانی جەنوبی کە مەرکەزی حەیاتی سیاسیی و قەومیی کوردەکانە. ئەهالیی ئەم ناوە ئێمەیان زۆر بە گەرمیی ئیستقبال کردو داوایان لە ئێمە، کردنەوەی مەکتەب و ئیبرازی موعاوەنەت بوو.»

دواتر لە ژمارەی ١٨٥ بەرواری ١٩٢٩/٧/١١، دکتۆر ستاوت دەڵێت: «بۆ هەر کوێیەك ئەچووین، لەهەر جێگایەك دائەنیشتین، ئەوەی کە پێمان ئەگوترا بەر گوێمان ئەکەوت، ئەم قسانە بوون: وەرن بەهاوارمانەوە، ئەمریقا بێت و معاوەنەتمان بکات، مەکتەبمان بۆ بکەنەوە، ئیحتیاجمان بەیێوە زۆرە، موحتاجی یارمەتی ئێوەین..»

ئنجا دەڵێت: «لە ئەسنای عەودەتمانا لە ئاخر دێی کوردستانی جەنوبییەوە هاوارێکم بەر گوێ کەوت، کەتا بمێنم لەبیرم ناچێتەوە. وەقتێ کە زانرا ئۆتۆمۆبێلەکەی ئێمە گەیشتووە، کوێخای دێیەکە بە هەڵەداوان سەرکەوتە سەر شاخەکەو بە دەنگێکی تەنگەنەفەسی پێی گوتم: (تکاتان لێ ئەکەم مەکتەبێ لەسلێمانی بکەنەوە. لەو وەقتەدا کە ئۆتۆمۆبێلەکەمان کەوتە ڕۆیشتن، پێم وت کە لەم مەسئەلەیە تێئەفکرین. لەئاخریا گوێم لێبوو بانگی ئەکرد : ڕجا ئەکەم لەفکرتان نەچێ...»

دکتۆر ستاوت دەڵێت: «کوردەکان قەومێکن شایانی معاوەنەتن، لەگەڵ ئەمەدا هیچیان بۆ نەکراوە.»

دواتر لە ژمارەی ١٨٦ بەرواری ١٥/٧/ ١٩٢٩

دکتۆر ستاوت دەڵێت: «ئەم میللەتە لەگۆشەی ئیهمالدا ماوەتەوە، تا ئێستا ئێمە هیچمان بۆ نەکردووە.»

ئنجا دەنووسێت: «خولاصەت الخلاصە کورد ئارییەو برای خوێنیی ئێمەیە، داوای موعاوەنەتمان لێ ئەکاو ئەڵێت: ئێمە ئیهمالمان کردووە ..... لەنەتیجەدا داوای یارمەتی و عیلم و مەعارفی ئێمە ئەکا.

مدیر مکتبەکانی ئەمریقا لە بەغداد/ دوقتۆر ستاوت»



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com



### کەریم حەمزە پسپۆڕ لە بارودۆخی وڵاتانی دوای شەڕ بۆ گوڵان:

# چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دابەشکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە

دکتۆر کەریم حەمزە، توێژەرە لە پەیمانگای دیراساتی ئەورووپا لە زانکۆی ڤریج برۆکسل، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە گەشەپێدانی بەردەوام دەدات لە وڵاتانی دوای شەڕ و ناکۆکیدا، وەك وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی، هەروەها گرنگی بە کاریگەریی نائارامییە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە جیوپۆلەتیکییەکان لەسەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دەدات، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە. بۆ بەدواداچوون و شرۆڤەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی ئایندە لەم ناوچەیەدا گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

*** ئاشکرایە لە ئێستادا ئاڵاوە و تەنگژەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، ئایا چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانن و پێتانوایە بەرەو کوێ دەچێ؟**

- کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دیاریکراوی ئەوەیە بۆتە گۆڕەپانی ململانێیەکی جیهانی، واتە ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی دەسترۆیشتوویی لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردۆتە مەیدانێك بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا سیاسییەکانی خۆیان. بەو پێیە زۆربەی هێزە مەزنەکان دەستێوەردانیان کردووە لە ناوچەکەدا، کە دەبینین هەر لە سەدەی ١٧وە تاوەکو ئێستا ئەم ململانێیانە بەردەوام بوونیان هەبووە. ئامانجەکەش ئەوە بووە کە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك دەوڵەتی شکستخواردوو بمێننەوە، واتە ئەو دەوڵەتانەی ناتوانن کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەن، ئەمەش دەبێتەهۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئەم دەوڵەتانە، بەو پێیەی توانای بڕیاردانی نامێنێت لە پێوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەمەش دەرفەتێك بۆ هێزە دەرەکییەکان، یان بیانییەکان دروست دەکات کە هەڵبستن بە دووبارە دابەشکردنەوەی بەرژەوەندییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** چۆن لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە بەتایبەتی سووریا دەڕوانن، کە بارودۆخەکە بە ڕادەیەکی مەترسیدار هەڵکشاوە، ئایا ئەمە نابێتەهۆی لاوازکردنی شەڕی دژ بە داعش؟**

- شەڕی دژ بە داعش پتر شەڕێکی سیاسییە، زیاتر لەوەی شەڕێك بێت لەسەر ئەرزی واقیع، چونکە ئەگەر تۆ لە واقیعەکە بڕوانیت و لە پرسی سەرهەڵدانی داعش وردبیتەوە، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگریت و پرسیاری ئەوە بکەیت کە کێ دەرفەتی بۆ داعش دروست کرد بۆ ئەوەی بەشێك لە سووریا و بەشێکی عێراق داگیر بکات؟ لەلایەکی دیکەوە سیاسەتێکی فیعلی نییە بۆ دژایەتیکردنی داعش. داعش بۆتە ئامرازێك لەلایەن هێزە دەرەکییە گەورەکانەوە بەکار دەهێنرێت بۆ زاڵبوون بەسەر ڕژێمەکانی ناوچەکەو ئەویش لە پێناو سەپاندنی سیاسەتێکی نوێدا. کەواتە شەڕی دژ بە تیرۆر پتر شەڕێکی سیاسییە وەك لەوەی شەڕێکی فیعلی بێت، کە بەپێی تێڕوانینی ئەو لایەنانەش دەگۆڕێت کە بانگەشەی شەڕکردن لەدژی تیرۆر دەکەن. بەو پێیەی ئەو لایەنانە هەڵناستن بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دژیان تاوەکو ئەو تیرۆرە نەگاتە خاکی وڵاتەکەیان، ئیدی لە فەرەنسا، بێت یان لە برۆکسل یاخود لە ئەڵمانیا، یان لە ئەمەریکا. واتە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێکارگەلێك دەگرنەبەر کە ئامانج لێیان پاراستنی خاکی وڵاتەکانیان بێت، نەك دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی عەرەب یاخود وڵاتانی ناوچەکە.

*** تێڕوانینتان چییە لەسەر بارگرژییەکانی ئەم دواییەی ڕووسیا و ئەمەریکا لە پێوەندی بە شەڕی سووریاوە، ئایا پێتانوایە ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە بەرەو خاوبوونەوەی گرژییەکان و هێوربوونەوەی هەلومەرجەکە بچێت، یان بارودۆخەکە بە چەشنێك پەرەدەستێنێت کە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی جەنگێکی دیکەی جیهانی؟**

- جەنگە جیهانییەکە دەستی پێکردووە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر پێمانوابێت ئەم جەنگە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو ئەم جەنگە لەسەرەتای بەهاری عەرەبییەوە دەستی پێکردووە، کە دەکرێت پێی بڵێین «soft phase» یاخود قۆناخی تەمهیدی، واتە دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا- بە چاپۆشین لەوەی چ لایەك براوە دەبێت، دیموکراتەکان، یان کۆمارییەکان-، تەرتیباتێکی نوێ لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا و چیندا دروست دەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ چیندا. زۆربەی ئەم ململانێیانە سروشتێکی سیاسی و ئابووریان هەیەو بۆی هەیە بگاتە ململانێی سەربازیش. کەواتە جەنگێکی جیهانی هەیە، بەڵام دابەش کراوە بۆ سەر چەند قۆناخێکی دیاریکراو. لە ئێستادا چین بۆتە هێزێکی پیشەسازی لە ئۆقیانووسی هێمن و دەستی کردووە بە دروستکردنی بنکەی سەربازی دەریایی، هەروەها پەرەی بە پیشەسازی مووشەك داوە، چین بۆتە دایناسۆرێك و لەگەڵ خۆئامادەکردنی ئەمەریکاش، ئەویش لە خۆئامادەکردندایە. ئەوەی پێوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا ئەم ناوچەیە گۆڕەپانی ململانێی بەرژەوەندییەکانە، هەروەها ئامانجەکە ئەوەیە کە هیچ هێزێك بە تەنیا تاکڕەوی نەکات بۆ بە باڵادەست بوون بەسەر ئەم ناوچەیەدا، لەبەر ئەوە پێموایە لەگەڵ گۆڕانی ئیدارەی ئەمەریکا لە ماوەی داهاتوودا بارودۆخەکە توندتر دەبێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە دەوڵەتانی ناوچەکە ئامانج و سیاسەتی جیاوازیان هەبێت لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی دژ بە داعش، دەبینین تورکیا تاکلایەنە دەستێوەردانی لە بارودۆخی سووریا کرد، لەلایەکی دیکەوە ئێران هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە کە هێزە گەورەکان دەیانەوێت جۆرێك لە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا و ئێراندا بکەن بۆ دروستکردنی هێزگەلێك، یان

**ئەگەر باس لە کوردستانی عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا بکەین، ئەوا دەبێت دەوڵەتی کوردستان توانای ئەوەی هەبێت سەرچاوەی ناوخۆی خۆی دەستەبەر بکات**

**کوردستانی عێراق ئەو پایانەی دەستەبەرکردووە کە بتوانێت بەهۆیانەوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لێرەدا دەبێت لەسەر ئەوە ڕابوەستین کە چ دەوڵەتێك بەرژەوەندی لەوەدا نییە کە کوردستانی سەربەخۆ لەعێراق بوونی هەبێت**

**پلانەکە بریتییە لە دابەشکردنی دەوڵەتانی ئێستا بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووک بۆ ئەوەی نەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بۆ ئەوەی ململانێ دروست بێت لە نێوانیاندا، ئیدی ململانێی ئایدیۆلۆژی بێت، یان ئابووری، یاخود ئایینی. ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هێزە دەرەکییەکان بۆ ئەوەی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بن**

جەمسەرگەلێك بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرن. سەرەتای ئەم پرۆسەیە بە هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران دەستی پێکرد، کە دواتر داڕووخانی نرخی نەوتی بەدوادا هات و کاریگەری سلبی کردەسەر وڵاتانی کەنداو. لە ئێستادا پشتیوانییەکی دەرەکی هەیە لەلایەن هەندێ لە هێزە گەورەکانەوە کە ئامانجەکەش ئەوەیە تورکیا بەسەر بەشێك لە ناوچەکەدا زاڵ بێت و ئێرانیش بەسەر بەشێکی دیکەدا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەولەوییەتی ئەم دەوڵەتانە بریتییە لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان، نەك بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەم ناوچانە.

*** ئەگەر بێینەسەر ڕۆڵی میسر لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئاشکرایە کە لە ڕووی مێژووییەوە میسر سەنگ و قورسایی خۆی هەبووەو کاریگەری بووە لەسەر ڕەوتی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بەڵام ئایا ئێستا میسر لە کوێی پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیەدایە؟ ئایا دەکرێت بڵێین میسر ئەوەندە سەرقاڵە بە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆیەوە کە ناپەرژێتەسەر ئەوەی ڕۆڵی پێویستی خۆی لە ناوچەکەدا ببینێت؟**

- لە ئێستادا میسر بە شەڕێکی سەختی ئابووری و هەروەها سیاسیشدا تێدەپەڕێت، کە لەم ساتەوەختەدا توانای پێویستی نییە بۆ ئەوەی رووبکاتە دەرەوەی سنووری خۆی، واتە سەرقاڵە بە کاروبارە ناوخۆییەکانەوە و لە ئێستادا دوچاری فشار و شڵەژانێکی ئابووری زۆر بۆتەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانێت دەستێوەردان لە ناوچەکەدا بکات. لە پێش ساڵی ٢٠١٣ دا هەوڵێك هەبوو بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە میسردا و ئەم هەوڵەش شکستی هێنا، مەسەلەکە ئەوە بوو کە سوپای میسر هێزی پێویستی هەیە بۆ بەرگریکردن، لەبەر ئەوە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێو سوپای میسر، یان وڵاتی میسردا کاریگەری و ئاکامی زیاتری دەبوو بە بەراورد بە وڵاتێکی دیکە. کەواتە لە ئێستادا میسر ڕووبەڕووی شەڕێکی ئابووری و ئابڵوقەیەکی ئابووری و ئابڵوقەی ناوچەی سینا بۆتەوەو ئامانجەکەش لێی دروستکردنی شڵەژانە لە نێو سیستمی حوکمڕانی میسردا بۆ ئەوەی نەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری هەیە لە نێوان میسر و دەوڵەتانی کەنداو، وەك سعودیە و ئیمارات، لە بواری بەرگری هاوبەشدا، کە پەیوەستە بە پڕچەککردن و ڕاهێنانەوە، واتە بەرگری هاوبەش لە حاڵەتی دروستبوونی بارگرژی ئەمنیدا.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پشێوییە چییە کە ئێستا لە ناوچەکەدا لەئارادایە؟**

- هۆکارە سەرەکییەکانی خەمساردی سیستمەکانی پێشووە لە ئاست بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ناوچەکە بە تێکڕا، واتە جیاکردنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی تایبەت بە دەوڵەتەکەو بەرژەوەندنی ناوچەکە لەلایەکی دیکەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕژێمەکانی پێشوو پشتیان بە هێزە دەرەکییەکان دەبەست بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا ئەولەوییەت لای هێزە دەرەکییەکان بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆیانە، نەك بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە. هۆکارێکی دیکە کارنەکردنە لەسەر پەرەپێدانی ناوخۆیی و پشتبەخۆبەستن، واتە یان ئابوورییەکی پشتبەستوو بە نەوت هەبووە، یاخود ئابوورییەك بووە لەلایەن ڕۆژئاواوە تەمویل کراوە. هەروەها پەروەردە و خۆئامادەکردنی پێویست نەبووە، هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی نەوەکانی دواتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و ململانێکان ئامادە نەبن. ئێستاش ئێمە لە ڕۆژگارێکداین کە شەڕەکە بریتی نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو سوپا، بەڵکو کار لەسەر تێکشکاندن و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتان دەکرێت لە ناوخۆدا.

*** ئاماژەتان بە شکستی دەوڵەتانی ناوچەکە کرد، ئایا ئەم دەوڵەتانە هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە چارەنووسیان شکست بووە، یان ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، یاخود دەکرێت بڵێین هۆکارەکە دەستێوەردانە دەرەکییەکان بووە؟**

- بەشێکی گەورەی ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، واتە لەسەر ئەو سەرکردانەی پێشتر حوکمڕانی ئەم وڵاتانەیان دەکرد، بەشێکی کەمی بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتەئەستۆی هێزە دەرەکییەکان، چونکە ئەگەر ئێمە بمانتوانیایە هاوپەیمانێتی دروست بکەین و یەکگرتوو بین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان، ئەوا ڕۆژئاواش نەیدەتوانی دەستێوەردان لە کاروبارەکانماندا بکات. کەواتە من پێموایە بەرسیارێتییە سەرەکییەکە لە ئەستۆی خۆمانە، لەبەر ئەوەی حوکمڕانەکانی پێشوو کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕژێمەکە بەردەوام بێت، نەك کار لەسەر ئەوە بکەن توانای ئەوەی هەبێت کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوەببات و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان دەستێوەردان بکەن و دووبەرەکی بنێنەوەو لە ئەنجامدا دەوڵەتی شکستخواردوو هاتەئاراوە و دەرفەتیش بۆ هێزە دەرەکییەکان دروست بوو بۆ ئەوەی دەست بەسەر سەرچاوەکانی ئەم وڵاتانەدا بگرن.

*** ئەگەر باس لە بەهاری عەرەبی بکەین،**

**بەهاری عەرەبی پەیامێکی هەق بووە، بەڵام خراپ ئیدارە کرا، چونکە گەلانی ئەو وڵاتانە گەیشتنە حاڵەتێک لە بێزاری لە ئیدارەی خراپ و لە بەهەدەردانی سامانی دەوڵەت**

**ئەگەر ئێمە بمانتوانیایە هاوپەیمانێتی دروست بکەین و یەکگرتوو بین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان، ئەوا ڕۆژئاواش نەیدەتوانی دەستێوەردان لە کاروبارەکانماندا بکات**

**ئێمە لە ڕۆژگارێکداین کە شەڕەکە بریتی نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو سوپا، بەڵکو کار لەسەر تێکشکاندن و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتان دەکرێت لە ناوخۆدا**

**ئەوا جگە لە تونس و تا رادەیەك میسر وڵاتانی بەهاری عەرەبی تەنیا نائومێدی و شڵەژان و شەڕی ناوخۆییان چنییەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو دۆخە چییە؟**

- دەتوانین بڵێین بەهاری عەرەبی پەیامێکی هەق بووە، بەڵام خراپ ئیدارە کرا، چونکە گەلانی ئەو وڵاتانە گەیشتنە حاڵەتێك لە بێزاری لە ئیدارەی خراپ و لە بەهەدەردانی سامانی دەوڵەت. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە بەهاری عەرەبی رووداوێکی رێکخراو نەبوو، بەڵکو هەڕەمەکی بوو، دواتر رووبەڕووی دەستێوەردانی دەرەکی بۆوە، هەروەها رووبەڕووی ئەو هێزانە بۆوە کە ئامانجیان پاوانکردنی گۆڕەپانە سیاسییەکە بوو، ئەویش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا نەك بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە، کەواتە دەستێوەردانی دەرەکی و دەستێوەردانە ناوخۆییەکان بوونە هۆی دروستبوونی ململانێ، نەك کارکردن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی، یان بەرژەوەندی دەوڵەت. ئەوەی پێوەندی بە تونسەوە هەبێت، ئەوا ئەم وڵاتە لە دۆخێکی باشتردایە، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی بچووکترەو هەروەها هاوسەنگییەك لە نێوان رەوتە مەدەنی و رەوتە ئایینییەکەدا هەیە. لە میسریشدا ئەگەری ئەوە هەبوو کە ململانێ رووبدات، بەڵام سوپاس بۆ خوا سوپای میسر توانای ئەوەی هەبوو کە دەستێوەردان بکات و جڵەوی کاروبارەکان بگرێتەدەست، لە ئێستاشدا ئەولەوییەت لە میسردا بۆ لایەنە ئەمنییەکەیەو بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و باشترکردنی ئابوورییە.

*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چارەسەری دۆخی ئەم ناوچەیە لە چیدا چڕدەبێتەوە؟ ئایا لە دووبارە بنیادنانەوەی سیستمی حوکمڕانیی وڵاتانی ناوچەکەدایە، یاخود لە گۆڕینی سنووری ئەم دەوڵەتان و دروستبوونی دەوڵەتی نوێدایە؟**

- لە ئێستادا پلانەکە بریتییە لە دابەشکردنی دەوڵەتانی ئێستا بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك بۆ ئەوەی نەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بۆ ئەوەی ململانێ دروست بێت لە نێوانیاندا، ئیدی ململانێی ئایدیۆلۆژی بێت، یان ئابووری، یاخود ئایینی. ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هێزە دەرەکییەکان بۆ ئەوەی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بن، کە بەم شێوەیە پێویست بە لەشکرکێشی و هێنانی سوپاش ناکات، بەڵکو پشت بە میلیشیا مەحەلییەکان دەبەستن، بۆ نموونە، لە رێی داعشەوە نەوتی سووریا و عێراق بە قاچاخ دەبردرا. لەبەر ئەوە من پێموایە چارەسەرەکە لە یەکگرتندایەو لە بنیادنانەوە و چاندنی متمانە لە تاکەکەسدایە، بەتایبەتی گەنجان، هەروەها دەبێت رێگری لە ململانێی ئایینی و تایفەگەری بکەین، چونکە هەموومان موسڵمانین و هەموومان لە یەك کەشتیداین و ئەگەر تێکبشکێت هەموومان لەناو دەچین. واتە دەبێت پەیامەکە روون بێت لەم رووەوە، دەبێت کار لەسەر نەهێشتنی ناکۆکی و بارگرژییەکان بکەین لە نێوان براکاندا.

*** هەرێمی کوردستان بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەکی رەسمی سەربەخۆیی بەدەست بێنێت و دانپێدانانی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات؟**

- کوردستانی عێراق ئەو پایانەی دەستەبەرکردووە کە بتوانێت بەهۆیانەوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لێرەدا دەبێت لەسەر ئەوە رابوەستین کە چ دەوڵەتێك بەرژەوەندی لەوەدا نییە کە کوردستانی سەربەخۆ لەعێراق بوونی هەبێت، چونکە دەوڵەتی غەیرەعەرەبی هەن کە رازی نابن بە بوونی کوردستانی سەربەخۆ لەعێراق، ئەمەش سەرەتای ناکۆکی، یان ململانێکەیە. کەواتە ئەگەر باس لە کوردستانی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا بکەین، ئەوا دەبێت دەوڵەتی کوردستان توانای ئەوەی هەبێت سەرچاوەی ناوخۆی خۆی دەستەبەر بکات، سەرچاوەی ئەمنی بێت، یان ئابووری، چونکە ئەگەر ئەم سەرچاوانە دەستەبەر نەبن، ئەوا دۆخێك دروست دەبێت کە دەبێتە سەرچاوەی ململانێ و هەڕەشەی دیکەو سەرناکێشێت بۆ سەقامگیری. گەلی کورد رووبەڕووی ستەمێکی زۆر بۆتەوەو ئێستاش دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ، یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێت بە لێتێگەیشتن بێت، هەروەها دەوڵەتانی دیکەن هەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن، بۆ نموونە لە ئێستادا دەوڵەتێکی وەك تورکیا دەستێوەردان لە سووریا و لە عێراقدا دەکات.

*** ئایا هیچ ئومێدێك هەیە بە باشتربوونی بارودۆخەکەو تێپەڕاندنی ئەم گێژاوی توندوتیژییە؟**


بە دڵنیاییەوە تروسکەی ئومێد هەیە و من ئاماژە بەو ئایەتە دەکەم کە دەڵێت {وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ} دواتر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ناوچەیەکی پڕ لە بارگرژی نییە لە جیهاندا، من پێموایە ساڵی ٢٠١٧دا ناوچەگەلێکی هەستیارتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت، بەتایبەتی لە پێوەندی بە کۆریای باکوور و ئۆقیانوسی هێمن و ناوچەکانی هاوسنوور لەگەڵ چیندا. بەڵام من جەخت لەسەر هۆکاری زاتی و پشت بە خۆبەستن دەکەمەوە بۆ ئەوەی دەرفەت دروست بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە بری دروستکردنی ململانێی ئایینی یان رەگەزی.

**رژێمەکانی پێشوو پشتیان بە هێزە دەرەکییەکان دەبەست بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا ئەولەوییەت لای هێزە دەرەکییەکان بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆیانە، نەک بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە**

**هێزە گەورەکان دەیانەوێت جۆرێک لە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا و ئێراندا بکەن بۆ دروستکردنی هێزگەلێک، یان جەمسەرگەلێک بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرن**

**جەنگێکی جیهانی هەیە، بەڵام دابەش کراوە بۆ سەر چەند قۆناخێکی دیاریکراو. لە ئێستادا چین بۆتە هێزێکی پیشەسازی لە ئۆقیانووسی هێمن و دەستی کردووە بە دروستکردنی بنکەی سەربازی دەریایی، هەروەها پەرەی بە پیشەسازی مووشەک داوە**

# سەربەخۆیی



سنەوبەر سابیر*

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەربەخۆیی ئامانجێکی لەمێژینەی کوردو خواستێکی بنەڕەتی و خەونێکی گەورەی هەموو تاکێکی کوردو کوردستانی بووەو کوردیش هەمیشە وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە ویستی گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی ئامانجی بووەو ویستوویەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئازادو سەربەخۆدا بژی و خاوەن کیانێکی ئیداری و سیاسی و ئابووریی سەربەخۆ بێت، چونکە هەموو نەتەوەیەك بەبێ جیاوازی لە (ئایین، زمان، رە نگ، کەلتوور، جوگرافیا و میژوو) مافی خۆیەتی خاوەن دەوڵەت بێت، بەتایبەتی ئێمەی کورد کە لکاندنی خاکمان بە خاکی داگیرکەرانەوە، بە زۆرەملێ و بە بێ خواستی خۆمان بووە، واتە بەپێی چەندین رێککەوتننامەو معاهداتی نێودەوڵەتی خاکمان بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کراوە، کە خواستی خۆمانی تێدا نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی بەرژەوەندیی چەند وڵاتێکی زلهێز و بەدەسەڵات لە ناوچەکەو بە ئاگاداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم پێشێلکارییە بەرامبەر میللەتەکەمان کراوە، کە لە ئەنجامدا خاکی کوردستان پارچە پارچە کراو هەر پارچەیەکی لکێندرا بە وڵاتێکەوە مێژوو، جوگرافیا، زمان و کەلتوورمان جیاواز بوو، ئەمانەش بە درێژایی مێژوو وایکردووە کوردو کوردستانییان وەك هاووڵاتییەکی پلە دوو تەماشا بکرێن و چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافی بە هاووڵاتی بوون و قڕکردن و کوشتنی بە کۆمەڵ و کیمیاباران و تەرحیل و ئاوارە بوون و هەژاری و دەربەدەری و ماڵوێرانی هەمیشە بەشی کورد بووەو نەشیاوترین رەفتاری نامرۆڤانەیان بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام داوە، کە هیچ ئایین و عورف و یاسایەك نییە ئەو مافە بە کەس بدات کە بتوانێت بەو شێوەیە دژ بە مرۆڤایەتییە بەرامبەر میللەتەکەمان رەفتارە بکات.

لەوەتی خاکی کورد داگیر کراوە، هەمیشە رووبەڕووی قەیرانی پێناسی نەتەوە بووەتەوەو رووبارێکیش خوێنی بەخشیوە لەپێناو رزگاری و هێنانەدی مافە سەرەتاییەکانی. هەرچەندە نەبوونی تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵویستی خاڵی لاوازی ئێمەی کورد بووە کە دوژمنانمان بە درێژایی مێژوو بە باشترین شێواز سوودیان لێ بینیوەو هەر لەو دەرگایەوە هەمیشە تووشی ماڵوێرانی و بەدبەختی کراوین، هاوکات نەبوونی پاڵپشتی بەهێز و و دەسەڵاتێکی هاوسەنگ کە درك بە مافەکانمان بکات و هاوکارمان بێت لە بەدیهێنانی خواستەکانمان خاڵێکی دیکەی گرنگە کە هەمیشە دوژمنانی کورد سوودیان لێ بینیوە، چونکە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی پێویستمان بە پاڵپشتیی هێزێکی جیهانی بووە کە هاوکارمان بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە مەزنە کە خۆی لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە،



بەڵام بە درێژایی مێژوو وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمریكا، ئەڵمانیا، بریتانیا، فەرەنسا و رووسیا و زۆر وڵاتی دیكە بەداخەوە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان ئاوڕیان لە مافەكانی ئێمەی كورد نەداوەتەوەو هەمیشە بە ستراتیژیی پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان لە پەیماننامەو معاهداتی نێودەوڵەتی و ناوچەكە هاوكێشەكانیان راگرتووەو بڕیارەكانیان لەو چوارچێوەیە بووە، هەر بۆیە زۆربەی شۆڕش و راپەڕینەكانی گەلی كورد دژایەتی كراوەو لە بەین براوەو دەرئەنجامی نەبووە. ئەمانە لە رابردوودا ئاستەنگی گەورەیان بۆ كورد دروست دەكرد، بەڵام ئێستاو لە دوای سەدساڵ لە رێككەوتننامەی سایكس پیكۆ (مارك سایكس و جۆرج پیكۆ) و شكستی ئەو دابەشكردنەی ناوچەكە و خاكی كوردان، دەكرێ كورد جارێكی دیكە بە هێزوتینێكی دیكەوە بێتەوە نێو شانۆی سیاسیی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە ئیستا دیارە لە ناوچەكەو كورد بەوە ناسراون كە خاوەن سیاسەتێكی موعتەدیل و دۆستی نزیكی ئەمریكا و رۆژئاوایەو لە جەنگی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش كورد توانی سۆز و هەستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی رابكێشێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە هەڵكەوتەی جوگرافیای كوردستان و دەوڵەمەندبوونی بە سامانی سروشتی و هاوسەنگی و پێگەی كورد لە ناوچەكە، رەنگە ئەمانە بە یەكەوە هەموو ببنە هۆكاری باش بۆ زیادكردنی پاڵپشتی بۆ كورد، هەر بۆیە پێویست دەكات سەركردایەتی سیاسیی كورد و گشت لایەنە سیاسییەكان رۆڵی گرنگیان هەبێت بۆ دروستكردنی یەكهەڵویستی و یەكڕیزیی كوردو بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوە خاوەن یەك گوتاری سیاسی بن، چونكە بە لەدەستدانی ئەم دەرفەت و سۆزە نێودەوڵەتییە بۆ كورد، جارێكی دیكە بە ئاسانی زەمینەیەكی هاوشێوەو لەبار بۆ كوردو كوردستانیان (بە جیاوازی هزر و بۆچوون و ئایدیا و ئایینەوە) نارەخسێت.

بێگومان هەموو هەوڵ و خەباتی سەرۆك بارزانی لەپێناوی پاراستن و پارسەنگی كورد لە ناوچەكە بووەو بە سیاسەتی حەكیمانەو بە دیپلۆماسیەتێكی سەركەوتوو (سەرەڕای هەموو ئاستەنگەكان) توانی گەورە پیاوانی سیاسەتی جیهان بێنێتە هەولێری پایتەخت و كوردستان بكاتە هەرێمێكی دیار لە ناوچەكە، بۆیە ئەركی نیشتمانیی هەموومانە لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەییمان ببین بە پاڵپشتی بەهێز بۆ هەوڵ و كۆششی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە خۆی لە سەربەخۆیی كوردستاندا دەبینێتەوە.

**ئەركی نیشتمانیی هەموومانە لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەییمان ببین بە پاڵپشتی بەهێز بۆ هەوڵ و كۆششی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە خۆی لە سەربەخۆیی كوردستاندا دەبینێتەوە**

---

***ئەندامی دەستەی رێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان**